ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# پەڕینەوە لە قەیران

## کارنامەی چوارساڵەی حکومەت



2018

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Centre

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# پێڕست


دەروازە 5

دۆسیێی یەکەم: سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان
محەممەد کەریمخان 11

دۆسیێی دووەم: ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەمدا
پەرویز ڕەحیم قادر 47

دۆسیێی سێیەم: بیرۆکراسی و دزگاسازیلە حکومەتی هەرێمی کوردستان
د. هیوا مەجید خەلیل 97

دۆسیێی چوارەم: جیۆسیاسەتی پەیوەندییەکان
مامەند رۆژە 121

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# پەڕینەوە لە قەیران

## کارنامەی چوارساڵەی حکومەت

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

2018

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# دەروازە

کابینـەی هەشـتەمی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـە بـە کابینـەی بنکـە فراوانـی پێنـج حزبـی بەناوکـرا، یـەک لـە ئاڵۆزتریـن کابینەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـووە. ئـەم کابینەیـە هـەم لەنـاوەوە و هـەم لـەدەرەوە رووبـەرووی گەلێـک قەیـران بـووەوە. هـەر لـە سـەرەتاوە هەسـت بـەوە دەکرا ئـەم کابینەیـە رووبـەرووی گەلێـک گرفـت دەبێتـەوە. جـارێ خـودی کابینەکـە کـەوا لـە پێنـج حزبـی سـەرەکی بـراوەی هەڵبژاردنـەکان پێکهاتـوو، هـەر بـە ئاسـتەمی کەوتـە سـەرپێ. هێشـتا سـاڵێک لـە تەمەنـی خـۆی پڕنەکـردەوە، رووبـەرووی چەنـد قەیرانێکـی سـەخت بـووەوە کـەوا هەندێکیـان سـەرچاوەی دەرکییـان هەبـوو و هەندێکیشـیان سـەرچاوەی ناوەکـی.

ئـەم کابینەیـە بـە کابینـەی قەیرانـە گـەورەکان دەناسرێـت. لـە 2014 بـەدوا بەهـۆی سیاسـەتی ئابـووری و سیاسـەتی وزەوە بەغـدا، بوودجـەی هەرێمـی کوردسـتانی بـڕی. بەمەش کوردسـتان لەگـەڵ قەیرانێکـی دارایـی قورسـدا رووبەڕووبـووەوە. هێشـتا قەیرانـی دارایـی لـە لووتکـەی خۆیـدا بـوو کـە تووشـی قەیرانـی گـەورەی ئاسایشـیش بـووەوە. داعـش بەدرێژایی سـنوورێکی 800 کـم هێرشـی کـردە سـەر هەرێمـی کوردسـتان. کابینەکـە ناچـار بـوو خـۆی لەگـەڵ باروودۆخـی جەنگـدا بگونجێنێـت. دوابـەدای ئەمـەش لێشـاوی دوو ملیـۆن ئـاوارە بەسـەر ئـەم هەرێمـەدا دارژا کـەوا بەقـەد سـێیەکی دانیشـتوانی هەرێمەکە پێشـوازی لـە ئـاوارەکان کـرد. کوردسـتان لـە گەرمـەی جەنگـی داعشـدا بـوو کـەوا رووبـەرووی قەیرانـی سیاسـی ناوخۆییـش بـووەوە. ئەمجا قەیرانـی پەرلەمانیشـی بەسـەردا هـات.

لەگـەڵ ئـەوەی چەندیـن قەیرانـی ئەمنـی، سـەربازی، دارایـی و سیاسـی رووبـەرووی هەرێمـی کوردسـتان بـووەوە، لـە 2017

گشتپرسییەکی مێژووییشی ئەنجامدا. ئەم پرۆژەیە دەرگای قەیرانێکی ئەمنی - سیاسی گەورەتری بەروویدا کردەوە. هەرێمی کوردستان لە تەمەنی 27 ساڵەی خۆیدا بۆ یەکەمجار رووبەرووی گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی گەورە بووەوە کە تارادەیەک پەسەندی سەرووناوچەیی و بێدەنگی جیهانیشی لەگەڵ بوو. لە سێلاوە کوردستان گەمارۆدرا. هێزی سەربازی سێ وڵات لەسەر سنوورەکانی کوردستان دەستیان بە نمایشی سەربازی و مانۆڕی پەیتا - پەیتا کرد. هەندێکیان سنوورەکانیان داخست. عیراق فڕۆکەخانەکانی هەرێمی داخست. ئێران دەرواز سنوورییەکانی داخست. تورکیا هێزەکانی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان گواستەوە. جەنگێکی دەروونی بێ ئامان بۆ داڕماندنی ئیرادەی کوردستانییان دەستپێکرد. سەرەنجام هێرشی گەورەی 16 ئۆکتۆبەر روویدا کەوا ناوچە کوردستانییەکانی لە ئامێزی هەرێمی کوردستان دابڕی.

لەدوای ئەم دۆخەوە، ئۆپۆزیسیۆن لە کابینە کشایەوە. هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی رەوایی ئیدارەش بوو. لەگەڵ ئەمەش هەرێمی کوردستان دۆخی بێ ئیدارەیی بەسەردا نەهات و رووبەرووی بۆشایی کارگێڕی نەبووەوە. حکومەت بە سەبر و ئیرادەوە، یەکە بە یەکە دەستوپەنجەی لەگەڵ هەموو قەیرانەکاندا نەرمکرد. سەرباری هەموو قەیرانەکانیش، کابینە لەسەر ئاستی ناوچەیی و سەرووناوچەیی پەیوەندییە دەرەکییەکانی تێکچووبوو. بەمەش لەگەڵ بێدەنگی یاران و گەمارۆی سەختی نەیاراندا بەرورووبووەوە. لەکاتێکدا هەم لە ناوەوە و هەم لەدەرەوە باسی نەهێشتنی یەکجارەکی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکرا، لەکاتێکدا دەستبەجێ لەدوای رووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر، زنجیرەیەک نارەزایەتی توند بەشێکی بەرین لە هەرێمی کوردستانی گرتەوە کەوا تێیدا دەیان کەس لە هێزە ئەمنییەکانی و هاوڵاتییان بوونە قوربانی، کارگێڕی بەردەوام کاری خۆی کرد و خۆی لە بەرپرسیارێتی نەدزییەوە. ئەگەر بهاتایە و کارگێڕی پاشەکشێی بکردایە، دەستی لەکار بکێشایەتەوە، ئەگەری داڕمانی یەکجارەکی کیانی هەرێمەکەش لەئارادابوو. لەگەڵ

ئەمــە ئیــدارەی هەرێمــی کوردســتان توانــی یــەک بــە یەکــی قەیرانــەکان دەربازبــکات.

ئەگــەر ئەمــڕۆ هاوڵاتییــان بــە ئاســوودەیی داوای رەفــا، ئاسـایش، دیموکراســی زیاتــر و گەشەســەندن دەکــەن، ئەگــەر ئەمــڕۆ هێــزە سیاســییەکان خۆیــان بــۆ هەڵبژاردنــە پەرلەمانییــەکان ئامادەدەکــەن، ئەگــەر ئەمــڕۆ هەرێمــی کوردســتان توانیویەتــی قەیرانــی ئەمنــی داعش و حەشــدی شــەعبی لەکۆڵبکاتــەوە، ئەگەر توانیویەتــی بەشــێوەی رێژەیــی قەیرانــی دارایــی دەربازبــکات، ئەگــەر توانیویەتــی قەیرانــی سیاســی ناوخۆیــی بەشــێوەی رێژەیــی تێپەڕێنــێ، ئــەوە بەشــێک لــە هونــەری ئــەم دۆخــە بــۆ کارگێــڕی هەرێمــی کوردســتان دەگەڕێتــەوە. ئەنجامــی ئەمــەش دۆخێکــە کــە دەتوانیــن پێــی بێژێــن پەڕینــەوە لــە قەیــران.

***

ئــەم کتێبــە لێکۆڵینەوەیەکــی زانســتییە کــەوا بــە میتــۆدی خەسارناســی لــە کارنامــەی چــوار ســاڵەی کابینــەی هەشــتەمی هەرێمــی کوردســتانی کۆڵیوەتــەوە. لــە لێکۆڵینەوەکانــدا چەنــد پســپۆڕێکی ئەکادیمــی لەگــەڵ توێژەرانــی نانوەنــدی لێکۆڵینــەوەی رووداودا بەشــداری کارەکەیــان کــردووە. هەروەهــا کاتێــک بــاس لــە کارنامــە دەکــرێ مەبەســت ئــەوە نییــە لــە کاروبــاری هەمــوو وەزارەت و دەزگاکان بکۆڵرێتــەوە، بەڵکــوو چــوار دۆســێی ســەرەکی تاوتوێدەکــرێ کــەوا کاریگــەری یەکلاکەرەوەیــان لەســەر چارەنووســی ســتراتیژی هەرێمــی کوردســتان هەیــە. ئــەم چــوار دۆســێیە بریتیــن لــە: دۆســێی ئاسـایش، دۆسـێی ئابــووری، دۆسـێی دەزگاســازی و بیرۆکراسـیەت و دۆسـێی پەیوەندییــە دەرەکییەکان.

لــە دۆســێی ئاسایشــدا بەدیدێکــی پاتۆلــۆژی بــاس لــە گرفتــە ســاختارییەکانی ئاســایش لــە هەرێمــی کوردســتان دەکرێــت. هەروەهــا لــە دۆســێی ئابووریــدا بەدیــدی پاتۆلــۆژی دۆخــی گەشەســەندنی ئابــووری کوردســتان بەپێــی سیاســەتی ئابــووری و ئابــووری سیاســیش تاوتوێدەکرێــت. لــە دۆســێی دەزگاســازی و بیرۆکراسیەتیشــدا پەنجەدەخرێتەســەر کۆســپە گەورەکانــی بەردەم بەڕێوەبــەری لــە هەرێمــی کوردســتان. لــە کۆتاییشــدا دۆســێی پەیوەندییــە دەرەکییــەکان تاوتوێدەکــرێ کــەوا بــۆ یەکەیەکــی

نادەوڵەتـی، کـە دەکرێ بـە یەکـەی نیوەدەوڵەتیـش لەقەڵەمبدرێ، لـە گرنگتریـن دۆسـییەکانە. لـە توێژینەوەکانـدا سـوود لـە میتـۆدی زانسـتی وەردەگیـرێ و چەقـی کارەکـەش دیـدی خەسارناسـییە نـەوەک زەقکردنـەوە و پێداهەڵگوتـن. سـەرباری ئەمـەش ئەمـڕۆ هەرێمـی کوردسـتان خەریکـە لـە قەیرانـەکان دەپەڕێتـەوە کـە ئەمـەش بـە سـەرکەوتن ئەژماردەکرێـت.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

دۆسیێی یەکەم

# سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان

محەممەد کەریمخان |

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان

محەممەد کەریمخان |

**پوختە**

بەچاولێکردن بە هەوراز و نشێوی ئابووری کوردستان و ئەو دۆخە سیاسییەی کە کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، دەبینین کە ئابووری سیاسی و سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان پوخت و سەرەڕێ نییە و نەگەیشتۆتە قۆناغی پەرەسەندنی ئابووری و ستراتیژی دریژخایەن. ئەو پێشکەوتنەی کە هەیبووە زیاتر ڕەنگوڕووی گەشەی ئابوری هەبووە نەک پەرەسەندنی ئابووری. سەرەڕای دۆخە سیاسیەکەی، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی خەساربار بوونی ئابووری کوردستان کزی زانستی سیاسەتدانان و نەبوونی تیۆری گونجاو بێت. بۆیە لەم نووسینەدا هەوڵدراوە سیاسەتی ئابووری کوردستان بە مەبەستی پەرەسەندنی ئابووری لە چوارچێوەی تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ (کە تیۆرییەکی نوێیە، لە گەڵ دۆخەکە وێکدێتەوە و خۆماڵی دەکرێت) خەسارناسی بکرێت و بە چاوێکی گشتی سەیری ڕەوتی سیاسەتی ئابووری کوردستان بکرێت و کار و چالاکییەکانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک نموونەی ئەو خەسارناسیە تەتەڵە و شیبکرێتەوە

مەبەستیش ئەوەیە بتوانرێ بەم خەسارناسییە (پاتۆلۆژی) ڕێکاری باش بۆ ڕستنەوەی سیاسەتی ئابووری لە داهاتوودا بکرێت. ئەم نووسینە لە هەوڵی ئەوەدایە کە وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە سەرەکییە پەیدابکات: هۆیە بنەڕەتییەکانی

کـزی سیاسـەتگوزاری ئابـووری لـە هەرێمـی کوردسـتان چیـن؟ وەڵامـی گریمانەیـی ئەوەیـە کـە ڕەنگـە بەشـێک لـە هۆکارەکانـی لەرزۆکـی ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان، لاوازی سیاسـەت گوزاری و نەناسـینی دۆخـی تایبەتـی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و تاکرەهەنـدی بێـت.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

**وشە سەرەکییەکان**
**سیاسەت،گوزاری، دامەزراوەگەرایی نوێ، سیاسەتی ئابووری، خەسارناسی، حکومەتی کوردستان.**

## پێشەکی

سیاسەتگوزاری ئەو ئامرازە گرنگەیە کە وەک سوکانی گەیشتن بە ئامانجەکان بەدەر لە زانستی پسپۆڕی و تایبەتی ئابووری بە گشتبینی و لێزانی لە زانستە پەیوەندارەکانی تر کارێک بەڕێوەدەبات. یەکێک لە هەڵە باوەکانی وڵاتانی پەرەنەسەندوو ئەوەیە کە بە دیدگایەکی تەواو پسپۆڕگەرایی و درێژ و تەسکبین و بەبێ سەرنجدانی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان کاری بەڕێوەبردن ئەنجامدەدەن. ئەگەر سەرنجی وڵاتانی هاوشێوەی خۆمان بدەین، دەبینین کە یەکێک لە هۆیەکانی نەگەیشتن بە ئامانج، نەبوونی سیاسەت¬گوزاری بووە؛ چونکە کاری بەڕێوەبردن بە ئەندازیاران ئەسپێردراوە. ئەوەی لێرەدا جێی گرنگیپێدانە خەسارناسی سیاسەتی ئابووریە وڵاتە و ئەگەر بمانەوێ بە یەک ڕستە باسی خەسارناسی دۆخی ئابووری وڵات بکەین دەبێ بڵێین: نەبوونی سیاسەتگوزاری هەمەلایەنە و ڕەچاونەکردنی دۆخی سیاسی، ئابووری، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕۆیشتن بەرەو ئامانجەکان تووشی لەرینەوە کردووە.

بۆ ئەوەی بتوانین لە بناواندا سیاسەتی ئابووری هەڵبەستینەوە، ڕەنگە وا باشتر بێ کە جگە لە ناسینی هەمو

گۆشەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی ئابووری، کاری خەسارناسی سیاسەتەکانی پێشوو وەک کارێکی ئەزموونکراو بکەین. کزبوونی سیاسەتگوزاری و بایەخدان بە هاوکێشە ئابوورییەکان بە تەنیا وایکردوە ئەم نووسینە بۆلای هۆیەکانی کزی سیاسەتگوزاری گشتی وەک یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی لاوازی ئابووری (کە ژێرخانی راستەبوونەوەیەتی) بچێت. لەم بارەیەوە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هۆی بناغەیی کزبوونی سیاسەتگوزاری ئابووری لە هەرێمی کوردستان چییە؟ لە وەڵامدا وێدەچی هۆکارەکانی لەرزۆکی ئابووری هەرێمی کوردستان لاوازی سیاسەت¬گوزاری و نەناسینی دۆخی تایبەتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بێت. بەو پێیەی کە سیاسەت¬گوزاری، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەت و کاری جێبەجێکارییەوە هەیە و داڕشتنی سیاسەتی ئابووری خۆی دامەزراوەی تایبەتی سیاسی و سیاسەتی گەرەکە، بۆیە لەم نووسینەدا سوود لە چوارچێوەی تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ وەردەگرین کە جگە لە ڕەهەندی ئابووری، سەرنجی لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش دەدات.

ئەم وتارە لە چەند بەشێک پێکهاتووە بە جۆرێک کە بەشی یەکەمی بریتییە لە تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ کە لە گەڵ دۆخی کوردستان گونجاوە و هەوڵدەدرێ دۆخی ئابووری هەرێم بەپێی ئەم تیۆرییە شیبکرێتەوە. بەشی دووەم، باسی سیاسەتگوزاری ئابووری دەکات و وەک بناغەیەک بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئابووری لە داهاتوودا پاتۆلۆژی سیاسەتەکانی پێشووی پێدەکرێت. میتۆدی شیاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم بابەتە بەپێی کاتوشوێن، میتۆدی ڕاڤەکردنی چۆنییە و سوود لە هەندێ داتای چەندیش وەردەگیرێت.

## چوارچێوەی تیۆری

ئابووری دامەزراوەگەرا [1] جۆرێکە لە تەتەڵەو شیکاری ئابووری کە ڕۆڵی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ڕاڤەدەکات. قوتابخانەی دامەزراوەگەرایی لە کۆتایی سەدەی نوزدەیەمدا بۆ ڕەخنەگرتن لە لێکەوتەی نەریتی ئابووری نیۆکلاسیک لە ئەمریکا سەریهەڵداوە. ئەم قوتابخانەیە سەرنجی تایبەتی بۆ ژێرخانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا هەبووە و وەک پایەی سەرەکی ئابووری گەشەسەندوو هاتووەتەمەیدان. لەناو قوتابخانەی دامەزراوەگەرایی نوێدا دو شت گرنگن؛ یەکەمیان ئەوەیە کە دامەزراوەکان بە بەشی ناوکی و سەرەکی تیۆری سیاسی هەژماردەکرێن. دووەمیش دەبێ دامەزراوەکان وەک ڕێکخەری سیاسەتەکان تەماشابکرێن.

ئەم تیۆرییە بەردەوام لە گەشەکردندایە، بەشێوەیەک کە ئێستا گەیشتووەتە تیۆری دامەزراوەگەرایی نوێ. یەکێک لە خوێندنەوەکانی دیاردە سیاسییەکان و بوارەکانی حوکمداری، سوودوەرگرتن لە گۆشەیەکی تیۆری دامەزراوەگەرایی واتە ئەویش شێوازی یاسایی و فەرمییەتی. لێکۆڵینەوەی یاسایی – فەرمی، خوێندنەوەی یاسای گشتییە و لە ئەنجامدا چەمکی فەرمی لێدەکەوێتەوە و ئەوی تر خوێندنەوەی دامەزراوەکانی حکومەت دەگرێتەوە و دەرکەوتەکەی چەمکی فەرمین و ئەم دوانە پێکەوە خوێندنەوەی یاسای سەرەکی پێکدەهێنن کەوا پەیوەندییان بە دامەزراوەی فەرمی حکومەتەوە هەیە.

لەم تیۆرییەدا یەکێک لە شێوازەکانی خوێندنەوە، شێوازی بەراوردکاری مێژوویە. دەتوانین دامەزراوەکانی خۆمان تەنیا لەڕێگای بەراوردکاری لە گەڵ دامەزراوەی وڵاتانی هاوشێوە و دامەزراوە هاوشێوەکانیان هەڵسەنگێنین. لەم بارەیەوە هێرمەن فاینەر وڵاتان لە گەڵ یەکتر بەراوردناکات بەڵکوو دامەزراوەکانیان لە گەڵ یەکتر بەراورددەکات. هەروەها جگە لەوەی شێوازە یاساییەکانیان بەراورددەکات لایەنی جیبەجێکاریشیان لەگەڵ یەک بەراورددەکات. تیۆری

1 Institutional economics

دامەزراوەگەرایی[2] گـۆڕاوی هـۆکار و ئەنجامـی دامـەزراوەی سیاسـی دەخاتـەڕوو و بـاوەڕی بـە نۆڕمـە سیاسـییەکانی لیبـڕاڵ – دیموکراسـی هەیـە. هەوادارانـی ئـەم تیۆرییـە، ڕێسـا و ڕێچکـەی یاسـایی وەک گـۆڕاوی سـەرەکی دەبینـن و کارکـرد و چارەنووسـی دیموکراسـیەکانیش وەک گـۆڕاوی لاوەکـی دادەنێـن. هەروەهـا بـە بۆچوونـی ئـەوان، سـاختار و چوارچێـوەکان ڕەفتـار دەنەخشـێنن. (مـارش و اسـتوکر، 1388: 89-87)

خوێندنـەوەی دامـەزراوەی سیاسـی، تایبەتمەنـدی ڕیالیسـتی خـۆی هەیـە و دواتـر دێتـەوە سـەر شـیکاری نۆڕمـە سیاسـییەکان. مایـکل ئۆکشـات لـەم بارەیـەوە پێیوایـە دامـەزراوەی سیاسـی بـاس لـە چۆنێتـی پێهکاتنـی پەیوەنـدی سیاسـی دەکات (مـارش و اسـتوکر، 1388: 90). ئـەم تیۆرییـە لـە چوارچێـوە، ڕێسـا و دامـەزراوەکان وردەبێتـەوە. میتۆدەکانـی بریتییـن لە: شـیکاری – دامەزراوەیـی، یاسـایی – فەرمـی و بـەراوردکاری – مێژوویـی. ئـەم تیۆرییـە سـوود لـە تەکنیکـی مێژوونـاس و مافناسـان وەردەگـرێ و دەیـەوێ پەیوەنـدی نێـوان سـاختار (بنتـار) و دیموکراسـی و ئـەو ڕێگایانـەی کـە چوارچێـوە، ڕێسـا و دامـەزراوەی فەرمـی کـە لـە سـنووردارکردنی ڕەفتـاری سیاسـیدا سـەردەکەون یـان دەشـکێن، ڕوونبکاتـەوە. پەیوەنـدی ئـەم تیۆرییـە بـە سیاسـەتگوزارییەوە لەوەدایـە کـە خـاوەن تیۆریەکـی وەک ئەکشـتاین، تیـۆری دەزگاگەرایـی وەک زانسـتی دەوڵـەت لـە قەڵەمـدەدا کـە نابـێ لەگـەڵ زانسـتی سیاسـی بـە هەڵـە وەربگیرێـت. هەرچەنـدە بـەو واتایـە نییـە کـە ئەمانـە دو زانسـتی لێـک جیـا بـن بەڵکـوو زانسـتی دەوڵـەت پایـەی زانسـتی سیاسـییە (مـارش و اسـتوکر، 1388: 106-100).

دەزگاگەرایـان دیدیـان بـۆ پەرەسـەندن رواڵەتمەنـدە و پشـتیان بـە شـیکاری ئابـووری بەسـتووە و لـە هەمـان کاتدا هـۆکاری فرەتر لـە ئابـووری دەبینـن (رمچانـی بـاصری و میرفـردی، 1393: 121-138). دامـەزراوەکان ڕیشـەیان لەنـاو فەرهەنـگ و مێژوودایـە و دامەزراوەگەرایانـی مێژووگـەرا درێـژە و بەردەوامـی مێژوویـان لـە حکومـەت و سیاسـەتدا کۆڵیوەتـەوە (پاتنـام، 1380). لـە سـاڵانی

2 Institutionalism approach

دواییـدا دامەزراوەگەرایـی کەوتـە بـەر سـەرنج و هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ بابەتـی سـەرمایەی کۆمەڵایەتـی کـە کاریگـەری لـە سـەر گەشـەی ئابـووری هەبـووە (نـک و کیفـر، 1997). لـەم بـوارەدا دامـەزراوەی وەک بانکـی نێودەوڵەتـی گرنگـی داوەتە ئەم تیۆرییـە (جیمسـۆن، 2000). ئـەم بیرۆکەیـە ئەمریکییـە و ئـەوان سـەرەتا بیرۆکـەی ئابـووری لەگـەڵ هـزری دامەزراوەگەرایـان پێکەوەدەبەسـتنەوە (دادگـر، 1383). دامەزراوەگەرایـی نـوێ بایـەخ بـە جێبەجێکـردن و پراتیـک و لایەنـی کردەیـی لـە شـیکاری ئابـووری دەدات و لەگـەڵ قوتابخانـەی نیۆکلاسـیکدا باشـتر دەگونجێـت. ئـەم قوتابخانەیـە بازاڕیـش بـە جۆرێـک دامـەزراوە دادەنێـت کـە دامەزراوەگەلـی لاوەکـی لێدەبنـەوە لەگـەڵ کۆمەڵـە دامەزراوەیەکـی وەک فەرهەنـگ، دەوڵـەت، ڕێسـاکان و ئایدۆلوجیـا لـە پەیوەندیدایـە. ئابـووری دامەزراوەیـی تیـۆری گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتییـە. لـە دیـدی دامەزراوەگەرایانـدا هـۆکاری پەرەنەسـەندنی وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم ئەوەیـە کـە بەڕێوەبەریـی ئـەم وڵاتانـە زۆرتـر خەریکـی دابەشـینی داهاتـن نـەک بەرهەمهێنانـی زۆرتـری داهـات (رمچانـی بـاصری، میرفردی، 1393).

## دامەزراوەگەرایی گۆنار میرداڵ

میـرداڵ دیـدگای دامەزراوەگەرایـی بـە پایـەی خوێندنەوەکانـی پەرەسـەندنی ئابـووری دەزانـێ و خواسـتی مرۆیـی و دامەزراوەیی بـە گـۆڕاوی سـەرەکی بـۆ بزاوتـی کۆمەڵایەتـی دادەنێـت. بـەم پێیـە یـەک هـۆکار بـە تەنیـا بـەس نییـە بـۆ دواکەوتـن و شکسـتی ئابـووری وڵاتێـک. ئـەو پێیوایـە کۆمەڵـە هۆکارێـک کاریگەرییـان لەسـەر پەرەسـەندنی ئابـووری هەیـە کـە بریتییـن لـە بەرهـەم هێنـان، ئاسـتی ژیـان، جـۆری تێگەیشـتن لـە کار و ژیـان، دامـەزراوەکان و سیاسـەتەکان. (میـرداڵ، 1968) لـە دیـدی وێبلـن زانسـتی ئابـوری شـتێک نیـە جگـە لـە لایەنـە مـادی و فەرهەنگیەکانـی مرۆیـی؛ وێبلـن بـە ودم وەرگرتـن لـە: داروینیزمی کۆمەڵایەتـی کـە دیدگایەکـی فرەڕەهەنـدی بـە زانسـتی ئابـووری بەخشـیوە و بە خەڵکناسـی و کۆمەڵناسـییەوەی بەسـتووەتەوە. لە

سەربنەمای ئەم میتۆدە، تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ پێداویستیەکانی خۆیان دامەزراوە پێکدەهێنن کە بە تێپەڕینی کات دەبێتە بەشێک لە ڕەفتاری خۆیان (تفچلی، 1375). دامەزراوەگەرایانی نوێ خوازیاری دەستتێوەردانی زۆرتری دەوڵەتن بۆ داڕشتن و پشتیوانیکردن لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری (هیکو، 1999).

## ڕوانینی دامەزراوەگەرایی بۆ گەشەسەندنی ئابووری

لە دیدگای دامەزراوەگەرادا، گەشەسەندن بە گەیشتن و کامڵبوونی وردە - وردەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و بازرگانی دروستدەبێت (نورپ، 1377). بۆیە ڕێژەی گەشەسەندنی وڵاتان پەیوەندی بە ئاستی ڕیسک و مەترسیە بازرگانییەکان لەلایەن دامەزراوەکانەوە هەیە. دامەزراوەکان دەبنە هۆی کەمبوونی تێچووی زانیاری، هاندەری دروستبوون و بزاوتی ئازادانەی سەرمایە، ڕێگەپێدانی بەنرخ بوونی ڕیسکەکان و ئاسانکاری بۆ بەشداربوون. بەربڵاوی ئەم دامەزراوانە، خۆی دەبێتەهۆی بەرین بوونی پەرەسەندنی پیشەسازی و چالاکی ئابووری. دەزگاکانی چالاک لە وڵاتانی گەشەسەندوودا زۆرتر تایبەتین نەک ڕکەبەری و زۆرتر هەل و دەرفەتەکان سنووردارەدەکەن. ئەمەش دامەزراوەی ناکارای ئابووری لێدەکەوێتەوە (رمچانی باصری، میرفردی، 1393). بەگشتی قوتابخانەی دامەزراوەگەرایی لە هەوڵی ئەوەدایە توانای جێبەجێکردنی هەبێت. بەو پێیەی کە دامەزراوەگەرایی نوێی ئابووری باس لەوە دەکات کە بۆ سیاسەتداڕشتنی ئابووری وڵاتێک پێویست ناکات سیاسەتی وڵاتان لە سەر یەکتر کۆپی بکرێت و لاسایی تەواو بکرێتەوە بەڵکوو هەر وڵاتێک دەبێ بە گوێرەی دۆخ و مەرجی خۆی و بەپێی پۆتانسیەڵ و کەرەستە تایبەتییەکانی سیاسەتگوزاری بۆ بکرێت؛ بۆیە دەتوانین بڵێین بۆ شیکاری ئابووری کوردستان کە دۆخێکی تایبەتی هەیە لە ئێستادا دەتوانین سوود لەم تیۆرییە وەربگرین.

## پێناسەی دامەزراوە

بۆ تێگەیشتن و ڕوونبوونی ئەو چەمکانەی لەسەریان دەنووسین، پێویستە چەمکی سەرەکی پێناسەبکرێت. لێرەدا چەمکی سەرەکی دامەزراوەیە. لەم نووسینەدا دامەزراوە لەزاری خاوەن تیۆرییەکانی ئەم بوارەدا باسدەکرێت. لین و ناجنێت دەڵێن: دەزگا بریتییە لە کۆمەڵە ریسایەکی ڕەفتاری دروستبوو لەلایەن مرۆڤەوە بە مەبەستی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دانوستانی نێوان مرۆڤەکان (متوسلی، 1389). هەروەها داگلاس نورس دەڵێ دامەزراوەکان چوارچێوەی گەمەن لە کۆمەڵگادا؛ ڕێسایەکن کە لەلایەن مرۆڤەوە دانراون و دەبنە هۆی ڕێکبوونی هان و ئەنگێزە بزرەکان لە دانوستانی نێوانیان (نورپ، 1995).

## سیاسەتگوزاری ئابووری

سیاسەتی ئابووری[3] ئەو جۆرە چالاکییەیە کە نەك کاریگەری لەسەر دۆخی ژیانی خەڵك لە ناوەوەی سنووری نەتەوەیی دەبێ، بەڵکوو توانای کاریگەری، گۆڕانکاری و وەرگۆڕانی سەیری هەیە لەبواری ناوچەیی و نێودەوڵەتی. ئەم بابەتە لە دنیای ئەوڕۆدا کە پەیوەستبوونی وڵاتان بە یەکتر زۆرتر لە جاران زەقبۆتەوە، گرنگی زیاتری هەیە. بۆ نموونە سیاسەتی ئابووری دەوڵەتیك لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەناردەکردنی کاڵایەك کە بە کاڵای مۆنۆپۆلکراوی دەوڵەتەکە دەزانرێ، ڕەنگە لێکەوتەی ئابووری لەسەر ئاستی ئابووری نەتەوەیی هەبێ، بەڵام بێگومان کاریگەرییەکانی لە بازاڕەکانی جیهاندا هەستپێکراوتر دەبێت. هەروەها، هەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سیاسەتی ئابووری وەك ئامرازی بەهێزی سیاسی دەردەکەوێت. کەم نین ئەو سیاسەتانەی کە نەگونجاون لەگەڵ کات، شوێن و بابەتی سەرەکی و کاریگەری خۆیان لە دەستدەدەن یان لە کاتی بەرهەمداندا ڕادەوەستن (ملک محمدی، 1394: 169). بۆ دانانی سیاسەتێکی ئابووری بەهێز

3 Economic Policy

دەبێ جگە لە شارەزایی ئابووری زۆر شت لە بەرچاو بگیرێت و کاری سیاسەتی ئابووری پتر لەوەی کە کاری ئابووریناس بێت، کاری سیاسەتزانانە. لەم بارەیەوە ها- جون چانگ دەڵێ سیاسەتی سەرکەوتووی ئابووری لە زۆرێک لە وڵاتان بە بێ ئابوریناسی بەرجەستەش بەڕێوەچووە (جون چانگ، 1395: 374).

لەمڕووەوە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئابووری کوردستان بایەخنەدان بە سیاسەتی گشتییە و گرفتەکان ناچنە ناو سووڕی سیاسەتەوە و قۆناغبەندی سیاسییان بۆ ناکرێت. لە کاتێکدا سیاسەتدانان چاوی توێژەر و سیاسەت¬دانەر تیژ دەکات و هەموو قولینجک و کەلێنێک نیشاندەدا و دەتوانێ بەراوردکاری بەجێ و زانستی بۆ دیاردە و گرفتەکان بکات. سیاسەتدانان ئەو زانست و ئامرازەیە کە سیاسەتدانەر لە عەرشی تیۆری و بەراوردکاری وێکنەچوودا دەهێنێتە سەر فەرشی ڕاستەقینە و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دۆخی خۆی ڕووندەکاتەوە. لێرەدا ئەگەر سەیری بابەتی ئابووری کوردستان بکەین دەبێ بڵێین کێشەی ئابووری کوردستان ئەگەر لە چوارچێوەی تیۆریدا لێکبدرێتەوە، دەبێ تیۆرییەکەش لە گەڵ دۆخە ڕاستەقینەکە بگونجێندرێ و خۆماڵی بکرێت. هەروەها نابێ دامەزراوەکانی کوردستان ڕێک وەک دامەزراوەی وڵاتێکی تر و بە هەمان ئامانج و ئاراستە سەیربکرێن. کوردستان دۆخێکی تایبەتی و ئامانجێکی هەیە کە دەبێ بەپێی ئەم ئامانجە کاری سیاسەتگوزاری بۆ بکرێت. لەم دالانەوە بۆ گەیشتن بە سیاسەت گوزارییەکی ڕاست لەم قۆناغەدا وا باشترە سەرەتا کاری خەسارناسی سیاسەتەکانی پێشوو بکرێت.

**خەسارناسی سیاسەتی ئابووری کوردستان**

حکومەتی کوردستان لە چالاکی ئابووریدا هەنگاوی بەرچاوی هەبووە و بە جۆرێک زۆر جار لە چاو دەوڵەتی دەستکردی عێراق لە هەندێ بواردا سەرکەوتوتر بووە. ئەگەر چی ئەم بەراوردکارییەش زانستی نییە بەلام کۆدێکە بۆ نیشاندانی

بوونـی هەنگاوەکانـی ئابـوری هەرێـم بەشـێوەیەکی سـەرکەوتوو و ئەمـەش نیشـاندەری ئەوەیـە کـە حکومەتـی کوردسـتان دەتوانـێ لـە سیاسـەتی ئابووریـدا سـەرکەوێت. بـۆ نموونـە ڕێـژەی بێـکاری لـە کوردسـتان کەمـتر بـووە لـە عێـراق (وەزارەتـی پـلان دانـان، 2012). بـەڵام لـە گەڵ ئەوەشـدا لەسـەرەتای دروسـتبوونی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، سیاسـەتەکانی زۆرتـر سیاسـەتی بەرگـری لـە دۆخـی داسـەپاوی نەخـوازراوی ئابـووری بـووە و هەر خەریکـی هەڵاتـن و پەڕینـەوە لـە تەونـی قەیـران بـووە، بۆیـە تاکـوو ئێسـتا نەیتوانیـوە سیاسـەتێکی سـەقامگرتووی ئابـووری دابنێـت. ئـەم ڕسـتەیە خـۆی سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە ئابـووری ئێمـە خەسـارهەڵگرە و دەبـێ بەوریایـی و دیدگایەکـی درێژمـەودا و بەرینـی سیاسـی کاری بـۆ بکرێـت. لەڕاسـتیدا گرفتـی سـەرەکی لەرزۆکبوونـی ئابـووری کوردسـتان گرفتـی سـاختارییە و تـا ئێسـتا نەتوانـراوە لـە گرفتەکانـی سـاختاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی - فەرهەنگـی دەربـاز ببێـت. کێشـە سـاختارییەکانیش بەئاسـانی کۆتاییـان پێنایـەت.

بـەدەر لـەوەی کـە زۆر لـە کێشـە ئابوورییـەکان و هۆکارەکانـی نەگەیشـتن بـە ئابووریەکـی گەشـاوە، کێشـەگەلی سـاختارین و هەندێکیـان پەیوەندییـان بـە پرسـی دەرەکییـەوە هەیـە و سـیمایەکی تـەواو سیاسـییان هەیـە و بەشـێکی کێشـەکانیش جیۆپۆلیتیکـی و جیۆئێکۆنۆمیـن. بـۆ نموونـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تاکـوو لـە ژێـر دەسـتی دەوڵەتـی عێراقـدا بێـت ناتوانێ سیاسـەتی پـارە و نەختینـە و ئابـووری بـازار، بەدڵـی خـۆی دابڕێژێ و هـەر دەبـێ بـە چاولێکردنـی دۆخـی عێـراق بجووڵێتـەوە و ناتوانـێ سیاسـەتی ئابـووری سـەربەخۆ دابڕێژێـت. بەتایبەتـی کـە هێشـتا کوردسـتان کێشـەی سیاسـی و سـنووری لەگـەڵ عێراقـدا هەیـە، ئەسـتەمە بتوانـێ بـەم سـەرچاوە سـنووردارانەوە، خـۆی بگەیەنێتـە قۆناغـی گەشەسـەندنی ئابـووری. بـەڵام وێـڕای ئەمەش بـە گوتـەی فەریـد زەکەریـا بەشـێک لـە هۆکارەکانـی لاوازی ئابـووری وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم گرفتـی لاوازی سیاسـەتەکان لـە ناوخـۆی وڵاتـن (زکریـا، 1390. 161). حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ لانیکـەم لـە کاری سیاسـەتگوزاریدا باشـتر

بێـت و لایەنەکانـی تـری پەرەسـەندن کـە کاریگەرییـان لەسـەر بـواری ئابـووری هەیـە، بەهێزبـکات.


لێـرەدا پرسـیار ئەوەیـە ئایـا بـەو کەرەسـتەیەی کـە کـورد هەیەتـی دەتوانـێ چـی بـکات؟ بێگومـان بەشـێک لـە کێشـە سـەرەکییەکان ناسـەقامگیری ئابـووری و تێکشـکانی سیاسـەتی ئابـووری، وابەسـتەبوونی ئابـووری کوردسـتان بـە عێراقـە و ڕەنگبـێ ئـەم کێشـەیەش بە سـووک و هاسـانی چارەسـەرنەکرێت. تەنهـا ڕێگـەی چارەسـەری ئـەم گرفتـە سـەختە، سـەربەخۆیی و گۆڕینـی دۆخـی جیۆپۆڵیتیکـی یـان لانیکـەم سـەربەخۆیی ئابوورییـە و دەبـێ خەباتـی بـۆ بکرێـت. چارەسـەری دووەمـی ئـەم کێشـەیە، گۆڕانـی کۆمەڵگـەی عێراقـی و دروسـتبوونی فەرهەنگـی لیبڕالییـە لەنـاو نـاخ و زەینـی کۆمەڵـگای عەرەبـی کـە ئەمەیـان نزیکـترە لـە خـەون تـا واقیـع! لـە کاتـی ئێسـتادا تەنهـا ئەگـەر ئەوەیـە بـەم دۆخـە سـنووردارە نەخـوازراوەوە، دەبـێ هونـەری سیاسـەتی خۆمـان بەکاربهێنیـن تاکـوو بتوانیـن مۆدێلێکـی دیفاکتـۆ و دژەجیۆپۆڵیتیـک بـۆ سـەقامگیری ئابـووری کوردسـتان دروسـتبکەین. ئـەم کارە بـە بـێ گۆپاڵـی مووسـاش دەکـرێ و دەتوانیـن جگـە لـە سیاسـەتی ئابـووری لەڕێگـەی -تریشـەوە بگەینـە ئاسـتی دروسـتکردنی دیفاکتۆیەکـی وەهـا.

دیـارە جگـە لـەم تەونـە سـاختارییەی کـە کوردسـتان تێیـدا گیریخـواردووە، بەشـێک لـە کێشـە ئابوورییـەکان کێشـەی کـەم ئەزموونـی و لاوازی بەڕێوەبردنـن و پێویسـتە بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە ئابوورییـەکان بەدیدێکـی فرەڕەهەنـدی و بەپێـی دۆخـی کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و فەرهەنگـی چارەسـەری بـۆ بدۆزرێتـەوە. تەنانـەت پێویسـتە بـە جۆرێک سـوود لە کەرەسـتەی بەردەسـت وەربگیرێـت بـۆ ئـەوەی نـەک هـەر ئاسـتی ئابـووری هەڵکشـێ، بەڵکـوو ئامانجـە سیاسـییەکان و غایەتـی (ئامانجگـە) کۆتایـی کوردیـش بـە چـەک و ئامـرازی سیاسـەتی ئابوورییـەوە، لە سـەرکەوتن نزیکبکرێتـەوە. یەکـەم کێشـە کە لە سیاسـەتی گشـتی دەبیـنرێ لاوازی پـرس ناسـیە. بابەتێکـی وەک سیاسـەتی ئابـووری پێویسـتە وەک پرسـێک بچێتـە نـاو سـووڕی سیاسـەت¬گوزارییەوە بـۆ ئـەوەی بچێتـە نـاو قوناغـی دەسـتووری کارەوە، ڕێکبخـرێ،

جێبەجێبکرێ، هەڵبسەنگێندرێ، بگۆڕدرێ و بە نیهایەتی خۆی بگات (ملک محمدی، 1394: 36).

یەکەم کار کە سیاسەت دەیکات ئەولەویەتسازییە و دەبێ بەپێی بارودۆخ بزانرێ کە کام سیاسەت، کەی، تا کوێ و چۆن دەکرێت. لاوازی سیاسەتی گەشەسەندنی ئابووری کوردستان لەوەدایە کە لەرووی ئەولەویەتسازییەوە لاوازە. خەسارێککی¬تر ئەوەیە کە گرنگی زیاتر بە ئابووری سیاسی دەدرێت تاکوو سیاسەتی ئابووری؛ لەکاتێکدا دەبێ هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوانەدا دروستبکرێت. هەروەها دەبێ ڕێژەی دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و کەرتی تایبەت بەپێی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیارییکرێ و کەمتر کاری بەراوردکاری و لاساییکردنەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بکرێت.

**خشتەی ١: هۆکاری سەرەکی پەرەنەسەندنی ئابووری**



ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

## لەم داڵانەوە دەتوانین سەرەکی ترین گرفتی خەساری ئابووری بەمشێوەیە دەستنیشان بکەین:

1 - **ئابووری ڕانتی:** ئابووری ڕانتی ئەو ئابوورییەیە کە تێیدا پتر لە سەدا **42**%ی لە سەرچاوەی سروشتی و بەبێ ماندوبون دەسدەکەوێت. ڕانتی (رەیعی) بوونی ئابووری جگە لەوەی ڕێچکەی ساختاری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆیەکی بەڕێوەبردنیشی هەیە. ئەم ئابوورییە ئەگەرچی ڕەنگە بۆ نەوەیەک ئاسایش و خۆشی پێوە بێ، بەڵام وردە - وردە داهێزرانی لێدەکەوێتەوە و وەچێکی تەمبەڵ لەسەر شانی دەوڵەت دادەنێ و دەیکاتە سەربار. لەڕۆژی پەیدابوونی نەوتەوە تائێستا، ئابووری وڵاتانی نەوتزێ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە ئابووری تاکبەرهەمییەوە. (Luciani، 1986: 85) ئەمەش وادەکات ئەگەر وڵاتێک بەتەواوی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئابووری ڕانتییەوە، ناتوانێ دیموکراسی بنیاتبنێت (سریع القلم، 1396: 407). باشترین نموونە لەم بارەیەوە دەوڵەتی سەددام حوسێن بووە. پارەی نەوت بووەهۆی دەسەڵاتگەرایی سەددام و پیشەسازی، زانکۆ، زانست، هونەر، میدیا و هەمووی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی حزبی ناوەندییەوە (سریع القلم، 1396: 205). وڵاتێکی ڕانتی هەموو شتەکانی دەبنە ڕانتی سیاسی. ئەم وڵاتانە منەتیان بە کۆمەڵگا نییە و لەئەنجامدا ڕێڕەوی پەرەسەندن خەوشاوی دەبێت (بشیریە، 1382: 800). کوردستان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسییەوە تووشی واتە ئابووری ڕانتی بووە و لەبەر

ئـەم ئابوورییـە نـەک هـەر گەشەسـەندن بەمانـای وشـەکە پێـی نەگرتـووە بەڵکـوو فەرهەنگێکـی نالەبـاری بڵاوکردۆتـەوە و دەتوانیـن بڵێیـن بەشـێکی کێشـە سیاسـی و فەرهەنگییەکانـی ناوخۆییـش ڕەگیـان لەنـاو ئـەم فەرهەنگـە ئابوورییەدایـە.

هەروەهـا بەدبەختییـەک کـە ئابـووری ڕانتـی دروسـتیدەکا: ئەوەیـە کـە بەرهەمهێنـان پەکدەخـات. کۆمەڵـگای کـوردی لەگـەڵ ئـەوەی توانـای بەرهەمهێنانـی زۆرێـک لـە پێداویسـتی سـەرەتایی هەیـە هێشـتا وڵاتێکـی مەسرەفیـی بەرخـۆرە و هـەر خەریکـی هاوردەکردنـە. لەکاتێکـدا هەمـان ئـەو بەرهەمـەی کـە ئێمـە هـاوردەی دەکەیـن دەتوانیـن هەنـاردەی بکەیـن. بـۆ وێنـە دەتوانیـن هەندێـک بەرهەمـی خۆرسـکی و خۆماڵـی کـە تایبەتـن بـە کوردەوارییـەوە و جگـە لەلایەنـی ئابـووری، متمانەبەخۆیـی فەرهەنگـی – سیاسـی کـورد بەرزدەکاتـەوە، هەناردەبکەیـن و ڕێـژەی بەکارخسـتنی ڕاسـتەقینەی لاوانیـش زیاتـر بکەیـن. لـە مـاوەی کابینەکانـی حکومەتـی هەرێمـدا لـە زۆر بـواردا توانـراوە بەرهەمهێنـان زیادبکرێـت، بـەڵام سـوود لـە زۆر شـتی خۆماڵـی وەرنەگیـراوە. لەکاتێکـدا ئـەم بەرهەمـە خۆماڵییانـە ئەگـەر لەسـەر نـاوی کـورد تۆماربکرێـن دەتوانـن هێـزی متمانەبەخۆبوونـی سیاسـی کـورد زیاتـر بەرزبکاتـەوە و فەرهەنـگ و کولتـووری کوردیـش لەدنیـادا گەشـتر بکاتـەوە.

ئـەم کارە خـۆی دەبێتـە هۆکارێـک بـۆ پتەوکردنـی ناسـیۆنالیزمی ئابـووری و فەرهەنگـی نەتەوەسـازی پێشـدەخات. ناسـیۆنالیزمی ئابـووری هانـدەر و بزوێنـەری نەتەوەیـە بـۆ ڕکابـەری ئابـووری (موپقـی، **1393: 26**). دامەزراوەکانـی ئابـووری کەمتـر گرنگیـان بـە کەرەسـتەیەکی گرنگـی کۆمەڵایەتـی داوە کـە ئەویـش نەتەوەگەرایـی کـوردی و هەسـتی جیاخـوازی لـە عێراقـە. ئـەم کەرەسـتەیە ئەگـەر ڕێکبخرێـت و کاری لەسـەر بکرێـت و بـەرەو ئابـووری کەناڵیزەبکـرێ، دەتوانـێ ببێتـە هـۆی بەهێزکردنـی ناسـیۆنالیزمی ئابـووری و فەرهەنگـی نەتەوەسـازیش پتـەودەکات.

2 - **بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵـی:** ڕوونـە کـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراق لەسـەر بنەمـای گەندەڵـی بـووە و لەبنەڕەتـدا

نەخۆشـی گەندەڵـی سـاختاری هەیـە و چاکبوونەوەیشـی ئەسـتەمە و هەمیشـە لەسـەر لێـواری هەڵدێـرە. لکانـی کوردسـتان بـە عێـراق و کەوتنەژێـر کاریگـەری فەرهەنگـی بـەدەوی عەرەب، کوردیشـی تووشـی گەندەڵـی کـردووە. ڕێـگای چارەسـەری ئـەم نەخۆشـییە لـە بنچینـەدا دەبـێ بـە ئامێـر و ئامـرازی زانسـتی و فەرهەنگـی بکرێـت، بـەڵام بـۆ چاککردنـەوەی ئـەم نەخۆشـییە لـەدوای ڕاپەریـن لـە کوردسـتان کاری فەرهەنگسـازی نەکـراوە. یەکێـک لـە هۆکارەکانـی تەشـەنەکردنی برینـی گەندەڵـی، بەشـینەوەی دەسـەڵاتە لەنێـوان لایەنـە سیاسـییەکان. واتـە پرسـی گەندەڵـی تەنهـا ڕوویەکـی نەرمـی فەرهەنگـی نییـە بەڵکـوو ڕوویەکـی سیاسـی هەیـە و ئەمـە چارەسـەرکردنی سـەختتر دەکات. بەداخـەوە لایەنەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن و هەنـدێ لایەنـی پۆزیسـیۆنیش بـەم ئاووژاندنـی گەندەڵـی، خۆراکـی سیاسـی لەنـاو خەڵـک زەیـن هـەژاردا پەیدادەکـەن.

هەروەهـا جگـە لـەم هۆکارانـە هۆکارێکی¬تـری سـووتمانی گەندەڵـی، لێکەوتـەی هەڵـەی ئابووریـن. لەکاتێکـدا ئابـووری دەوڵەتـی جێـگای خـۆی دەداتـە ئابـووری بـازاڕ و کەرتـی تایبەت، پێویسـتە دەوڵـەت بەچاودێـری تونـدی خـۆی ڕێگـە لـە گەندەڵـی بگـرێ؛ بـەڵام چونکـە ئـەم جێگۆڕکێیـە بەچاولێکـەری و دیتنـی تەنهـا یـەک ڕەهەنـدی ئابـووری ئەنجامـدراوە و ئەنجامدانەکـەش بەڕێکـی نەبـووە، دیسـان گەندەڵـی برەویسـەندووە. لەمـڕووەوە ئابـووری کەرتـی تایبـەت بۆتەهـۆی گەندەڵـی و لەجیاتـی تایبـەت سـازی ئابـووری پێبگـرێ، بەشینەوەسـازی و پشکپشـکێنە دروسـتبووە و زۆرێـک لـە پیاوانـی دەوڵـەت بەسـوودوەرگرتن لـە زانیارییەکانیـان، سیاسـەتی تایبەتسـازییان قۆسـتووەتەوە و دو قرووشـی خۆیـان سـواری تایبە¬سـازی کـردووە. ئەمـە دەبێتەهۆی ئـەوەی کەرتـی تایبـەت و ئابـووری بـازاڕ بەشـێوەیەکی ڕاستودروسـت نەکەوێتـەڕێ. هەروەهـا پرۆسـەی دەوڵەتـی ئەلکترۆنـی، کـەوا وڵات بـەرەو سیسـتەماتیک بـوون دەبـا و دەبێتەهـۆی کەمکردنـەوەی گەندەڵـی، هێشـتا دانەمـەزراوە و تەنانـەت ئـەو کەمـە کاروبـارەی ئەلکترۆنیـش نەیانتوانیـوە گەنەدەڵـی و ڕۆتیـن لەناوبـەرن؛ چونکـە تەنهـا بیـر لـە لایەنـی

فیزیکـی ئەلکترۆنـی کراوەتـەوە؛ لەکاتێکـدا پێویسـتە لەگـەڵ دروسـتکردنی دەوڵەتـی ئەلکترۆنـی، فەرهەنگـی ئەلکترۆنـی و هەموارکردنـی یاسـا، ڕێسـا و مەرجەعیەتەکانیـش پێشـبکەوێت.

لـە کابینـەی هەشـتەمی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتاندا هەوڵی زۆر دراوە تاکـوو گەندەڵـی نەمێنێـت. ڕاسـتە ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی هەیـە و کاری باشیشـی لەسـەر کـراوە، بـەڵام کارەکان تائێسـتا هـەر کاری ڕەق و سـزایی بـوون. کاری فەرهەنگـی لەسـەر نەهێشـتن یاخـود کەمکردنـەوەی گەندەڵـی سـاختاری نەکـراوە. ئـەم بابەتـە خـۆی باسـهەڵگرە و پێویسـتی بـە توێژینـەوە هەیـە. بەکورتـی دەکـرێ بڵێیـن ڕیشەکێشـکردنی گەندەڵـی دەبێتەهـۆی ئابوورییەکـی بـووژاوە و گەشەسـەندوو. ئەگەرچـی بەگوتـەی هانگتینتـۆن لـە وڵاتانـی پەرەنەسـەندوودا هەندێجـار بـۆ کاری سیاسـی و خێرایـی پەرەسـەندن گەندەڵـی ئابووریـش پێویسـتە. بۆ نموونـە بـۆ ڕاکێشـانی کۆمپانیـا گـەورەکان بـۆ مەبەسـتە سیاسـی و نیشـتیمانییەکان، زۆرجـار پێویسـتە پاداشـتی زیاتـر بدرێـت.

**3 - دامـەزراوە ئابوورییەکانـی کوردسـتان:** وەک لـە بەشـی تیـۆری دامەزراوەگەرایـی نوێـدا باسـکرا، دامـەزراوەکان داڕێـژەری ڕەفتـاری کۆمەڵـگان و دامـەزراوەکان دەبـێ گۆشـەی جیا-جیـای سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییـان هەبێـت. لێـرەدا ئـەوەی جێـی پرسـیارە ئەمەیـە کـە ئایـا دامەزراوەگەرایـی لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا وەک باسـکرا، بنیاتـنراوە؟ ئایـا ئـەو دامـەزراوە ئابووریانـەی کوردسـتان ئـەم دیـدگا فرەلایـەن و چۆنیەیـان هەیـە؟ لـە وەڵامـدا دەبـێ بڵێیـن پێناچـێ دامەزراوەگەرایـی لەسـەر ئـەم بنەمایانـە لـە کوردسـتاندا دروسـتبووبن. لـە ڕاسـتیدا، دامـەزراوە ئابوورییەکانـی کوردسـتان هێشـتا ڕوویەکی کلاسـیکی ئابووریيان هەیە و زۆرتر کاری ئابووری دەکـەن، هەرچەنـدە سیاسـەتی ئابـووری لـەم دامەزراوانـەدا دیـتراوە، بـەڵام تائێسـتاش سیاسـەتەکانی ئابـووری لەسـەر بنەمـای سیاسـی دووربینانـە و هەمەلایەنـە دانەڕێـژراون و زۆرێـک لـە سیاسـەتەکانی گەشەسـەندنی ئابـووری تەنهـا یـەک ڕەهەنـدی ئابووروویـان هەیـە؛ بۆیـە لـە هەڵسـەنگاندنی دەرکەوتـەی

سیاسـەتە ئابوورییـەکان، تەنهـا گەشـەی ئابـووری بەشـێوەیەکی چەنـدی دەدبیـنرێ و پەرەسـەندنی ئابـووری بەشـێوەیەکی بەریـن و چۆنـی هێشـتا هـەر سـاوایە. لـە کاتێکـدا کوردسـتان پێـش ئـەوەی پێویسـتی بـە دامـەزراوەی ڕەق و فیزیکـی هەبـێ، پێویسـتی بـە دامـەزراوەی فکـری و زانسـتی سیاسـەتی ئابـووری هەیـە. پێویسـتە زیاتـر بیـر لـە دامەزراوەسـازی گەشەسـەندنی ئابـووری بکرێتـەوە.

پەرەسـەندن پێویسـتی بـە دامەزراوەیەکـی ب سەرووسیاسـی هەیـە. بەجۆرێـک وەک دەوڵەتێـک لەنـاو دەوڵەتـی کابینـەدا بێـت. ئەگـەر سـەرنجبدەین دەبینیـن کاروبـاری پەرەسـەندن لەچوارچێـوەی وەزارەتدایـە کە ئەمـەش ناگاتە ئـەو دامەزراوەیەی کـە باسـکرا. هەروەهـا دامـەزراوە ئابـووری و سیاسـییەکان دەبـێ لەگـەڵ یـەک لـە هەماهەنگـی تـەواودا بـن. ئـەم هەماهەنگـی دروسـتکردنەش پێویسـتی بـە دامەزراوەیەکـی بنزانسـتی هەیـە. هەروەهـا بەشـێکی کـزی سیاسـەتی ئابـووری لـە کوردسـتان پشتبەسـتن بـە یـەک لایەنـی یاسـاییە و تەنانـەت ئـەو ناوەندانـەی کاری سیاسـەتی ئابـووری دەکـەن تەنهـا یاسـا بـۆ کارەکەیـان دادەنێـن و بێئـاگا لـەوەی کـە کاری یاسادانان تەنها ڕێخۆشـکردنە بـۆ کار و کاری سـەرەکی پێویسـتی بـە دانانـی سـەنەدی سیاسـی هەیـە نـەک بـە تەنها یاسـای کارەکـە. هەروەهـا یەکێـک لـەو کێشـانەی تووشـی سیاسـەتەکانی ئابـووری دەبێتـەوە کێشـەی تیۆریـن (کاک حمـد، 1397: 227). تیـۆری بـاش و گونجـاو یـان گونجاندنـی تیـۆری یاخـود لکاندنـی چەنـد تیۆرییـەک بەیەکـەوە و سـازاندنیان لەگـەڵ دۆخـی هەرێـم ڕێخۆشـکەرە بـۆ سیاسـەتێکی سـەرکەوتوو. بـەڵام پێدەچـێ کاری تیـۆری گونجانـدن لـە سیاسـەتەکاندا هێشـتا لـەرزۆک و ناپتـەو بێـت. کاتێـک تیـۆری گونجـاو یـان گونجاندنـی تیـۆری بـاش لـە کزیـدا بێـت، نەخشـاندنی مۆدێلیـش ئەسـتەم دەبێـت و سیاسـەتەکان ڕاسـتەڕێ و بنەجـێ نابـن و هـەر ڕۆژەو لـە هەوایەکـی جیـاوازدا لـە هەڵبـەز و دابـەزدا دەبـن.

4 - **یاسـاکانی ئابـووری کوردسـتان:** دامـەزراوە ئابوورییەکانـی

کوردستان بەپێی یاساکانی ئابووری وڵات سیاسەتی ئابووری دادەڕێژن. گرنگترین و بانترین سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی گەشەسەندنی ئابوورییە[4] بەڵام یەکێک لە کەرەستەکانی سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری، بوونی یاساکانی پەرەسەندنە. کوردستان لەبەر دۆخە سیاسییەکەی و گرێدراوبوونی بە عێراقەوە، ناتوانێ یاسای دژبە یاساکانی عێراق دابنێ و تائێستاش نەیتوانیوە دەستووری کوردستان بکاتە ئامرازی کارپێکردنی کاروباری گشتی خۆی. نەبوونی دەقێکی دەستووری لە کوردستان بۆتەهۆی ئەوەی یاساکان درێژبڕ نەبن و بەپێی گۆڕاوە ڕۆژانەکان یاساکانیش سەنگ و سووکیان بۆ دەکرێت و ئەمەش بەگشتی دەبێتەهۆی ئەوەی سیاسەتێکی دیاریکراوی گەشەسەندنی ئابووری کە دنگەی سەرەکی ئابوورییەکی سەرکەوتووە، دروستنەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەرباز ببێ، دەبێ بە هەموو هەوڵوتوانای خۆی کار بکات تاکوو دەستوورێکی گەشەسەندوو لە کوردستاندا پەسەندبکات. بوونی دەستوور لە کوردستان دەتوانێ ببێتە سەنگی مەحەکی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن یان شکستی سیاسەتەکان.

5 - **شیاوسالاری:** یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کزبوونی سیاسەتەکانی ئابووری لەلایەن دامەزراوە ئابوورییەکان لە کوردستاندا دیاردەی ناشیاوسالارییە. لەڕاستیدا ناشیاوسالاری لە زۆربەی بوارەکان و لە مەیدانی ئابووریشدا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبینرێت. کوردستانیش بەدەر نییە لەم گرفتە بە جۆرێک کە کاری سیاسەت¬دانان بە ئەندازیار یا بە کەسێکی شارەزای ڕووت لە زانستەکە دەسپێردرێت. لە کاتێکدا کاری وەک سیاسەتی نەوت و سیاسەتی ئابووری بە تەنها کاری ئابووریناس و ئەندازیاری نەوت نیوە دەبێ ئەم کارە بە کارزانی سیاسی و سیاسەت¬دانەری چەند فرەڕەهەندبین بسپێردرێت. لەم سۆنگەیەوە دامەزراوە ئابوورییەکانی کوردستانیش دەبێ لەلایەن کەسانی سیاسی کە دیدگای ڕەهەنداوی سیاسی و

4 Development economic

سیاسـەتی، کۆمەڵناسـی و فەرهەنگ¬سـازی و ئابووریـان هەیـە بسـپێردرێت تاکـوو ئامانجـە سیاسـی - ئابورییەکانیـان بـۆ نـاو ڕەفتـاری تاکەکانیـش بگوێزنـەوە. گرفتێکـی شیاوسـاالاری لـە کوردسـتاندا ئەوەیـە کـە جیـاوازی لەنێـوان دەسـتەبژێری ئاکادیمی و دەسـتەبژێری ئامرازیـدا نەکـراوە و کەسـی ئامـرازی دەچێتـە جێـی کەسـی ئاکادیمـی و کەسـانی سیاسـەتمەدار کاری سیاسـەت سـازی دەکـەن، لـە کاتێکـدا دەبـێ سیاسـەت زان سیاسـەت دابنـێ و بکرێتـە سیاسـەتمەدار. لـەم وڵاتـەدا نـەک هـەر شـوێنەکان شایسـتەی کەسـی شـیاو نیـن بەڵکـوو چەمـک و وشـەکانیش تیکەڵبـوون. ئـەم گرفتانـە هەموویـان کاری سیاسـەتی ئابووریـش تووشـی ڕاوەسـتان دەکـەن و دامەزراوەگەرایـی دروسـتنابێ و تەنهـا دامـەزراوەی شـکڵی بەشـێوەیەکی نالەبـار دادەمەزرێـت.

6 - **کـزی بەشـداری:** سـەرمایەی مرۆیـی وەک بەرزتریـن خاڵـی سـەرمایەی کۆمەڵایەتـی یارمەتیـدەری بەشـدارکردنی گشـتیی لـە وڵات¬سـازیدایە. بـەڵام ئـەم سـامانە لـە کوردسـتاندا نەخراوەتـە نـاو کەناڵـی بەشـداریکردنەوە. لەکاتێکـدا نابـێ سیاسـەتگوازاران لێبگەڕێـن ئـەم سـەرمایەیە بـە هەوادا بـڕوا و هەڵاتنی مێشـکەکان بێتەکایـەوە. پێویسـتە بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بەشـداری لـە پرۆسـەی ئابووریـدا زیاتر بیر لە خۆشـگوزەرانی (ڕەفـاه) هاوڵاتیان بکرێتـەوە. هەروەهـا شـەفافیەت کـە ڕێگایەکـە بـۆ بەشـداری گشـتی لـە کاروبـاری دەوڵەتیـدا، پێویسـتە تـا ئـەو جێیـەی دەکـرێ حکومـەت ڕوون بـێ و گەندەڵـی بگەیەنێتـە نزمتریـن ئاسـت. بێگومـان ئـەو دەوڵەتانـەی کـە بەشـدارییان تێـدا پـڕە لـە گەشەسـەندنی ئابووریـدا سـەرکەوتووترن. کوردسـتان کـە هێشـتا لـە قۆناغێکـی نابەدڵـی پرۆسـەی دەوڵـەت - نەتەوەسـازیدایە، پێویسـتە گرنگـی بـە ڕێـژەی بەشـداری و بەتایبـەت بەشـداری ژنـان لـەڕووی چۆنیـەوە لـە بـوارە گشـتیەکاندا زۆرتـر بـکات تاکوو جگـە لـە بەهێزکردنـی بـاری ئابـووری، پرۆسـەی نەتەوەسـازیش پتەوتربـکات. بـەڵام ئـەوەی تائێسـتا لـە بەشـداری ژنانـدا دەدیترێ زۆرتـر بەشـدارییەکی چەنـدی و وێنەییـە و کەمتر کارکـراوە تاکوو ژنـی بـژاردە و هەڵکەوتـوو لـەڕووی چۆنیـەوە هەڵکەوێـت.

بێگومـان دروسـتکردنی هەسـتی دەوڵـەت - نەتـەوە چەندیـن ودمـی خاسـی ئابووریشـی پێوەیـە؛ یەکێـک لەوانـە کەمبوونـەوەی ئاسـتی گەندەڵـی سـاختارییە. بـەڵام بەداخـەوە کاری سیاسـی نادروسـت وایکـردوە سـیمای بەشـداری بگۆڕدرێـت بـۆ بەشـدارییەکی سیاسـی کـە هەندێجـار بەرگـی ئایدۆلۆژیـای تەسـکی حزبـی لەبەردەکرێـت و بەشـداریکردن ڕاسـتەوخۆ دەبێتـە بەشـدارییەکی حزبـی و بەشـینەوەی دەسـەڵات و ئەمـەش ناشیاوسـالاری لێدەکەوێتـەوە. لـەم دۆخـەدا ئەگـەر لایەنێکیـش لـە کورت¬مـەودا بـراوە بێـت لـە درێژمـەوەدادا کێشـە بـۆ ئەویـش دروسـتدەبێت. ئـەم کارە ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر ئابـووری وڵات هەبـووە و کێشـەی سیاسـی گەورەشـی دروسـتکردووە و ئابـووری نەخۆشـی هێناوەتەکایـەوە.

**7 - گرفتـی ئەمنـی و ناسـەقامگیری سیسـتەمی سیاسـی:**
سـەقامگیری سیسـتەمی سیاسـی وڵات کلیلـی سـەرکەوتنی ئابوورییـە. بەداخـەوە دۆخـی سیاسـی کوردسـتان جۆرێکـە کـە هێشـتا ڕەنگـی دو ئیدارەیـی بەکراسـی سیاسـییەوە پێـوە دیـارە و حزبگەرایـی و فەرهەنگـی لیبرالیـزم بەشـێوەیەکی دروسـت جێـی خـۆی نەکردووەتـەوە؛ ئەمـە دەبێتەهـۆی ئـەوەی کـە سیاسـەتی نایەکگرتـوو هەڵـدڕ و دادڕی ئابـووری بـکات و لـە کۆتاییـدا کـورد نەتوانـێ سیاسـەتێکی درێژمـەودای گشـتی و سـتراتیژی لـە بـواری ئابـووری و بوارەکانـی تریـش بنەخشـێنێت. لـەم دۆخـەدا نـەک هـەر سیاسـەتی ئابـووری تووشـی هەڵدێـر دەبـێ بەڵکـوو ڕەنگـە قەیرانـە ئابوورییـەکان ببنـە قەیرانـی سیاسـی و کێشـەی گەورەتری لێبکەوێتـەوە. ئـەم گرفتـە وا دیـارە هـەر لـە کوردسـتاندا نییـە و هـەر وڵاتێـک ناسـەقامگیری سیسـتەمی سیاسـی تێـدا بێـت ئابوورییەکەشـی لـەرزۆک و شـکاو دەبێـت. لـەم ڕوانگەیـەوە کوردسـتان دۆخێکـی خراپـتر لـە دەوڵەتـە نەتەوەییەکانـی هەیـە، چونکـە کوردسـتان هێشـتا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ نییـە، بۆیـە ناسـەقامگیری سیسـتەمی سیاسـی مەترسـی زۆرتـر لـە قەیرانـی ئابـووری بـۆ کـورد هەیە و لـە ئامانجـگای سیاسـی دوریدەخاتەوە.

8 - **سیاسەتی دەرەکی کوردستان:** سیاسەتی دەرەکی کوردستان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دۆخی ئابوورییەوە هەیە بۆیە پێویستە نەخشێنەرانی سیاسەتی ئابووری ئامانجی سیاسی و ئابووری هاوتەریب بەرەو پێش بەرن و لەگەڵ ئەوەشدا گرێدانی فەرهەنگی بە ئامرازە ئابوورییەکان سازبکەن. ئەوەی تائێستا لەنگی پێوە دیارە ئەمەیە کە سیاسەتی دەرەوەی کوردستان یەک گۆشەی سیاسی یان ئابووریان هەیە و سەرنجنەدراوەتە گۆشەکانی¬تر کە کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی ئابووری هەیە. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی سیاسەتی هاوسێیەتی بکەین دەبینین کە هەرێمی کوردستان ناوچەی ناوەندی کوردستانی گەورەیە و دەتوانرێ ببێتە ناوەندی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی پارچەکانی تر و ببێتە کارتی فشار بۆ دەوڵەتە ناوەندییەکانی پارچەکانی تر. بەڵام تائێستا سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی هاوسێیەتی کە لێک جیاوازن، سیاسەتێکی بەرین¬ نەبووە. لەکاتێکدا ئەم دامەزراوەیە دەتوانێ ڕۆڵی زۆر گرنگی دیپلۆماسی ئابووری و فەرهەنگی بە مەبەستی گەشەسەندنی ئابووری کوردستان هەبێت.

9 - **دامەزروە فەرهەنگیەکان:** دامەزراوە فەرهەنگییەکانی (ڕۆشنبیری) کوردستان لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئابووریدا کەم ڕۆڵن. دامەزراوەیەکی وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری کە تەنانەت ناوەکەشی جێی سەرنجە، لە سیاسەتی فەرهەنگیدا بەمەبەستی ئامانجی گەورەی سیاسی و ئابووریدا کزە. وەزارەتی فەرهەنگ لە هەر وڵاتێکدا کاری تەنها چاپکردنی کتێب و شتی دیکە نییە بەڵکوو بە هەموو ئامرازە فەرهەنگییەکان بەدوور لە کاری حزبی، کاری فەرهەنگ- سازی لە ناوخۆ و دیپلۆماسی فەرهەنگی لەدەرەوە دەکەن و ئامانجگای پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە کە لە سەر پێشکەوتنی ئابووری کاریگەرن؛ بەڵام دەزگا فەرهەنگییەکانی ئێمە لەجیاتی داهاتی وڵات زیادبکەن باری دەوڵەت قورس دەکەن. هەروەها ئەرکێکی ئەم دامەزراوە فەرهەنگیانە کاری فەرهەنگ¬سازی و ڕاست بەکارهێنانی

سەرچاوەکانە کە لەمەشدا بەتەواوی سەرکەوتوو نین. لە ناوخۆدا یەکێک لە فەرهەنگە نادروستەکانی خەڵک فەرهەنگی نادروستی بەهەدەردانی سەرچاوە سروشتییە کەمیابەکانە. هەروەها فەرهەنگی مراندنی تەمەنی پڕبەرهەم بەهۆی دامەزراندن و کارمەندگەرایی بۆتە دیاردەیەک کە تائێستا تەنها باری حکومەتی قورس کردوە و تەمبەڵگەرایی برەوپێداوە و ئەو ڕێژە بێکارییەی کە بەمشێوەیە لە کەمیداوە بەرهەمی بەکارخستنی دروست نییە بەڵکوو بەرهەمی پرۆژەی نادروستی کارمەندگەرایی و فەرمانبەرییە. لەڕاستیدا دامەزراوە فەرهەنگییەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست فەرهەنگی کار و ئازادی لە مێشکی لاوانی وڵاتدا بنەخشێنن.

## خشتەی2: خەسارەکانی سیاسەتی



# کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی گەشەسەندنی ئابووری

حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەزموونی قۆناغە سەختەکان و سەرکەوتن بەسەر ڕەوەزەکانی قەیرانی ئابووریدا، وردە - وردە سەرنجی بۆ لای ئامانجگای پەرەسەندنی ئابوورییەکی سەقامگیردا ڕۆیشتوە. لەم پێناوەدا دامەزراوەگەلی تایبەت بە سیاسەتی ئابووری و پەرەسەندنی داناوە. نموونەی ئەم هەنگاوانە ئەوەیە کە یاساکانی پەرلەمان (پڕۆژە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان،2017) و پێشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە پەرەسەندنی ئابووری داوە و لە مادەکانی **15، 16، 17، 19، 20، 21، 24، 25، 26، 28، 103، 107، 110، 113، 115** و **121** (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق،2009) ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لە پەرەسەندن دەکات و سیمایەکی حکومڕانی باشی پێوە دیارە. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لە سەرەتای ڕێگەدایە بەڵام ئەمە خۆی دەستپێکێکی ئەرێنییە لەچاو زۆرێک لە وڵاتە ئایدیۆلۆگەگان کە تەنانەت پەرەسەندن بە فەرهەنگێکی نەخوازراوی ڕۆژئاوایی ناوزەدەکەن. دیارە کوردستان لەگەڵ دنیادا سازی ناساز نییە و لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندندایە. ئەمە خۆی باشەیە و لەگەڵ هەموو ساوایی و کەموکوورییەکاندا ئومێدبەخشە.

یەکێک لە ئامرازەکانی سەرەکی پەرەسەندنی ئابووری هەبوونی ستراتیژی و سیاسەتگوزارییە کە لە کوردستان ئەم کارە لەلایەن وەزارەتی پلان¬دانانەوە دادەنرێت. یەکێک لە باسە دڵخۆشکەرەکان ئەوەیە کە بەرنامەی ئایندەبینی **2020** (وەزارەتی پلان¬دانان،2012) و پەیوەندی لە گەڵ بانکی

جیهانی و **UNDP** لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دانراوە (ڕاپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلان دانان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان،**2012**). ئەم کارە لەگەڵ هەموو کەلێن و سەرنجەکانی بە هەنگاوێکی باش لەقەڵەمدەدرێت. ئەو پلانانە بەشێکی زۆری کەموکووڕی و پێداویستییەکانی سێکتەرە جۆراوجۆرەکانییان دیاریکردبوو و تاڕادەیەکی باش ئامانج و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنیان تێدا دیاریکرابوون، بەڵام پتر لەوەی پلانی کارکردن بن، خستنەڕوی دۆخی سێکتەرەکان و ئاستی پێویستیی پەرەپێدانیان بوون، لەڕووی داڕشتنەوە پتر لەوەی پلانی ستراتیژی بن لە توێژینەوەی شیکارییەوە نزیکبوون. ئامانجەکان وەك پێویست وردنەکرابوونەوە، پێنوێنی تایبەتییان بۆ دیارینەکرابوو، وردەکاریی ئاستەکانی بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردنی ئامانجە جۆراوجۆرەکان و گەیشتن بە پێنوێنە خوازراوەکان و ماوەی زەمەنی بۆ هەر یەکێکیان دیارینەکرابوو. زۆربەی ئەو کەموکووڕییانەیش لەئەنجامی کەمئەزموونی و ڕەنگدانەوەی زۆری پلانی پەرەپێدانی نیشتمانیی عێراق بوو بەسەر تەواوی پلانەکانی هەرێمدا؛ بەجۆرێك کە ستراکچەر و بەشێکی زۆر لە ناوەرۆکی پلانەکانی هەرێم، کۆپی پلانەکانی پەرەپێدانی عێراق بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت وەك سەرەتایەك سوود لە هەڵە و کەموکووڕییەکانی ئەو ئەزموونە وەربگیرێت و لە داهاتوودا پلانی دروست و ورد و دیاریکراوتر دابڕێژرێت و کاری پێبکرێت (گوڵپی، **2018**).

بەو پێیەی کە ئەم وتارە تەنها بەشی دامەزراوەگەرایی هەڵدەسەنگێنێ، دەبێ بڵێین ئەوەی جێی سەرنجە ئەمەیە کە لە یاسا و بەرنامەکانی پەرەسەندنی ئابووری هەندێ شت کەمڕەنگە و پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی سیاسی هەیە و دەبێ لەلایەن لێکۆڵەرانەوە بەتیۆری و میتۆدی گونجاو شەنوکەوبکرێن. بۆ نموونە یاساکان دەبێ بەشێوەیەکی هاوسەنگ کاربکەن و یاسادانەران تەنها یاسادانەر نەبن بەڵکوو کەسی کۆمەڵناس و فەرهەنگناس و خاوەن ستراتیژی و ئامانجگایەک بن کە لەگەڵ دۆخی سیاسی کوردستان

و ناوچەکــە گونجــاو بێــت. هەروەهــا پێویســتە بەرنامەکانــی پەرەســەندنی ئابــووری فــرە دیــدگا بــن و هەمــوو بــەش و جومگــەکان بــە یەکــەوە پێشــبخەن.

حاشـاهەڵنەگرە کـە کابینـەی هەشـتەمی حکومەتـی هەرێمـی کوردســتان کابینــەی بەڕێوەبردنــی ململانێــی قەیرانــە دژوار و ئاســتەمەکان بــووە. ئــەم قەیرانانــە حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانیان مانــدوو کــرد، چونکــە قەیرانــەکان تەنهــا ئابــووری نەبـوون؛ جەنگـی بەرگری و جەنگـی ئیسلامگەرایان و بێبودجەیی و دابەزینــی نرخــی نــەوت و هاتنــی بەلێشــاوی ئــاوارەکان بــۆ کوردسـتان بـاری کابینـەی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ قەیرانـی گرانــتر کــرد. لەگــەڵ کێشــەی گرێدراوبــوون بــە ئابــووری عێــراق، کوردســتان توانــی لەمــاوەی ســاڵانی **2008** تاکــو **2012** ئاســتی توانـای بەرهەمهێنانـی خۆماڵـی بەرزبکاتـەوە بەجۆرێـک کـە لـە سـاڵی **2011** ڕێـژەی **GDP** گەیشـتە ئاسـتی **13%** داهاتـی گشـتی بەرهەمـی خۆماڵـی. (وەزارەتـی پـلان دانـان، **2012**). سـەرەڕای ئـەوە بەهـۆی دروسـتنەبوونی هەسـتی دەوڵەت - نەتـەوە دوژمن هەوڵیـدەدا خاڵـی بەهێـزی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـە کۆبوونـەوەی جەمـاوەری و یەکدەنگـی بـوو لـە دەوری سـندوقی سـەربەخۆیی، بیکاتـە خاڵـی لاواز و دروشـمی سـەربەخۆخوازی بکاتــە دروشــمی مزەخــوازی و هەوڵبــدات حکومەتــی کــوردی لـە ناوخـۆدا تووشـی هەڵدیـران بـکات. ڕاسـتە زاڵبـوون بەسـەر ئـەم هەمـوو گەلەکۆمەکێیـە پشـووی درێـژ و لێزانـی گەرەکـە، بــەڵام پیویســتە بپرســین بــۆ دەبــێ لەکاتــی قەیرانــدا ئەوەنــدە هەناسەسـوار بیـن؟

وێدەچــی وەلام ئــەوە بــێ کــە ئێمــە کاری دامەزراوەیــی بەدیدگایەکــی فرەڕەهەندیــمان کــز بوویێــت. بــۆ وێنــە پەرەسـەندنی ئابـووری ئێمـە تەنهـا ڕێگەوبـان و بەرزکردنـەوەی بینـا و مووچـەدان بـووە. واتـە هاوسـەنگی لەگـەڵ پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی نەبـووە، بۆیـە ئـەم جـۆرە بەڕێوەبردنی ئابوورییــە ناچێتــە خانــەی پەرەســەندنی پایــەدارەوە لــەڕووی چونییـەوە. کەواتـە پەرەسـەندنی ئابـووری دەبـێ لەچوارچێـوەی تیـۆری دامەزراوەگەراییـدا سـەرنج بخاتەسـەر هەمـوو لایەنـەکان

و نابێ تەنها یەک ڕەهەندی ئابووری ببینرێت. بەڵگەی ئەوەی کە ئێمە یەک ڕەهەندمان بینیوە ئەوەیە کە دروشمی خۆمان ئەوە بوو کە هەولێر بکەینە دوبەی بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە ئایا دوبەی شوێنێکی پەرەسەندووە یان هەر گەشەسەندوویەکی ئابووری ستوونیە کە ڕەنگ بێ لە کاتی قەیراندا ئەم وڵاتە شووشەییە بڕۆخێت؟ هەروەها بیرمان لەوە نەکردۆتەوە ئایا وڵاتێکی وەک میسر و سوریا پەرەسەندووترن لەڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە یاخود ئیمارات؟ ئەم نووسینە پێیوایە سەرەکی ترین کێشەی ئێمە نەبوونی دیدگای فرەڕەهەندە. فرەڕەهەند نەبوونی ئێمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیاسەت¬دانەر و سیستەمی بیرۆکراسی ئێمە ئەندازیارین نەک سیاسی و سیاسەتزانانە.

لەم دەروازەیەوە ئاماژە بە دو شت و شوێنی کۆن و نوێ دەکەین. یەکەمیان: دەڵێن یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و ڕووخانی شای ئێران ئەوە بووە کە وڵاتی ئەسپاردووە بە ئەندازیاران تاکوو بیگەیێننە مۆدێرنیتە. بەڵام مۆدێرنیتە ماهیەتێکە کە بە تەنیا بە ئەندازیاران نایێتەدی؛ ڕەنگە تەنها بتوانن سیمای مۆدێرنیزم لەڕووی فیزیکییەوەبە وڵات ببەخشن. هەروەها دەڵێن زۆربەی خوێندەوارانی ناو داعش کەسانی تەکنیکی بوون و ڕێژەی کەسانی زانای زانستەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی زۆر کەمتر بوون. بۆیەش شتێکی قەبەی ناوک بەتاڵ بوون؛ ئەمە پرسیاری دەوێ بۆ دەبێ وابێت؟ کەواتا سپاردنی هەندی سیاسەتی قەبە بەکەسانی ئەندازیار ئاستەمە و ئەمە بەتەنها لەلایەن کەسانی تەکنیکییەوە بەڕێوەناچێت. نموونەی کوردستانیش لەم بارەیەوە ئەوەیە ئایا ئەو کەسانەی لەڕێگەی تواناسازی چوونەتە دەرەوە جگە لە شەهادەگەرایی ڕۆڵیان چیبووە لە پێشکەوتنی وڵات؟ ئایا ئەوانە توانیویانە ئاستی خوێندەواری و پسپۆڕی خۆشیان بەرنەسەر؟ وێناچێ ئەم پرۆژەیە زۆر سەرکەوتوو بووبێ چونکە پێوەرەکە بۆ ناردنە دەرەوە پێوەرێکی ئەندازیاری و دەرەجەمیحوەر بووە. لە کاتێکدا دەبا پێوەرەکە لەلایەن کەسانی سیاسی- فەرهەنگی و بەپێی پێویستی وڵات دانرابا. هەروەها یەکێک لە کارە

ئەرێنیەکانی حکومەتی هەرێم زۆرترکردنی ڕێژەی دامەزراندن و بەکارخستن بووە و گۆیا بێکاری زۆر کەمبۆتەوە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم بەکارخستنە بۆتەهۆی سەرڕژانی داهات و GDP و GNP زیادیکردوە یاخود لە داهاتی حکومەت بەشێوەیەکی ڕانتی دراوەتە خەڵک و GDP لە کەمی داوە؟

دیارە کە وڵاتە سەربەخۆکان دەستیان لە ئابووری ئازاددا کراوەیە و دەتوانن بازرگانی ئازاد برەوپێبدەن و گومرگ لە سەر کاڵا دانێن یان هەڵگرن (جەیمس گۆورتنی و هاوکاران، 2009: 71). بەڵام ئێمە دەستمان کراوە نییە، بۆیە سیاسەتی ئابووری خۆماڵی لەبەر ئەوە سەرکەوتووترە، چونکە ئێمە گرفتی سیاسیمان هەیە و گرێدراوین بە عێراقەوە. بۆیە ناتوانین بە ئیشتیای خۆمان بازرگانی ئازاد برەوبدەین و برەو بە هەڵگرتنی گومرگ بدەین. هەروەها، ئەگەر سەیری سیاسەتی نەوت بکەین بەپێی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە وەدەستهاتووە (ئیسماعیل فەقێ، 2014: 85)، دەبینین لە کورتمەودا توانیمان بە چەکی سەربەخۆیی ئابووری و نەوتی پشت بە وڵاتێکی وەک تورکیا ببەستین و بەرەو سەربەخۆیی ئابووری بڕۆین؛ بەڵام ڕەهەندنەبینی کایە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان وایکرد لەم سیاسەتەدا بەتەواوی سەرکەوتوو نەبین. هەروەها ئەوکاتانەی چەکی نەوتمان لە کەرکووک لەبەر دەستدا بوو تەنها نیگای ئابووریمان پێشڕەو بوو، بۆیە نەمانتوانی لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکا و ئینگلیز بکەوینە مامەڵەیەکی سیاسی سەرکەوتووەوە. بەشێکی ئەم کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ناوەندێکی توێژینەوەی ئایندەیی و سەرووسیاسی کوردی هەمەڕەهەند-بین. نەبوونی ناوەندێکی وەها لە شوێنێکی وەک پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وایکردوە کورد وەک هەمیشە لە ناسینی کاتوشوێن و ڕەهەندەکانی سیاسی- فەرهەنگی پەیوەندار بە دۆخی ئابووریدا لاواز بێت.

## ڕێکار و مۆدێل

سیاسەتسازی ئابووری بەپێی قەواره و قەبارەی سنووورداری کوردستان، پێویستی بە مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام پێش ئەوەی سیاسەتسازی بۆ دروستکردنی مۆدێل دەستەبەربکرێت، لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە بەپێی خەسارناسی سیاسەتەکانی پێشوو ڕێچارەیەک بۆ گرفتەکان بدۆزرێتەوە و پێشگری لە لاڕێ بوونی سککەی ئابوری کوردستان بکرێت. لە قۆناغی دووەمدا دەبێ بەپێی سنووری تواناکانی ئابووری و بەڕێوەبردنی ئابووری کوردستان و بەرەچاوکردنی ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی کوردستان مۆدێلێکی خۆماڵی بۆ پەرەسەندنی ئابووری دابڕێژدرێت. یەکەمین هەنگاوی دەستپێکردنی ئەم دوو قۆناغە دروستبوونی ناوەندی زانستی لێکۆڵینەوەیی و سەرووسیاسی، هاوتەریبکردنی ئامانجی سیاسی و ئابووری دوور لە کایەی حزبییە. هەروەها دروستکردنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە پەرەسەندنی پایەدارە کە وێنەی دەوڵەتێکی سیاسەت ساز، ئابووری¬ساز و فەرهەنگ¬سازی دوورمەودایە لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە شتێکی پێویستی ئەمڕۆییە؛

دەبێ هەوڵبدرێت ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دابنرێ و سوود لە زانکۆکان وەربگیرێت. پێوەری هەموو کارێک نەرمەئامێری پارادایمی حوکمڕانی باش بێت. ئەم نەرمەئامرازانەی سیاسەتی پەرەسەندنی ئابووری پێکدێن لە: خاڵە سەرەکییەکانی پارادایمی حوکمڕانی باش کە لەلایەن بانکی جیهانییەوە پێناسەکراوە و بریتین لە: قانوونسالاری، شەفافیەت، وەڵامگۆیی، کارایی و کاریگەری، یەکسانی و هەمەگیری و بەرپرسیارێتی (علیزادە پانی و الوانی، 1386: 6). هەروەها دەبێ لە ڕیشەدا فەرهەنگ¬سازی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بکرێت. ئابووری ڕانتی بگۆردرێ و سەرچاوەکانی داهات زیادبکرێن و گرنگی بە پیشەسازی، گەشتیاری و

پەرەسـەندنی کشـتوکاڵ بدرێـت و کار بکرێـت بـۆ خوێندنـەوەی نـوێ بـۆ ئـەو دەقـە ئایینیانـەی گرفـت بـۆ ئابـووری دروسـدەکەن. بـۆ ڕاسـتەڕێ بوونـەوەی ئابـووری، دەربازبـوون لـە دەوڵەتـی ڕانتخـۆر و کەمکردنـەوەی گەندەڵـی سـاختاری، سـەرنجدان و ڕەچاوکردنـی دۆخـی سیاسـی، هەڵێنجانـی مۆدێلێکـی تایبـەت بەڕەچاوکردنـی دۆخـی تایبەتـی کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی و کەرەسـتەیی و دوورکەوتنـەوە لـە بـەراوردکاری نادروسـت و وێکچوانـدن لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەی کـە سـەدان سـاڵە زەمینـەی هزرییـان بـۆ پەرەسـەندن و مۆدێرنیتـە هەیـە، هەنگاوێکـی کاریگـەر و کارا دەبـێ بـۆ داهاتـووی ئابـووری کوردسـتان.

هەروەهـا پێویسـتە کابینـەی داهاتـوو پێـوەری لێزانـی هەبـێ بـۆ دیاریکردنـی ئـەو کەسـانەی لەلایـەن پارتەکانـەوە دێنـە نـاو کاری سیاسـەتگوزاری و کاری دەوڵەتـداری و سیاسـی بـە تەنهـا نەدرێتـە ئەندازیـاران و بڕوانامەگەرایـی نەبێتـە جێـی شـارەزایی و کارزانـی. پێویسـتە سـەرمایەیەکی گرنگـی نەتەوەیـی کـە دەسـتەبژێرەکانن، گوێیـان لێبگیرێـت و سـەرنجبدرێتە هـۆکاری هەڵاتنـی دەسـتەبژێر و هەڵکەوتـەکان و هەوڵبدرێـت کەسـانی لێهاتـوو ڕابکێشرێـن و بخرێنـە خزمەتـەوە؛ تەنانـەت ئەگـەر لـە بوارێکـدا کەسـی شـارەزامان نەبـوو لـە وڵات و نەتەوەیەکی¬تـر هـاوردەی بکەیـن. هەروەهـا دەسـتتێوەردانی دەوڵـەت لـە بـواری ئابـووری بەپێـی دۆخـی سیاسـی و فەرهەنگـی بێـت و تەنانـەت حکومـەت بەشـێوازێکی نـوێ و ناڕاسـتەوخۆ کەرتـی تایبـەت چاودێـری بـکات. هەروەهـا فەرهەنگـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بخزێتـە نـاو چالاکـی ئابـووری تاکـەکان. کوردسـتان لەململانێـی پەرەسـەندن لەگـەڵ عەراقـدا نابـێ دوا بکەوێـت. دەبـێ وریـا بیـن و ئابـووری عێـراق بناسـین و بتوانیـن هاوسـەنگی سـەرچاوەی ئابـووری لەگـەڵ عێـراق بپارێزیـن و بتوانیـن جگـە لـە بەهێزکردنـی هێـزی پێشـمەرگە و کایـەی سیاسـی و فەرهەنگـی شـان بـە شـانی عێـراق بـەرەو پەرەسـەندن بڕۆیـن، دەنـا ئەگـەر هەیـە بنکـە گەورەکانـی ئابـووری جیهـان و دەوڵەتانـی زلهێـز دۆزی سیاسـی و نەتەوەیـی ئێمـە بەهەندوەرنەگـرن و دیسـان بـۆ مامەڵەکـردن، عێـراق هەڵبژێرنـەوە.

## ئەنجام

ئـەم بابەتـە هەڵسـەنگاندنی خەسارناسـی سیاسـەتی ئابـووری هەرێمـی کوردسـتانی بـە ڕێـدۆزی دامەزراوەگەرایـی کـە بنەرەتـی سیاسـەت¬دانانە و ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە دەوڵـەت و حوکمڕانییـەوە هەیـە بـە ڕوانگـەی نەرمەئامێـری سیاسـی، کۆمەلایەتـی و فەرهەنگـی هاڕیـوە. سیاسـەتی پەرەسـەندنی ئابـووری زۆر خاڵـی نەرمـی هـەن کـە لەلایـەن سیاسەتسـازە ئابوورییەکانـەوە ڕەچاوناکرێـن و کاری ئابـووری تەنها بـە زانسـتی تـەواو ئابـووری و بایەخـدان بـە هـاوردە، هەنـاردە، سیاسـەتی پـارە و نەختینـە، کاری ئابـووری ورد و درشـت دەکـەن. لـە کاتێکدا پێشـکەوتنی پەرەسـەندنی ئابـووری جگـە لـە زانسـتی ئابـووری ڕووت، بـە توخمەکانـی سیاسـی پەرەسـەندنەوە بەدیدێـن. دیـارە هەڵسـەنگاندنەکە تەنهـا بـۆ دیاریکردنـی خەسـار بـووە دەنـا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـەڕووی ئابوورییـەوە بەپێـی ئـەو دۆخـەی تێیـدا بـووە، زۆر هەنـگاوی باشـی هەڵێنـاوە و تەنانـەت ئەگـەر وڵاتێکی¬تـر لـە دۆخـی قەیرانـاوی ئێمـەدا بوایـە، ڕەنگـە خـۆی پـێ نەگیرابایـە. لـە گـەڵ کێشـە سـاختارییە پـڕ بەدبەختیەکـەی کـە کـورد تێیـدا هـاڵاوە، ڕەنگـە ئەگـەر سیاسـەتی باشـی ئابووریـمان بخەینەگـەڕ بتوانیـن لەگـەڵ سـنووردارببوونمان، زۆر لـەوە باشـتر بیـن و بگەینـە دۆخـی باشـتر و ژیانـی خۆشـتر بـۆ هاونیشـتمانییانمان. ئـەم باشـتر بوونـەش تەنهـا بـە کاری سیاسەتسـازی فرەڕەهەنـد دێتـەدی. ئامرازەکانـی باشـتربوون سـەرنجدان بـە تیـۆری دامەزراوەگەرایـی نوێیـە و بـەکاری زانسـتی سیاسەتسـازی دروسـتی پەرەسـەندنی هاوسـەنگ و هاوتەریـب سـەردەکەوێت. ڕەنگـە ئەگـەر دامەزراوەکانـی کوردسـتان بەپێـی تیـۆری دامەزراوەگەرایـی نوێـی خۆماڵیکـراو سـەرلەنوێ دروسـتبکرێنەوە و دامـەزراوەی سەرووسیاسـی بـۆ پەرەسـەندن دابمەزرێـت و سـوود لـە زانسـتی سیاسـەتی گشـتی وەربگیرێـت، ئەوسـا کوردسـتان بتوانـێ مۆدێلێکـی باشـتری

ئابووری هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە سیاسی و فەرهەنگییەکەی بخاتەڕوو. دەتوانین هەنگاوی یەکەمی دامەزراندنەوەش بەڕێگای زانستی خەسارناسی وەک وانەیەکی ئەزموونەدراو (تەجروبەکراو) دەسپێبکەین.

# سەرچاوەکان

## کوردی


- پڕۆژە یاساکانی پارلەمانی کوردستان (1992-2017)، پارلەمانی کوردستان، هەولێر: www.perleman.org.
- پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – عێراق، 2009، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە 777، www.perleman.org.
- ئیسماعیل فەقێ، ئەکرەم(2014)، ئاستەنگە سیاسی و دەستوریەکانی بە دەوڵەت بونی هەرێمی کوردستان، هەولێر: زانکۆی صلاح الدین.
- گوۆرتنی، جەیمس، ڕیچارد ستروپ، دوایت لی (2009)، ئابوری بە زمانی سادە؛ ئەوەی پێویستە هەمو کەسێک بیزانێت دەربارەی سامان و خۆشگوزەرانی، وەرگێڕانی بەختیار کەریم، چرای ئازادی.
- گوڵپی، جیهانگیر صدیق (2018)، کێشەی دارایی هەرێم: ڕەهەند و بەرپرسیارێتی و چارەسەرەکان، هەولێر: http://www.penus.krd/news883-74.htm
- وەزارەتی پلان دانان (2012) هەرێمی کوردستان؛ دیدگایەک بۆ ئاینده 2020، هەولێر: /www.mop.gov.krd.


## فارسی


- بشیریه، حسین (1382)، موانع توسعه سیاسی در ایران، تهران: نشر گام نو.
- پاتنام، رابرت (1380)، دموکراسی و سنت های مدنی، ترجمه محمد تقی دلفروز، تهران: روزنامۀ سلام.
- تفضلی، فریدون (1375)، تاریخ عقاید اقتصادی، تهران: شرفی.
- جون چانگ، ها (1395)، بیست و سه گفتار درباره سرمایه داری؛ پیرامون نکاتی که ێنها را بروز نمی دهند؛ ترجمه ناصر زرافشان، تهران: مهر ویستا.
- دادگر، یدالله (1383)، تاریخ تحولات اندیشه اقتصادی، تهران: دانشگاه مفید.
- رمضانی باصری، عباس اصغر فردی، تبیین نهادگرایی و گرایش ێن به توسعه، مجله اقتصادی، شماره 3و 4، تهران: خرداد و تیر 1393، ص 121-138.
- زکریا، فرید (1390)، ێینده ێزادی؛ اولویت لیبرالیسم بر دموکراسی، ترجمه امیر حسن نوروزی، تهران:طرح نو.

- سریع القلم، محمود (1396)، عقلانیت و توسعه نیافتگی ایران، تهران: فرزان روز.
- علیزاده ثانی، محسن، الوانی، سید مهدی (1386)، تحلیلی بر کیفیت حکمرانی خوب در ایران، مجله مطالعات مدیریت بهبود و تحول، شماره 53، صص 1-24.
- کاک حمد، محمد (1397)، سیاست گذاری توسعه در اقلیم کردستان؛اسیب شناسی سیاست های توسعه اقتصادی 2005-2018، ثایان نامه دکترا، تهران: دانشگاه تهران.
- مارش، دیوید و جری استوکر (1388)، روش و نظریه در علوم سیاسی، ترجمه دکتر امیر محمد حاجی یوسفی، پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران.
- متوسلی، محمود (1389)، توسعه اقتصادی: مفاهیم، مبانی نقری، رویکرد نهادگرایی و روش شناسی، تهران: سمت.
- ملک محمدی، حمیدرچا (1394)، مبانی و اصول سیاست گزاری عمومی، تهران: سمت.
- نورپ، داگلاث (1377)، نهادها، تغییرات نهادی و عملکرد اقتصادی، ترجمه محمد رچا معینی، تهران: سازمان برنامه و بودجه.

## ئینگلیزی

Luciani، Giacomo، (1986)، the Rentier State in the Arab World، in the Arab State، London: Ruttedge.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

دۆسیێی دووەم

# ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەمدا

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# ئاسایشی هەرێمی کوردستان
# لە کابینەی هەشتەمدا

## شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

پەروێز ڕەحیم قادر |

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# ئاسایشی هەرێمی کوردستان
# لە کابینەی هەشتەمدا

پەرویز ڕەحیم قادر |

## پێشەکی

لـەم ماوەیـەی کاری کابینـەی هەشـتەمی کوردسـتاندا، هەرێمـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی چەندیـن هەڕەشـە و مەترسـی ئاسایشـی جیـددی بوویـەوە. ئەگـەر ئێمـە ئاسـایش بـە واتـا فـرە ڕەهەندەکـەی وەربگریـن، ئـەوە دەبینین ئەو هەڕەشـانە مەترسـی ئاسایشـیی سـەربازی، ئاسایشـی سیاسـی، ئاسایشـی ئابووریـی، ئاسایشـی کۆمەڵگەیـی و ئاسایشـی ژینگەیـی دەگرنـەوە. لـە بەرجەسـتەترینیی ئـەو هەڕەشـە ئاسایشـیانەش کـە کـۆی بـوار و ڕەهەندەکانـی دیکـەی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتانی خستەمەترسـییەوە، هێرشـی داعـش بـۆ سـەر مووسـڵ و ناوچـە سـوننەکان لـە 9 حوزەیرانـی 2014 و پاشـان پێشـڕەوییەکانی لـە مـاوەی 1 تاوەکـوو 15ی ئابـی هەمـان سـاڵ و بەتایبەتـی بـەرەو ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و کارەسـاتی شـنگال و ئاوارەبوونـی نزیکـەی 400 هـەزار کـەس و ڕفاندنـی زیاتـر لـە شـەش هـەزار کـوردی ئێـزدی و کۆمەڵکـوژی هـەزاران کەسـی

دیکـە، لـە 3 ئابـی 2014 و نزیکبوونەوەیـان لـە هەولێـر لـە 6 ئابـی هەمـان سـاڵ بـوو.

هەروەهـا هێرشـی هێـزە سـەربازییەکانی عێـراق لـە 16 ئۆکتۆبـەری سـاڵی 2017 بـۆ ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان کـە لـە کۆنترۆڵـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتاندا بـوون و ئاوارەبوونـی هـەزاران کـەس، ڕووداوێکـی دیکەیـە کە ئاسایشـی سـەربازی هەرێمی کوردسـتانی خستەمەترسـییەوە. بێجگـە لەمـەش لـەڕووی سیاسـییەوە بارگـرژی و ململانێـی سیاسـی لەنێوان هێزە سیاسـییەکان لەسـەر پـرس و بابەتـە جیاجیـاکان و بەتایبەتـی پرسـی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ئاسایشـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتانی خستەمەترسـییەوە و کار گەیشـتە هەڵپەسـاردنی دامـەزراوەی پەرلەمانـی کوردسـتان و کارەکانـی وەزیرەکانـی بزوتنـەوەی گۆڕان لـە حکومـەت و پاشـان کشـانەوەی وەزیرەکانـی هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن لەپـاش ڕێفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان.

هەروەهـا لـەڕووی سیاسیشـەوە پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا گەیشـتە ڕادەی پچـڕان و بەرزتریـن ئاسـتی بارگـرژی لـە پـاش ئەنجامەکانـی ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە 25 ئەیلوولـی2017. بێجگـە لەمـەش بڕینـی بەشـە بودجـە و مووچـەی هاوڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پـاش سـاڵی 2014ەوە کوردسـتانی تووشـی بارودۆخێکـی سـەخت و دژواری ئابـووری کـردەوە کـە ئەمـەش لەلایـەك ئاسایشـی ئابـووری هەرێمـی کوردسـتانی تووشـی هەڕەشـە و مەترسـی کـرد و لەلایەکـی تریشـەوە کاریگـەری لەسـەر سـەکتەرەکای دیکـەی حکومـەت لـە بوارەکانـی تەندروسـتی و پـەروەردە و خزمەتگوزارییـە گشـتییەکان و وەبەرهێنـان و تـاد هەبـووە و دەتوانیـن بڵێیـن بوارەکانـی دیکـەی ئاسایشـی وەکـوو سـەربازی و سیاسـی و ژینگەیـی و تەنانـەت کۆمەڵایەتییشـی گرتووەتـەوە.

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایە هەڵسـەنگاندن بۆ ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان لەمـاوەی کابینـەی هەشـتەمی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات لـە ڕوانگەیەکـی مۆدێرنی ئاسایشـی

و نیشــانیدەدات کــە هەمــوو بــوار و ڕەهەندەکانــی ئاســایش پێکــەوە بەســتراونەتەوە.

ئامانجــی ئــەم توێژینەوەیــەش ئەوەیــە کــە تیشــکبخاتە ســەر چەنـد ڕووداوی گرنگـی ئاسایشـی و لەمانـەش هێرشـی داعـش لـە سـاڵی **2014** و هێرشـی عێـراق لـە سـاڵی **2017** بۆسـەر ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان لـە **16** ئۆکتۆبـەر و پاشـان بڕینـی بودجـەی کوردسـتان لەلایـەن بەغـدا لـە سـاڵی **2014** و بـەم پێیـە دروسـتبوونی قەیرانـی ئابـووری لـە کوردسـتان و لەلایەکـی تریشـەوە پرسـەکانی ئاسایشـی سیاسـی، ئاسایشـی ژینگەیـی و ئاسایشـی کۆمەڵگەیـی هەرێمـی کوردسـتان لــەم پەیوەندییــەدا بەرجەســتە بــکات. هەروەهــا هەوڵــدەدا وەڵامــی ئــەو پرســیارە بداتــەوە کــە هەڕەشــە و مەترســییەکانی ئاسایشــی ســەربازیی هەرێمــی کوردســتان لەلایــەك و خاڵــە لاوازەکانــی لەمــاوەی کابینــەی هەشــتەمی حکومەتــی هەرێمــی کوردسـتان کامانـە بـوون؟ لەلایەکـی تریشـەوە ڕەهەندەکانـی تری سیاسـی، ئابـووری، ژینگەیـی و کۆمەڵگەیـی هەرێمـی کوردسـتان چــی پەیوەندییەکیــان لەگــەڵ ئاسایشــی هەرێمــی کوردســتان لەمـاوەی کابینـەی هەشـتەمدا بـە واتـا فراوانەکـەی هەیـە؟

گریمانــەی ســەرەکی توێژینەوەکــە بریتییــە لــە: ((ئاسایشــی ســەربازی هەرێمـی کوردسـتان پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی لەلایـەك بـە پـەروەردەی نیشـتمانی، ڕاهێنـان و ئامادەکردنـی سـەربازی، ســتراتیژی، ڕێبەرایەتــی، ئەزمــوون، جــۆری چــەك و ڕێــژەی بودجـەی سـەربازی و لەلایەکـی تریشـەوە بـە ئاسایشـی سیاسـی و ئابــووری و کۆمەڵگەییــەوە هەیــە و بەپێچەوانەکەشــی هــەر ڕاسـتە. نەبوونـی سـتراتیژی و دۆکتۆرینێکـی ئاسایشـی و سـەربازی، هەروەهــا بەدامەزراوەیینەبوونــی هێزەکانــی پێشــمەرگە و ناکۆکییــە قووڵــە کۆمەڵگەیــی و سیاســییەکان لەپــاڵ بوونــی قەیرانــی دارایــی و ئابــووری، حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە ڕووی هێــزی نەتەوەیــی و بــەم پێیــەش ئاسایشــی بەمانــا فرەرەهەنـد و مۆدێرنەکەییـەوە ناسـەقامگیر و لـەرزۆك دەکات و ئاسایشــی ســەربازی دەخاتــە مەترســییەوە.))

بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە سـوود لـە میتـۆدی «شـیکاری نـاوەرۆك»،

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

بەکەڵـك وەگرتـن لـە سـەرچاوەکانی کتێبخانەیـی و ئینتەرنێـت و چاوپێکەوتـن وەردەگریـن. هەروەهـا لەروانگـەی تیۆریـی ئاسایشـی «قوتابخانـەی کۆپنهاگـن» شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندن بـۆ هەڕەشـە و مەترسـییەکانی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بەگشتی و ئاسایشـی سـەربازی بەتایبەتـی و پەیوەندییـان پێکەوە دەکەیـن.

ئەم توێژینەوە بەسەر چەند بەشی سەرەکیدا دابەشدەکرێت:

بەشـی یەکـەم، تایبەتـە بـە چەمـك، ڕەهەنـد و پێـوەری مەترسـی و هەڕەشـەکانی ئاسایشـی نەتەوەیـی. بەشـی دووەم، بـاس لـە هێرشـی «داعـش» بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان و لێکەوتـە و ئاسـەوارە ئاساییشـییەکانی دەکات. بەشـی سـێیەم، دەربـارەی ئاسایشـی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵگەیـی و ژینگەیـی هەرێمـی کوردسـتانە لەمـاوەی کابینـەی هەشـتەمدا. بەشـی چوارەمـی توێژینەوەکـە تایبەتـە بـە هەڵسـەنگاندنی ڕووداوەکانـی 16ی ئۆکتۆبـەری 2017 و هێرشـی بەغـدا بۆسـەر ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان. لـە بەشـی کۆتاییشـدا توێژینەوەکـە تیشـکدەخاتە سـەر گرنگتریـن هۆکارەکانـی لاوازیـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و لـە کۆتاییشـدا دەرئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە دەخرێتـەڕوو.

# 1

# چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

## 1-1 - چەمك و پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی

چەمکـی (Security) لـە (secures)ـی لاتینیـەوە هاتـووە کـە بـە مانـای بـێ دڵەڕاوکـێ دێـت. بـەو مانایـەی کـە متمانە و ئاسـایش بوونـی هەبێـت بـۆ ڕزگاربـوون لـە هەڕەشـە و مەترسـی (کلمنتـس، 2005: 285). چەمکـی ئاسایشـی نەتەوەیـی ((-Na

(tional Security) دوای لەدایكبوونــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی (nation- state) هاتۆتەئــاراوە. ئــەم چەمكــە لەژێــر نــاوی مانــەوەی نەتــەوە (Nation Survival) هاتەئــاراوە (مانــدل، 1998: 43). بەپێــی ئــەم چەمكــە ئاســایش بریتییــە لــە توانــای دەوڵــەت بــۆ بەرپەرچدانــەوەی هەڕەشــەكانی دەرەوە لــەدژی بەرژەوەندییــە نەتەوەییــەكان. ئــەم چەمكــە جەخــت لــە ســەر بــواری ســەربازی و چەكــداری دەكاتــەوە، بۆیــە لــەو ســەردەمەدا دەوڵەتــان هەوڵــی بەهێزكردنــی توانــای ســەربازییان دەدا. ئاسایشــی نەتەوەیــی هاوشــێوەی ئاسایشــی تاكــە، بــەڵام لەســەر هاوڵاتییــان جێبەجێدەبێــت. ئاسایشــی نەتەوەیــی دەســكەوت و بەهایەكــی بــاڵای سیاســییە كــە لەســەرەوەی دەســكەوت و بەهــای تاكەكانــە، چونكــە دەوڵــەت لــە هەڕەشــە، مەترســی، دەســتێوەردان، داگیركــردن، ئابلۆقــە، گەمــارۆدان و زیانــی جۆربەجــۆر، دووردەكاتــەوە.

ئاســایش سیاســەتی بەرپەرچدانــەوەی هــەر هەڕەشــەیەك و لەناوبردنــی ســەرچاوەكانی هەڕەشــەیە. بۆیــە لەســەرەتادا دەوڵــەت ڕێكخســتنێكی ئاسایشــی بــوو. تاكــوو ئێســتاش ناوەرۆكــی دەوڵــەت بریتییــە لــە ئاســایش. لەلایەكــی تــرەوە مەبەســت لــە بنەمــا ســەرەكییەكانی نەتەوەیــی ڕەهەنــدە ماددی و نامادديیەكانــە كــە ڕەهەنــدی مــاددی بریتییــە لــە پاراســتن و پارێزگاریكــردن لــە یەكپارچەیــی دەوڵــەت (هەرێم)، ســەربەخۆیی، پێشــكەوتن، ئابــووری و تــاد. ڕەهەنــدی ناماددیــش بریتییــە لــە پاراســتنی بەهــا، بنەمــا و ڕەگــەزە كولتوورییــەكان و ئامانــج و ئایدیا نەتەوەییــەكان. ئامانجــە نەتەوەییەكانیــش بریتیــن لــە مەبەســتە ئاشــكراو دیاریكــراوەكان كــە وێنــای داهاتــووی كۆمەڵگــە دەكــەن. لەســەر بنەمــای دەســتەبەركردن و بەدیهێنانــی بەرژەوەندییــە نەتەوەییــەكان دەتوانیــن ئامانجــە نەتەوەییــەكان پێناســەبكەین. بــەم مانایــە كــە هەمــوو ئامانجەكانــی نەتەوەیــەك كــە تــەواوی سیاســەتەكانی بــەم ئاراســتەیەدا دەڕوات، هەمــوو توانــاكان و هێــزی دەوڵــەت بــۆ دەســتەبەركردن و بەدیهێنانــی ئــەو ئامانجانــە دەخەنــەكارەوە (تاجیــك،2001: 169).

## 1-2 - ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێـت ئامانجەکانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دابەشـبکەین:

1 - پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاك.

2 - بەدیهێنانـی سـەربەخۆیی و خۆشـگوزەرانی هاوڵاتییـان و پاراسـتنی سـەقامگیری دەوڵـەت.

3 - پاراسـتن و پەرەپێدانـی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و بیروباوەڕە جیاکان.

4 - فەراهەمکردنـی هەلومەرجێـك کـە تێیـدا هاوڵاتیـان هەسـت بـە ئاسـایش و ئارامـی بکـەن و لـە بەرامبـەر هەڕەشـە و مەترسییەکان دڵنیابن. لـەلای زۆربـەی دەوڵەتـان مانای سـەرەکی ئاسایشـی نەتەوەیـی بریتییـە لـە پاراسـتنی سـەربەخۆیی و یەکپارچەیـی خاك و پاراسـتنی شـێوەی ژیانی نەتەوەیـی و رێگرتن لـە دەسـتێوەردانی دەرەکـی. کەواتە ئاسایشـی نەتەوەیـی لە پلەی یەکەمـدا خۆپاراسـتنە لـە هەڕەشـە و مەترسـیيە دەرەکییـەکان بەمەبەسـتی سـەربەخۆیی سیاسـی. هەروەهـا پاراسـتنی بەهـا بـاڵا کولتوورییـەکان و دوورکەوتنـەوە لـە تـرس و دڵەڕاوکـێ جا چ دەرەکـی بێـت چ ناوخۆیـی. ئـەوەش وا لـە دەوڵەتـان دەکات کـە پانتایـی ئاسایشـی خۆیـان بەرفـراوان بکـەن. بەگشـتی تـا مەترسـی و هەڕەشـەی دەرەکـی هەبێـت ئـەوا مەترسـی لەسـەر ئاسایشـی ناوخۆیـی دەوڵـەت بەردەوامدەبێـت (ڕەوشـەندڵ،2009: 32).

## 1-3 - هەڕەشە و مەترسییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

کاتێـك کـە سـنوور، هەرێـم و خاکـی دەوڵەتێـك دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەوە، ڕەهەنـدی سـەربازی و نەریتیـی ئاسایشـی نەتەوەیی گرنگـی پەیـدا دەکات. بـەڵام کاتێـك کـە هەڕەشـەکان پەیوەندییان بـە رووخانـدن و گۆڕینـی سیسـتەمی سیاسـی لەلایـەن ئـەو گروپ و ناسـنامانەوە بەرزدەبێتـەوە کـە سـەرەوەریی حکومـەت یاخـود سـەروەری و یەکپارچەیـی دەوڵـەت بـە فەرمـی و ڕەوا ناناسـن، ئـەوە ڕەهەنـدە بەرفراونەکـەی ئاسایشـی نەتەوەیـی بەکاردێـت. بـە واتایەکـی دیکـە، هەڕەشـەکانی ئاسایشـی نەتەوەیـی هەمـوو

ئـەو پـرس و بابەتانـە دەگرێتـەوە کـە ژیـان، بەهـا و بەردەوامـی سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و ئاشـتی و سـەقامگیری، دەخەنـە مەترسـییەوە(نویدنیا، 2003: 59). لێـرەوە ئاسایشـی نەتەوەیـی بـە دۆخێـك دەگوترێـت کـە تێیـدا بەقـای ڕێژەیـی دەوڵـەت لـە هێرشـی سـەربازی یاخـود تێکدەرانـەی سیاسـی، ئابـووری و تـاد، دەسـتەبەرکرابێت. هەروەهـا ئاسایشـی نەتەوەیـی دەربڕی هەموو ئامانجەکانـی بەرگـری لـە دەوڵەتـە، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەر جـۆرە هەڕەشـە و مەترسییەك(اقابخشـی و افشـاری راد، 2000: 280).

ئەگـەر هەڕەشـەکان بەرفـراوان و خێـرا بـن، زۆربـەی کات بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی بەپێـی ئاسایشـی دەوڵـەت پێناسـەدەکرێت. لـەم بارودۆخـەدا وێنـای «خـودی و ناخـودی» (self & nonself) دروسـتدەبێت. بـەم واتایـە کـە ئاسایشـی نەتەوەیـی بەپێـی دڵنیایـی لـە دەسـتەبەرکردن و پاراسـتنی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی پێناسـەدەکریت (پورسـعید، 2002: 696). بـەم پێیـە هەڕەشـەکانی سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی بەپێـی گۆڕانـکاری لـە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی دەگۆڕدرێـت. ئـەم گۆڕانـەش بەپێـی ئاڵوگـۆڕ لـە ئاسـتی ناوخۆیـی و دەرەکـی دەگۆڕدرێـت. بـۆ نموونە گۆڕانـی ڕژێمـی سیاسـی (وەکـو شۆڕشـی 1979 لـە ئێـران)، لـە بـواری دەرەکیشـدا گـۆڕان لـە بەهـا جیهانییـەکان گۆڕانـی پێکهاتـەی سیسـتەمی نێودەوڵەتـی، گۆڕانـی ڕژێمـە نێودەوڵەتییـەکان، جەنـگ و قەیرانـە ژینگەییـەکان و تـاد. (عسـکری، 2001: 98-97).

بەگشـتی هەڕەشـەکانی ئاسایشـی نەتەوەیـی لـەدوو ئاسـتی ناوخۆیـی و دەرەکـی بریتیـن لـە:

1 - **ناوخۆیی:** بریتیـە لـە ناکۆکـی نەتەوەیـی، ئایینـی، ڕەگـەزی، چینایەتـی، کولتـووری، پاشـکۆیەتی ئابـووری و سیاسـی. هەروەهـا لێکترازانـی کۆمەڵایەتـی، ژینگەیـی، تەندروسـتی، هـەژاری و نەخوێنـدەواری و تـاد.

2 - **دەرەکـی:** پەلاماری سـەربازی یان دەسـتتێوەردان لەکاروباری ناوخۆیـی دەوڵـەت، یاخـود پروپاگەنـدەی دەوڵەتـان و پلانـی

دۆژمنكارانـە بەبـێ ڕەچاوكردنـی یاسـاو ڕێسـا نێودەوڵەتییـەكان (عەلـی سـاڵح، 2014: 110).

## 1-4 - ڕەهەند و بوارەكانی ئاسایش

بـاری بـۆزان ((Barry Buzan)) پێیوایـە كـە چەمكـی ئاسـایش ئەوەنـدە تاكـەكان، دەوڵەتـان و سیسـتەمی نێودەوڵەتیـی لـە یەكتری نزیككردۆتـەوە، بۆیـە پێویسـتە بـۆ لێكۆڵینەوە لە ئاسـایش ڕوانگەیەكـی گشـتگیرترمان هەبێـت. هەرچەنـدە دەكرێـت واتایەكـی تایبـەت لـە ئاسایشـی تـاك، ئاسایشـی نەتەوەیـی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی لـەڕووی چەمكـەوە بخرێتـەڕوو، بـەڵام بـۆ تێگەیشـتنی تـەواو لـە هـەر كامەیـان پێویسـتمان بـە پەیوەنـدی هـەر كام لەمانـە هەیـە لەگـەڵ ئاسـتەكانی دیكـەی ئاسـایش(كلمنتس، 2005: 295). لێـرەوە دەبینیـن كـە بەپێـی پێناسـەی نـوێ لـە ئاسـایش، ئاسایشـی مرۆیـی (Human security) لەسـەرووی جۆرەكانـی دیكـەی ئاسـایش دەردەكەوێـت كـە هەمـوو ڕەهەندەكانـی ئاسایشـی وەكـو ئاسایشـی ئابـووری (Economic security)، ئاسایشـی خـۆراك (Food security)، ئاسایشـی تەندروسـتی (Health Security)، ئاسایشـی ژینگەیـی (Environmental security)، ئاسایشـی تـاك (individual Security)، ئاسایشـی كۆمەڵگەیـی (Societal security) و ئاسایشـی سیاسـی(Political security) دەگرێتـەوە.

لـەم ڕوانگەیـەوە ئاسایشـی مرۆیـی بەواتـای ڕزگاربوونـی مرۆڤـە لـە گوشـاری پێداویسـتییە ئابوورییـەكان و هـەژاری و بێـكاری. چونكـە ئەمانـە دەبنـە هـۆی پێكـدادان و توندوتیـژی و نائاسـوودەیی. بـۆ نموونـە، نەبوونـی تەندروسـتی بـاش و ئـاوی خاوێـن و چاودێـری تەندروسـتی دەتوانێـت ئاسایشـی تەندروسـتی بخاتـە ژێـر هەڕەشـەوە. بـەم پێیـەش ئاسایشـی تـاك كـە بریتییـە لـە پاراسـتنی خەڵـك لەهەمبـەر توندوتیـژی و دەسـتدرێژی، پەیوەنـدی بـە ئاسایشـی كۆمەڵگەیشـەوە هەیـە كـە بریتییـە لـە پاراسـتنی ناسـنامە لـە هەڕەشـە و دەسـتدرێژی. بۆیـە هەمـوو ئـەو ئاسـت و ڕەهەندانـەی ئاسـایش پێكـەوە گرێـدراون و تەنهـا لەڕێگـەی ئاسایشـی سـەربازییەوە (Military security)

ئاسـایش دەسـتەبەرناکرێت (پورسـعید، 2008: 552-551).
لەراسـتیدا سـەرەڕای فرەیـی روانگـە و قوتابخانـەکان لـە کارلێکـی فاکتـەر و رەهەنـد و بوارەکانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی کـە پێکـەوە دەربـڕی «هێـزی نەتەوەییـن»، گشـتگیرترین و مۆدێرنتریـن روانگـەی پێکهێنـەری هێـزی نەتەوەیـی بـۆ روانگـەی «ئەشـلی تلیـس و هاوکارەکانـی» دەگەڕێتـەوە کـە لـە کتێبـی (هەڵسـەنگاندنی هێـزی نەتەوەیـی لـە سـەردەمی پـاش- پیشەسـازی)دا خراوەتـەروو. رەگـەزە جۆراوجۆرەکانیـان لـە چوارچێـوەی سـێ دەسـتەدا پۆلێنکـردووە:

1 - سـەرچاوە نەتەوەییـەکان (تەکنۆلۆژیـا، داهێنان، سـەرچاوەی مرۆیـی، سـەرچاوەی دارایی و سـەرچاوەی سروشـتی)
2 - توانـای کردەیـی نەتەوەیـی (سـنووردارربوون و گوشـارە دەرەکییـەکان، تواناکانـی ژێرخـان، سـەرچاوەی هـزری و بیروبڕوایـی)
3 - توانـا سـەربازییەکان، پۆلیـن کردووە.(تلیـس و دیگـران، 2002: 167).
بەگشـتی، رەگـەزی کاریگـەر لەسـەر «توانا سـەربازییەکان»یش بەسـەر سـێ دەسـتەدا پۆلیندەکرێـن:
1 - سـەرچاوە سـتراتیژییەکان: کـە سـوپای هـەر وڵاتێـك لـە حکومەتەکـەی وەردەگرێـت و چەندیـن بـواری وەکـوو؛ بودجـەی بەرگـری، هێـزی مرۆیـی، ژێرخانـی سـەربازی، دامـەزراوە جەنگییـەکان، پیشەسـازی بەرگـری و مـەوادی جەنگـی و لۆجیسـتیك لەخۆدەگرێـت.
2 - فاکتـەری یاخـود بگـۆڕی کاریگـەر لەسـەر گۆڕینـی ئـەو «سـەرچاوە سـتراتیژییانە» بـۆ توانـای سـەربازی وەکـوو؛ ئاسـتی هەڕەشـە و مەترسـییەکان، تاکتیـك، بەرنامـە و سـتراتیژیی ڕووبەڕووبوونـەوە، سـتراکچەری پەیوەندیی یاسایی - دامەزراوەیی نێـوان سـوپا و حکومـەت یاخـود سـوپا و سیاسـەت، چۆنێتـی پەیوەندییەکانـی سـوپای وڵات لەگـەڵ سـوپای وڵاتانـی دیکـە، سروشـتی تاکتیـك، سـتراتیژیی، راهێنـان، دامـەزراوە، پـەروەردە و ئاسـتی داهێنانـی سـەربازی وڵات.

3 - تواناکانــی خــودی هێــزە شــەڕکەرەکان کــە لەرێگــەی چەندیــن هــۆکار و فاکتــەری مــادی و نامادییــەوە هەڵســەنگاندنی بــۆ دەکرێت.(بڕوانــە: زرقانــی، 2008: 88).

## 2

## هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان

### 2-1 - پوختەیەك لەسەر «داعش»

ســەرەتاکانی دروســتبوونی «داعش» دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2004 کــە «زەرقــاوی» جەماعەتــی تەوحیــد و جیهــادی وەکــوو تۆڕێکــی ســەر بــە رێکخــراوی قاعیــدە لــە بیــلادی رافیدەیــن دامەزرانــد. لــە ســاڵی 2006 زەرقــاوی ئەنجومەنــی شــووراي موجاهیدینــی بــە رێبەرایەتــی عەبدوڵــلا رەشــید بەغــدادی دامەزراند، بــەڵام زەرقاوی کــوژرا و «ئەبــوو حەمــزی موهاجیــر» بــوو بــە رێبــەری قاعیــدە لــە عێــراق. هــەر لــە هەمــان ســاڵدا گروپێــك کــە لــە هەمــوو گروپــە جیهادییــەکان پێکهاتبــوو بەنــاوی دەوڵەتــی ئیســلامی عێــراق بــە رێبەرایەتــی «ئەبووعومــەر بەغــدادی» دامــەزرا. بــەڵام لــە ســاڵی 2010 ئەبــوو حەمــزەی موهاجیــر و ئەبــوو عومــەر بەغــدادی کــوژران بۆیــە پاشــان « ئەبووبەکــر بەغــدادی» بــوو بــە ئەمیــری ئــەم رێکخــراوە. نــاوی تــەواوی ئەبووبەکــر بەغــدادی « ئیبراهیــم بــن عــەواد بــن ئیبراهیــم بــەدری بــن عەرمــوش»ە و لــە ســاڵی 1971 لــە شــاری ســامەرا لــە عێــراق لــە دایکبــووە. ئەبووبەکــر بەغــدادی دکتــۆرای لــە حقوقــی ئیســلامی لــە زانکــۆی بەغــدا وەرگرتــووە و پــاش 2003 ماوەیەکیــش وەکــوو پێشــنوێژ و مــەلا لــە شــاری فەللوجــە کاریکــردووە.

داعــش لــە شــوورایەکی 8 تــا 13 کەســی پێکدێــت کــە ئــەم شــوورایە لەلایــەن ئەفســەرێکی ســوپای پێشــووی بەعســەوە

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

سەرپەرشـتیدەکرێت. نـاوی ئـەم ئەفسـەرە « حاجـی بەکـر»ە. پێشـتر راوێـژکاری ئەبووعومـەر بەغـدادی و ئەبـوو حەمـزە موهاجیـر بـووە. ئـەم گرووپـە کەسـێکی بەنـاوی «ئەبـوو سـەفوان رفاعـی» دانابـوو بـۆ تیرۆرکـردن و تیمـی تیـرۆر نزیکـەی 100 کەسـی بـوون و گەلێـک چالاکـی جیـا - جیایـان بـۆ تۆقانـدن لـە شـارەکان بەتایبـەت بەغـدا ئەنجـام دا. سـەرچاوە داراییەکانـی ئەم گروپـە لەلایـەن کەسـانی سـەر بـە رژێمـی پێشـووتر و هەروەهـا هەنـدێ سـەرۆك عەشـیرەت بـە نهێنـی دابیندەکرێـت. جگـە لـە وەرگرتنـی بـاج لەرێگـەی رفانـدن و تۆقاندن و هەرەشـەی کوشـتن، مانگانـە لـە دەوڵەمەنـدەکان پـارە وەردەگیرێـت. هەروەهـا لەرێگـەی دانانـی خاڵـی پشـکنین و دەستبەسـەرداگرتنی پـارە و شـتی گرانبەهـا یـان بەدەسـتهێنانی چـەك لـە شـەڕەکان و پاشـان فرۆشـتنییەوە دابیندەکرێـت. ئەمـە جگـە لـە هەنـدێ کەسـایەتی وەهابـی و تونـدڕەوەی دەوڵەمەنـدی سـعودیە.

لـە سـاڵی 2011 و دروسـتبوونی قەیرانـی سـوریا ئـەم گرووپـە « جەبهـەی نـوسرە»ی بەمەبەسـتی دژایەتیکردنـی رژێمـی بەشـار ئەسـەد و کۆنترۆڵکردنـی سـوریا و هەروەهـا وەرگرتنـی هـاوکاری لـە وڵاتانـی خەلیجـی و عەرەبـی بەتایبـەت سـعودیە دامەزرانـد. جێگـەی ئاماژەیـە کـە سـەرکردەکانی داعـش هەموویـان عێراقیـن بەپێچەوانـەی بیـروڕای گشـتی. «ئەبـوو محەممـەد جۆلانـی» ئەمیـری جەبهـەی نـوسرە لـە راسـتیدا لەلایـەن دەوڵەتـی ئیسـلامی عێـراق و حاجـی بەکـر و ئەبـوو بەکـر بەغدادییـەوە راسـپێردرا. بـەڵام دواتـر بەهـۆی ئـەوەی کـە نەچـووە ژێـر دەسـەڵاتی ئەبوبکـر بەغـدادی و ترسـی بەغـدادی لـە زۆرتـر بـە هێزبوونیـان وایکـرد کـە شـەڕ و پێکدادانیـش لەنێوانیانـدا دروسـتببێت و هەوڵـی تیرۆرکردنـی ئەبـوو محەممـەد جۆلانـی درا و چەنـد سـەرکردەیەکیان وەکـوو؛ ئەبـوو حەفـس جنـدی (عومـەر موحیسـنی) و ئەبـوو عومـەر جـزراوی (عبدالعزیـز العسـمان) کـە جێگـری جۆلانـی بـوون، تیرۆرکـران. پاشـان ئەبووبەکـر بەغـدادی بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی جەبهـەی نـوسرەی دا، بەڵام ئـەوان ئەم کارەیـان نەکـرد. بۆیـە بەغـدادی « ئەبووبەکـر عومـەر قەحتانـی» خەڵکـی سـعودیەی بـە ئەمیـری شـام هەڵبـژارد.

لەم قۆناغەدا بوو کە لە (2013) دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دامەزرا. بەشێك چوونە پاڵ ئەبوو محەممەد جۆلانی» و بەشێك هاتنە پاڵ بەغدادی و بەشێك خۆیان کشاندەوە. لەم قۆناغەدا کەسێك بەناوی «بەندەر شەعلان» کە ئەفسەرێکی هەوالگری سعودیە بوو، هاتەپاڵ بەغدادی. ئەم کەسە وەکوو ئاڵقەی پەیوەندی وایە لەنێوان داعش و سعودیە. بەڵام هەوڵیداوە لە هەموو وڵاتانی خەلیج لەنێو توندڕەوەکاندا هاوکاری بۆ کۆ بکاتەوە (اسدی و امیری، 2014: 6).

بەگشتی بەپێی ئایدیۆلۆژیا و ئامانج و کردەوەکانی داعش، دەبێ ئەم گرووپە تیرۆریستییە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی جیهانی و سەروونەتەوەیی و هەڵگری بیری توندڕەوی ئایینی - مەزهەبی بزانین کە لەرووی ئابووری، سیاسی، سەربازی و ئاسایشییەوە جیاوازی لەگەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەدا هەبووە (احمدیان، 2015: 47).

لە سەرەکیترین هۆکارەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی داعش دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین بۆ نموونە:

1 - ئاڵنگاری و ناکۆکییە سیاسی و مەزهەبییەکانی ناوخۆی عێراق

2 - لاوازی و شکستی هێزە ئاسایشی و سەربازییەکانی عێراق

3 - قەیرانی سووریا و بەرزبوونەوەی توانای ئەندامگیری و سەربازگیری داعش

4 - بەرزبوونەوەی ناکۆکییە هەرێمییەکان و پتشتیوانی ناراستەوخۆ لە داعش لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە (اسدی و امیری، 2014: 20).

بەشێوەیەکی گشتی داعش خاوەن رێکخستنێکی رایەڵکەییە، بەم واتایە کە نە دەوڵەتە و نە پارتی سیاسی، بۆیە ئەندامەکانی لەهەموو جیهان دەتوانن خۆیان رێکخستنی تایبەتیان هەبێت و تەنانەت تاکەکانیش کە هەڵگری ئەو بیروباوەڕەن، دەتوانن ئەرکی خۆیان جێبەجێبکەن، بۆیە چەمکی «گورگی تەنیا» بۆ ئەندامەکانیان بەکاردەهێنن (عباسی، 2014: 114).

## 2-2 - داعش و هەرێمی کوردستان

لـە دوایین ساتەکانی ڕێکەوتی 9ی حوزەیران و سەرەتای 10ی حوزەیرانی ساڵی 2014دا گرووپی تیرۆریستی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق (داعش) کە بە نزیکەی (1300) هێزی چەکدار دەخەملێندران، شاری مووسڵ کۆنترۆڵدەکەن. هەروەها دەست بەسەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەو شارە و زۆربەی بنکە سەربازی و حکومییەکاندا دادەگرن و زیاتر لە (500،000) کەس ئاوارە دەبن[5]. هەروەها لە ڕۆژی 29ی حوزەیراندا داعش خەلافەتی جیهانیی ئیسلامی ڕاگەیاند. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە «ناوی پیلای»(Navi Pil-lay) کۆمیسەری باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ، کردەوەکانی داعشی وەکوو تاوانی جەنگ ناساند. لە ڕێکەوتی هەشتی ئابی 2014دا، «باراك ئۆباما» فەرمانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش دەرکرد و ڕایگەیاند کە ئێمە دەبێت بەوردی و بەرپرسیارێتییەوە بۆ ڕێگەگرتن لە کۆمەڵکوژی مامەڵەبکەین و ئەگەر هێزەکانی داعش لە هەولێر نزیك ببنەوە ئەوە هێرشی ئاسمانی دەکەینە سەریان[6].

چونکە لە ڕێکەوتی سێی ئابی 2014دا داعش هێرشی کردە سەر ئێزدییەکان لە شنگال و لە ئەنجامی ئەو پەلامارەدا زیاتر لە 430000 هەزار کوردی ئێزدی و پێکهاتەی دیکەی وەکوو؛ کریستیان و کاکەیی ئاوارەبوون کە 140 هەزار کەسیان بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لە چیای شنگال بەبێ نان و ئاو گیریانخوارد و 290 هەزار کەسیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان و تورکیا و سووریا بوون. هەروەها بەوتەی وەزیری کاروباری شەهیدان «لە سەرەتای پرۆسەی داگیرکارییەکەدا زیاتر لە هەزار و 800 کەس دووچاری کوشتنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە کە تەنها لە گوندی کۆچۆ 400 پیاوی ئەم گوندە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا زیندەبەچاڵ کراون. هەروەها لەبارەی ڕفاندنی کچ و ژن و ئافرەت و منداڵی ئەو ناوچەیەش، وەزیری کاروباری

5 -See: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-27778112

6 - See: http://www.bbc.com/persian/world/2014/08/140807_u07_obama_iraq_isis_airstrike.shtml

شـــەهیدان و ئەنفالکـــراوەکان رایگەیانـــدووە: «لـــەم پرۆســـەیەدا زیاتـــر لـــە **3** هـــەزار ژن و کـــچ و منـــداڵ رووبـــەڕووی توندوتیـــژی بوونەتـــەوە بـــە هەمـــوو شـــێوەیەک، هەروەهـــا گۆڕینـــی ئاییـــن و ونبوونـــی زیاتـــر لـــە **500** کـــەس لـــە ژن و منـــداڵ».

وەزیـــری کاروبـــاری شـــەهیدان و ئەنفالکـــراوەکان ئاماژەشـــی بـــەوە کـــرد کـــە داعـــش ســـەرجەم هەنگاوەکانـــی جینۆســـایدی پەیڕەوکـــردووە و لەمبارەیـــەوە گوتـــی: «دەرکردنـــی کوردانـــی ئێزیـــدی لـــە شـــنگال و هەڵاتنیـــان بـــەرەو چیـــای شـــنگال و گەمارۆدانیـــان بـــە مەبەســـتی قڕکردنیـــان و کوشـــتنیان کـــە لەبـــەر تـــرس و هیلاکـــی و ماندووبـــوون و برســـێتی ژمارەیەکـــی زۆر لـــە ژن و منـــداڵ و پیروپەککەوتـــە ژیانیـــان لـــە دەســـتدا و بڵاوبوونـــەوەی حاڵەتـــی نەخۆشـــی دەروونـــی لەنێـــوان ئـــەو خەڵکانـــەی کـــە لـــە چیـــای شـــنگال گیریانخواردبـــوو بـــۆ چەندیـــن رۆژ بـــە بـــێ خـــواردن و دەرمـــان و پێداویســـتی رۆژانـــەی ژیانیـــان وکوشـــتنی بـــە کۆمەڵـــی خەڵکانـــی ســـڤیل و بێتـــاوان و شـــاردنەوەیان لـــە گـــۆڕە بەکۆمەڵـــەکان و جیاکردنـــەوەی ژنـــان و کچانـــی ئێـــزدی لـــە خێزانەکانییـــان و هـــاوکات مارەکردنـــی کچـــان و ژنانـــی ئێـــزدی لـــە چەکدارانـــی تیرۆریســـتی داعـــش بەشـــێوەیەکی زۆرەملـــێ بەنـــاوی نیـــکاح و دەستاوەدەســـتکردن و دەســـتدرێژی ســـێکسی بـــۆ ســـەر کچـــان و ژنانـــی ئێـــزدی بـــێ ڕەزامەنـــدی خۆیـــان[7].

لـــە رۆژی یەکەمـــی ئۆپەراســـیۆنی ئازادکردنـــی شـــنگالدا (**12/11/ 2015**) کـــە بـــە بەشـــداری **7** هـــەزار و **500** پێشـــمەرگە و بەپاڵپشـــتی **26** فڕۆکـــەی هاوپەیمانـــان **3** رۆژی خایانـــد، **150** کیلۆمەتـــری چوارگۆشـــە کۆنترۆڵکرانـــەوە. بەپێـــی راگەیەندراوێکـــی فەرماندەیـــی گشـــتیی پێشـــمەرگە، چەکدارانـــی داعـــش زیاتـــر لـــە **100** تەرمیـــان لـــە بەرەکانـــی شـــەڕ جێهێشـــت و **75%**ی ئۆپەراســـیۆنەکە کۆتاییهـــات[8]. پاشـــان بەرێـــز مەســـعود بارزانـــی ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان لـــە رێکەوتـــی **13/11/2015** هەواڵـــی ئازادکردنـــی تـــەواوی

7 - See: http://zagrosn.com/19592-1

8 -See: http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1211201560?keyword=%D8%B1%D9%88%D9%88%D8%AF%D8%A7%D988%

شـنگالی بەفەرمـی لەسـەر چیـای شـنگال ڕاگەیانـد[9].

هەروەهـا لـە ڕێکەوتـی **3/8/2018**دا وەزیـری کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان ئامـاژەی بـەو کەیسـانە کـرد کـە لـە دەسـتەی لێکۆڵینـەوە و بەبەڵگەکـردن کاری لەسـەر کـراوە. چەنـد ئامارێکیشـی لـەو بارەیـەوە بەمجـورە خسـتەڕوو و گوتـی: «تاکـوو ئێسـتا **4206** دۆسـیە تۆمارکـراوە و **1778** لێکۆڵینـەوە تێیانـدا تـەواو کـراوە و **2428** دۆسـیەش لەژێـر لێکۆڵینەوەدایـە و **1192**یـان تایبەتـن بـە ژنـان و کچـان[10].

دوای نزیکـەی **18** مانـگ لـە جینۆسـایدی کوردانـی ئێـزدی، ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی ئەمریـکا بەکـۆی دەنـگ کەیسـی کوردانـی ئێـزدی بـە جینوسـاید ناسـاند. ڕۆژی سێشـەممە **15/3/2016** لەکـۆی **393** کۆنگرێسـمان کـە ئامـادەی دانیشـتنەکە بـوون، پرۆژەکـە **393** دەنگـی بەدەسـتهێنا. واتـە هیـچ دەنگێـک دژی کەیسـی کوردانـی ئێـزدی نەوەسـتایەوە. دوایینجـار کـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی ئەمریـکا بەکـۆی دەنـگ، دەنگـی لـە سـەر جینوسـایدی گەلانـی دیکـەدا سـاڵی **2004**بـوو کاتێـک کەیسـی دارفـوری بـە جینۆسـاید ناسـاند. تەنیـا دوو ڕۆژ دوای ئـەوەی کۆنگرێسـی ئەمریـکا یاسـای بـە جینۆسایدناسـاندنی کەیسـی کـوردە ئێزدییـەکان و مەسـیحییەکانی تێپەڕانـد. وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا هاوشـێوەی کۆنگرێـس کردەوەکانـی داعشـی بەرامبـەر بـە کـوردە ئێزدییـەکان بـە جینۆسـاید وەسـفکرد.

جـۆن کێـری، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا لە پرێس کۆنفرانسـێکدا لـە واشـنتن ڕایگەیانـد، کردەوەکانـی داعـش بەرامبـەر بـە کـوردە ئێزدییـەکان لـە شـنگال، کریسـتیانییەکان لە قەرەقوش، شـەبەک لە موسـڵ و تورکمانـە شـیعەکان لە ئامرلـی و تەلەعفەر، جینۆسـایدن. «کێـری» گوتـی: «داعـش لـەو ناوچانـەی کـە لەژێـر دەسـەڵاتیدایە بەرپرسـیارە لـە ئەنجامدانـی جینۆسـاید بەرامبـەر بـە ئێزیـدی، مەسـیحی و موسـڵمانە شـیعەکان. داعـش ئایدیۆلۆژیاکـەی، بیروبـاوەڕی، کردەوەکانـی، ئـەوەی دەیـکات، ئـەوەی بـاوەڕی

9 -See: http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1211201560?keyword=%D8%B1%D9%88%D9%88%D8%AF%D8%A7%D988%

10 -See: http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=583&section=3

پێیەتــی ئایدیۆلۆژیــای داعــش بەرپرســیارە لــە تاوانــی دژ بــە مرۆڤایەتــی و پاکتــاوی رەگــەزی دژ بــەو گرووپانــەی باســمانکرد. هەروەهــا هەندێکجــار دژ بــە کــورد و دژ بــە ســوننەکانیش جینۆســایدی ئەنجامــداوە» [11].

لــە چاوپێکەوتنێکــدا لــە رۆژی **20/8/2018**کــە لەگــەڵ بەرێــز «نەجــات عەلــی ســاڵح» فەرمانــدەی یەکــەی **80**ی هێزەکانــی پێشــمەرگە ئەنجامــدراوە، ناوبــراو لــە شرۆڤــەی هــۆکاری دەستبەســەرداگرتنی خێــرای بەشــێك لــە ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی هەرێمــی کوردســتان و نزیکبوونــەوە لــە هەولێر لەلایەن رێکخــراوی تیرۆریســتی «داعــش»ەوە گوتــی: «لەراســتیدا پــاش ســاڵی **2003** و پێــش هێرشــی داعــش، ئــەو ناوچانــە بەتــەواوی لەژێــر دەســەڵات و کۆنترۆڵــی هێزەکانــی پێشــمەرگەدا نەبــوون، بەڵکــوو هێــزە عێراقییــەکان لــەو ناوچەیــەدا باڵادەســت بــوون و لــە هەندێــك شــوێن (بــۆ نموونــە لــە کەرکــووك) بــە هاوبەشــی بەرێوەدەچــوو. بۆیــە پێشــمەرگە دەســەڵاتی تــەواوی ســەربازی بەســەریاندا نەبــوو، چونکــە بەناوچــەی کێشــە لەســەر یاخــود ناوچەکانــی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێمــی کوردســتان دادەنــران. هــەر بۆیــە ئەمــە بــووە هــۆی دروســتبوونی جۆرێــك لــە بۆشــایی ئاسایشــی لــەو ناوچانــە».

هەروەهــا بەرێــز نەجــات عەلــی دەربــارەی هۆکارەکانــی پاشەکشــێکردنی ناچــاری پێشــمەرگە لەســەرەتای هێرشــی داعــش لــە هەندێــك لــەو ناوچانــە ئامــاژەی بــە چەنــد خاڵێــك دا و گوتــی: « یەکێــك لــە هــۆکارەکان ئــەوە بــوو کــە لەمــاوەی چەنــد ســاڵی رابــردوودا نەتوانــدرا وەکــوو پێویســت هەمــوو هێزەکانــی پێشــمەرگە بەتــەواوی رێکبخرێتــەوە. هەروەهــا پاشەکشــێی خێــرا و چاوەڕواننەکــراوی **5** فیرقــەی پڕچەکــی هێزەکانــی عێراقــی لــە موســڵ و ناوچــە سوننەنشــینەکان بۆشــایی گــەورەی ســەربازی دروســت کــرد و لەلایەکــی تریشــەوە وایکــرد کــە ژمارەیەکــی زۆر لــە چــەك و تەقەمەنــی پێشــکەوتووی ســەربازی کــە لەلایــەن ئەمریــکاوە درابوویــە هێــزە ســەربازییەکانی عێــراق، بکەوێتــە

11 - See: http://www.moma-krg.org/Default1.aspx?page=article_page&id=4301&l=3

دەسـت تیرۆریسـتەکانی داعـش و ئەمـەش بەبـەراورد لەگـەڵ ژمـارە و جـۆری چەکـی تەقلیـدی سـەربازی و تەقەمەنـی کۆنـی بەردەسـتی هێزەکانـی پێشـمەرگە کـە ئەویـش لـە سـاڵی**2003** بـەدواوە و لـە سـەردەمی ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس کەوتبـووە ژێـر دەسـتی پێشـمەرگە، نابەرابـەری گـەورەی سـەربازی لـە زیانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە دروسـتکرد. بۆیـە ئـەم فاکتەرانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە سـەرەڕای بەرگـری قارەمانانـە لـەو ناوچانـە، بـەڵام ناچـار بـن پاشەکشـێ بکـەن و چەندیـن ناوچـەی گرنـگ بکەوێتـە دەسـت هێـزەکان داعـش»[12].

بەشـێوەیەکی گشـتی، دەتوانیـن بڵێیـن سـەرەڕای مەترسـیی ئاسایشـی و کارەسـاتەکانی ژینگەیـی و مرۆیـی هێرشـی داعـش، جەنگـی پێشـمەرگە لـەدژی داعـش پێگـەی هەرێمـی کوردسـتانی لـە هاوکێشـە سیاسـی و جیۆسیاسـییەکانی هەرێمـی و نێودەوڵەتی بەرزکـردەوە و هاوسـۆزی و پاڵپشـتی نیودەوڵەتـی گـەورەی بـۆ کوردسـتان بـەدوای خۆیـدا هێنـا (صفـوی و خاکسـار، **2018**: **42**).

3

# ئاسایشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگەیی و ژینگەیی

## 3-1 - ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵگەیی

لەڕاسـتیدا هەمـوو کێشـە ئابـووری و سیاسـی و ژینگەیـی و کۆمەڵگەییـەکان پەیوەندییـان پێکـەوە هەیـە یاخـود ئاوێتـەی یەکتریـن و هەرێمـی کوردسـتان وەکـوو بەشـێك لـە عێـراق لەژێـر کاریگـەری گۆڕانکارییـە ئاسایشـی و سیاسـی و ئابـووری و ژینگەیـی و کۆمەڵگەییەکانـی عێراقدایـە[13]. بۆیـە بڕینـی

12 - See: http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=202003

13 - چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ «نەجات عەلی ساڵح»، فەرماندەی یەکەی **80**ی هێزەکانی پێشمەرگە، ڕێکەوت: **2018-8-20**.

بودجەی کوردستان لەپاڵ بارودۆخی نائاسایشی لە عێراق و جەنگی دژی داعش و هەروەها قەیرانی ناوخۆیی سیاسی لە کوردستان لەلایەك و لەنێوان کوردستان و بەغدا لەلایەکی ترەوە، ئاسایشی هەرێمی کوردستانی خستە ژێر هەڕەشەوە. بێجگە لەمەش دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی، قەیرانەکانی هەرێمی کوردستانی قووڵتر کرد. بەڵام لەراستیدا پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەم بووە خاڵی سەرەکی ناکۆکی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی لێکەوتە و کاردانەوەکانی دواتری[14].

ئاسایشی کۆمەڵگەیی (**Societal Security**)، پەیوەندیی توندوتۆڵی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، کاتێك کۆمەڵگەکان ئاسایشیان هەیە کە ناسنامەیان نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە؛ مەبەستیش لە مەترسیی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ئەو مەترسییانەن کە مانەوەی کۆمەڵگە دەخەنە ژێر هەڕەشەوە. لێرەوە بەردەوامی و گەرەنتیی مانەوەی ناسنامە کۆمەڵایەتییە جیا - جیاکان و بەرژەوەندی و پێگەیان و میکانیزمی گونجاو و گەرەنتیکردنیان، هەروەها چارەسەرکردنی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەکان مەبەستە و، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە سەرچاوەی ئاسایش[15]..

ئەندامانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی **21/9/2013** لەرێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانەوە بە یاسای ژمارە **1** ساڵی **1992** یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان، هەڵبژێردران. بەپێی ئەنجامەکانیش لە سەد و یازدە کورسیەکەی پەرلەمان سەد کورسی بەسەر نۆ هێزی سیاسیدا دابەشبوو کە پێنجی سەرەکییان بوونە

14- See: http://documents.worldbank.org/curated/en/542811487277729890/pdf/IRAQ-SCD-FINAL-cleared-02132017.pdf

15 - See: http://studies.aljazeera.net/mritems/Documents/2016/2/7/2016278556374734Kurdish-against-ISIS.pdf

پێکهێنــەری حکومــەت و یانــزە کورســییەکەی دیکــەش تایبــەت بــوو بەکۆتــای پێکهاتــە نەتەوەییەکانــی تورکــمان، سریــان، کلــد، ئاشــوور و ئەرمەنــی. لــەدوای ئاشــکراکردنی دەرئەنجامــی هەڵبژاردنــەکان لــە 6/11/2013 پەرلەمانتــاران ســوێندی یاساییان خــوارد و یەکــەم دانیشــتنی پەرلەمــان ئەنجامــدرا، بــەڵام بەهــۆی ڕێکنەکەوتنــی لایەنــە سیاســییەکان نەتوانــرا ســەرۆك و جێگــر و ســکرتێری پەرلەمــان دیاریبکرێــن. ئەمــەش وایکــرد دوای شــەش مانــگ و لەبــەرواری 29/4/2014دا، دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلەمــان بەدەنگــی 84 بــۆ ســەرۆك و 79دەنــگ بــۆ جێگــرو 73 دەنــگ بــۆ ســکرتێری پەرلەمــان دەستنیشــانبکرێن.

بــەو پێیــەش ئــەو پەرلەمانــەی کــە بەپێــی یاسا هاوڵاتیــان بــۆ چــوار ســاڵ دەنگیــان پێدان، تەنیا 17 مانگــی تەواوکــرد و کارەکانی پەککخــرا. لــەدوای ئــەوەی پەرلەمانــی کوردســتان لەکۆبونــەوەی 23ی حوزەیــران، کاتێــك خوێندنــەوەی یەکــەم بــۆ چــوار پــرۆژە یاسا ئەنجامــدرا، کەتایبــەت بــوون بــە هەمواركردنــەوەی یاسای ژمــارە 1ی ســاڵی 2005 یاســای درێژكردنــەوەی ویلایەتــی ســەرۆکایەتی هەرێــم، کــە ماوەکــەی لــە19ی ئابــی هەمــان ساڵدا کۆتاییدەهــات، پارتــی دیموکراتــی کوردســتان نارەزایەتــی خــۆی دەربــڕی. لــەدوای پەککەوتنــی کارەکانــی پەرلەمانیــش فراکســیۆنی سێیەمی پەرلەمــان (ی.ن.ك) دەڵێــت: «ئــەم دۆخــەی ئێستا یاسا دروســتینەکردووە، بۆیــە بەیاســاش چارەســەرناکرێت».بێگەرد تاڵەبانــی ســەرۆکی فراکســیۆنی ســەوز لەپەرلەمانــی کوردســتان بــاس لــەوە دەکات بەهــۆکاری ئــەوەی تائێســتاش واقعــی هەرێمــی کوردســتان نەیتوانیــوە لایەنــە سیاســییەکەی تێپەڕێنێــت و مامەڵــە لەگــەڵ دامــەزراوەدا بــکات، ئەمــە وایکــردووە پرســەکان ســەرەتا لەلایــەن هێزەکانــەوە چارەســەربکرێن پاشــان بهێنرێنــە پەرلەمــان[16].

هەروەهــا «دکتۆر فوئاد حسێن» ســەرۆکی دیوانی ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان رایگەیانــد کــە دوای کۆبوونــەوەی ئێــوارەی نێــوان پــارت و لایەنــە سیاســیەکان لــە هەرێــم لــە ڕێکەوتــی 18/8 و دواتــر کۆبوونــەوەی پێنــج قۆڵــی لــە بەرەبەیانــی رۆژی 19/8

16 - See: http://www.penus.krd/news154-10.htm

بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێکەوتن کرا لەسەر دواخستنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، نیگەرانی لەلایەن پارت و لایەنە سیاسیەکان دروستبوو بەهۆی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان لە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی **19/8** هەرچەندە بەهۆی تەواونەبوونی ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کۆبوونەوەکە هەڵگیرا[17] .

لەلایەکی ترەوە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دکتۆر «یوسف محەممەد سادق» دوای سەردانێکی بۆ شاری هەڵەبجە و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی شارەکە لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: «بەداخەوە ئیرادەیەك نییە بۆ گەیشتن بەڕێگەچارەی ناوەڕاست لەپرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی بەڕێگایەکی یاسایی و شەرعی، بۆیە لەمڕووەوە پەرلەمان هیچ کارێکی نایاسایی نەکردووە». سەرۆکی پەرلەمان لەبارەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە دوا و گوتی: «پرسی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان بەیەك ڕۆژ لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕیوە، چ پرۆژە یاساکەی کە پێشکەشکراوە، چ پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە، لەکاتێکدا هەمواری چوارەمی یاسای سەرۆکایەتی بەو شێوەیەی کە پێنج فراکسیۆنی پەرلەمان داوایان کردووە، نزیکەی دوو مانگ وتووێژی لەسەر کراوە لەپەرلەمان، زیاتر لەوەی کە پێویستە، بۆیە پەرلەمانی هیچ کێشەیەکی بۆ وتووێژی لایەنە سیاسیەکان دروستنەکردووە»[18].

پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە **12**ی ئۆکتۆبەری **2015** بڕیاری دا، ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێگەنەدات «یوسف محەممەد» بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و پەرلەمان و لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: «ئێمە ناچاربووین پەنا بۆ بژارەیەکی خراپ بەرین، بەڵام ترسی ئەوەمان

17 - See: http://www.kie-ngo.org/newdesign/DirejeHewal_K.aspx?Jimare=20164%

18 -See: http://wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=24703&Jor=1

هەبــوو خراپتریــش ڕووبــدات»[19].

## 3-2 - ئاسایشی ئابووری

بێجگــە لــە مەترســییەکانی هێــرش و جەنگــی دژی داعــش، ئاسایشــی سیاســی و ئابــووری و بــەم پێیــەش ئاسایشــی کۆمەڵگەیــی هەرێمــی کوردســتان لەمــاوەی کابینــەی ڕابــردوودا تووشــی ئالنــگاری جیــددی بوویــەوە. دابینکردنــی بژێــوی ژیــان و بەرژەوەندیــی ئابــووری، ناوەرۆکــی بەرژەوەندییەکــی نەتەوەییــە و بەشــێکی گرنگــی ئاسایشــی نەتەوەییــی هــەر دەوڵەتێکــە کــە کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر ژیــان و خۆشــگوزەرانیی مرۆڤــەوە هەیــە ودەتوانێــت بــواری سیاســی و کۆمەڵایەتــی بخاتــە مەترســییەوە یــان بەپێچەوانــەوە، ببێتــە هــۆکاری ســەقامگیری و گەشــەی تــاك و کۆمەڵگــە[20] .

ئەمڕۆکــە ئاسایشــی ئابــووری، کاریگــەری لەســەر ئاسایشــی مرۆیــی و کــۆی ئاسایشــی نەتەوەیــی هەیــە؛ تەنانــەت فاکتــەری ژینگــە و کەشــوهەوا کاریگــەری لەســەر ئابــووری و ئاسایشــی مرۆیــی هەیــە. ئامانجــی ســەرەکیی حکومەتیــش فەراهەمکردنــی ژیانێکــی ئابڕوومەندانــە و دابینکردنــی پێداویســتییەکانی ژیــان و بەرزکردنــەوەی ئاســتی خزمەتگــوزاری و باشــترکردنی ژیانــی هاووڵاتیانــە. هەروەهــا ڕەخســاندنی دەرفەتــی کاری گونجــاو و شــیاوە بــۆ ئەوانــەی توانــا و پســپۆریی پێویســتیان هەیــە بەپێــی تایبەتمەندییــەکان و لەبەرچاوگرتنــی بەهــرە و تواناکانیــان، لــە نێوەنــدی بەرنامــەی فێرکــردن و ڕاهێنــان و پەروەردەکــردن، کردنــەوەی بــوار و دەرفەتــی کاری ئــازاد لــە چوارچێــوەی یاســادا[21].

بــۆ نموونــە، بەپێــی ئامارەکانــی هەرێمــی کوردســتان[ 22 ] ســاڵی **2017**، دوو ملیــۆن و **50**هــەزار کــەس لــە پارێــزگای هەولێــر،

19 -See: http://www.kurdiu.org/index.php/ku/news/7652

20 -See: http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=4655&-section=10&author=%D9%81%D8%B1%D9%87%D8%A7%D8%AF20%%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF

21 - See: http://www.penus.krd/news76-10.htm

22 - See: http://www.penus.krd/news301-10.htm

هەروەها سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان و هەڵەبجە دوو ملیۆن و **70**هەزار کەس لەخۆدەگرن. لە دهۆکیش یەک ملیۆن و **370** هەزار کەس دەژین. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لەساڵی **2013** کە پێش قەیرانی دارایی بوو، ژمارەی لەدایکبوون لە هەرێمی کوردستان **143** هەزار و **580** کەس بووە. واتە ئاستی لەدایکبوون لە هەرێمی کوردستان لەو ساڵەدا لەنێوان **3%** دابووە، بەڵام لە ساڵی **2014** وە تا ساڵی **2016** ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ لە **2.6%** بۆ **2%** [23]. ئەگەر ئەم زیادبوونە هێواشەی دانیشتوانی هەرێم بەوشێوەیە بەردەوامبێت دانیشتوانی هەرێم لەماوەی **20** ساڵی تردا دەبێتە دانیشتوانێکی بەتەمەن و نەوەی نوێ پێکهاتێکی کەم دەبێت، بەوەش لاسەنگی نفوس لەنێوان کورد و عەرەب لە عێراق زیاتر دەبێت[24].

بەپێی ڕووپێوێکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی **2012** کە بە هاوکاریی دامەزراوەی ڕەند [**RAND**] ی ئەمەریکی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هێزی کار و بێکاری لە هەرێمی کوردستان کراوە، یەك ملیۆن و **296** هەزار و **701** کەس، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان **15**بۆ**64** ساڵیدایە، بەشدارییان لەهێزی کاردا کردووە و **102** هەزار **439** کەسیش کە دەکاتە (**9.7%**)، بێکارن. بەڵام ساڵی **2013** بەهۆی باشبوونی ڕەوشی ئابووریی کوردستان ڕێژەی بێکاری بۆ **6.5%** دابەزیوە. بەشداربووانی هێزی کاریش لە کەرتی گشتی و تایبەتدا بۆ (**1** ملیۆن و **339**هەزار و **678**) کەس بەرزبووەوە. لەم ژمارەیەشدا تەنیا**87.186** کەس بێکار بوون. بەپێی ڕووپێوی ساڵی **2014** ڕێژەی بەشداربووانی هێزی کار (**39.25%** ) بووە. ڕێژەی بێکارییش لەو ساڵەدا بۆ (**6.53%**) زیادبووە، واتە سەرەڕای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و هێرشی داعش لەمانگی ئاب، بەرزبوونەوەی زۆری بەخۆوە نەبینیوە.

بەڵام بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و پاشەکشێی

---

23 - See: http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=146&pid=105

24 -See: http://www.basnews.com/index.php/so/reports/423199

کۆمپانیاکانــی وەبەرهێنــان و وەســتانی کار لــە زۆربــەی سـێکتەرەکاندا، ڕێـژەی بێـکاری لـە سـاڵی **2015** بـۆ (**53.13%**) بەرزبووەتــەوە. لەکـۆی ملیۆنێـك و **382** هــەزار و **285** کــەس کـە لـە هێـزی کاردا بـوون، **187** هـەزار و **22** کـەس بێـکارن. بەپێـی ڕووپێوییــەکان دەردەکــەوێ ڕێـژەی بێـکاری لـە **2015** دا دوو هێنـدە زیـادی کـردووە. لـە ڕووپێویەکـەی سـاڵی **2014**ی دەســتەی ئامــاردا دەرکەوتــووە **602** هــەزار و **266** کــەس لــە کەرتـی تایبەتـدا کاریـان کـردووە، بـەڵام سـاڵی دواتـر ژمارەکـە بـۆ **557** هـەزار و **22** کـەس دابەزیـوە. واتـە **45** هـەزار و **244** کـەس بێـکار بـوون. لـە کەرتـی گشـتیش پێنـج هـەزار کـەس لـە کاردا نەمـاون، واتـە ژمـارەی کەسـانی بێـکار لـەو دوو کەرتـە لـە سـاڵی **2015** دا **500** هــەزار و **2444** کــەس بــووە[25].

هەروەهــا تاوەکــوو ســەرەتای ســاڵی **2014** تەنهــا (**3%**)ی دانیشــتوانی هەرێمــی کوردســتان لــە ژێــر هێڵــی هەژاریــدا بــوون، بــەڵام لــە ســاڵی **2016** نزیکــی (**13%**) یــە و ڕێژەکــەش لــە هەڵکشــانە و ئــەوەش هــۆکاری زۆری هەیــە. هەروەهــا ســاڵی **2013** تێکــڕای خەرجــی خێزانــەکان لــە کوردســتان **2** ملیــۆن و **263** هــەزار و **800** دینــار بــوو لــە مانگێکــدا، بــەڵام لــە **2016**دا تێکــڕای خەرجــی خێــزان لــە مانگێکــدا بۆتــە هەشــت ســەدو**42** هەزاردینــار. واتــا زۆر زیاتــر لــە (**50%**) کەمیکــردووە. ســەبارەت بــە داهــات لــە ســاڵی **2013** تێکــڕای داهاتــی خێــزان ملیۆنێــک و **979** هــەزارو **600** دینــار بــووە. لــە ســاڵی **2016** تێکــڕای داهاتــی هــەر خێزانێــک دابەزیــوە بــۆ **770** هــەزار دینــار کــە ئــەوەش دابەزینێکــی زۆرە[26].(بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: دەســتەی ئامــاری هەرێمــی کوردســتان)[27]. لــە ســاڵی **2017**دا دەســتەی ســەربەخۆی مافەکانــی مــرۆڤ لەهەرێمــی کوردســتان ئــەوە دەخاتــەڕوو کــە تاوانــەکان بــەراورد بــە ڕابــردوو ڕوویــان لەهەڵکشــان کــردووە و زۆربــەی تاوانــەکان لــە ئەنجامــی کێشــە ئابوورییــەکان و قەیرانــی دارایــی

25 - See: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=77310

26 -See: http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=334709

27 -See: http://zagrosn.com/25999-1

و کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـوون[28].

## 3-3 - ئاسایشی ژینگەیی

بەشـێوەیەکی گشـتی، مەبەسـت لـە «ژینگـە» بریتییـە لـە سـەرجەم بوونەوەرانـی زینـدوو و نازینـدوو کـە لـە سـەر زەوی یـان بەشـێکی بەشـێوەی سروشـتی بوونیـان هەیـە. ژینگـە بـە هاوبەشـی کۆمەڵێـک گیانـدار و بێگیـان پێکدێـت. پیسـبوونی ژینگـە ئەمـڕۆ بووەتـە یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە ئاسایشـی جیهانی خسـتۆتە بەر هەڕەشـە و مەترسییەوە، چونکە پیسـبوونی ژینگـە سـنووره سیاسـی و ئیدارییـە دەسـتکردەکان ناناسـێت و پیسـبوونی پێکهێنەرەکانـی لەهـەر شـوێنێکی دنیـادا، کاریگـەری خراپـی لەسـەر شـوێنەکانی تریـش لەجیهانـدا دەبێـت [29 ].

لـە مافـە سـەرەتاییەکانی مـرۆڤ و لەبنەمـا گشـتییەکانی ژینگەپارێـزی ئەوەیـە کـە

یەکـەم: ژیـان لـە ژینگەیەکـی سـەلامەت و بێزیانـدا مافێکـی دەسـتووری هەمـوو مرۆڤێکـە.

دووەم: ئاشـتیپارێزەری ژینگەیـە و جەنـگ و شـەڕیش دوژمنـی ژینگـە و پێکهاتەکانیەتـی.

سێیەم: ئاسایشی ژینگەیی بەشێکە لەئاسایشی نیشتمانی.

چـوارەم: ژینگـە موڵکـی نەوەکانـی داهاتووشـە، پێویسـتە بەخاوێنـی ڕادەسـتیان بکەیـن[30].

یەکێـک لـە ئەهامەتییەکانـی دیکـەی داعـش بـۆ ناوچەکـە و کوردسـتان، لێکەوتـە و کاریگەرییـە خراپەکانیەتـی بـۆ سـەر ژینگـە. بەهـۆی شـەڕی داعشـەوە، تێکڕای هێزەکانـی پێشـمەرگە بـە هێـزی پاراسـتنی ژینگەشـەوە ڕەوانـەی بەرەکانی جەنـگ کران. بـەم واتایـە کـە شـەڕی داعـش، دەرگاکانـی لەبـەردەم ڕاوچییـەکان واڵا کـرد کـە بـە ئـازادی و بـە ئـارەزووی خۆیـان بەربنـە گیانـی سروشـت و ڕاوی باڵنـدە و ئاژەڵـە کێوییـەکان بکـەن، چونکـە زۆربـەی هێزەکانـی پاراسـتنی ژینگە، دارسـتانەکانیان بەجێهێشـت

---

28 -See: http://www.krso.net/Default.aspx?page=article&id=893&l=3&#krso2

29 - See: http://www.kurdiu.org/index.php/ku/news/kurdistan/48849

30 -See: http://zhingaparez.blogspot.com/2012/09/blog-post_9.html

و چوونـە بەرەکانـی شـەڕی دژی داعـش. هەروەهـا لـە مـاوەی شـەڕی داعشـدا لـە مووسـڵ و باشـووری کەرکـووك، ڕێژەیەکـی زۆر لـە بیـری نـەوت زیاتـر لـە ملیۆنێـك بەرمیـل نەوتیـان لـێ سـووتاوە. دووکـەڵ و پاشـماوەکانی بـە هـەوا و ئـاوی دیجلـەدا بڵاوبوونەتـەوە. هەروەهـا **35** هـەزار تـۆن گۆگـرد، لـە کانـی گۆگـردی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی مووسـڵ سـووتاوە و چووەتـە نـاو هـەواوە.

ئەمـە کاریگـەری نەرێنـی خسـتووەتە سـەر ژینگـە و دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە و تەنانـەت بـواری بەروبـووم و کشـتوکاڵیش. هەروەهـا هاشـم بریفکانـی بەرپرسـی لیژنـەی وزە و نـەوت لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگای مووسـڵ رایدەگەیەنێـت، پێـش هاتنـی داعـش **120** بیـری نـەوت لـە گەیارە و ناوچەکانـی تـری مووسـڵ کاریاندەکـرد و ڕۆژانـە **30** هـەزار بەرمیـل نەوتییـان بەرهەمدەهـات. بـەڵام دوای شـەڕی داعـش، ئـەم بـڕە کەمیکـردووە بـۆ **60** بیـری نـەوت کـە توانـای بەرهەمهێنانـی پێنج تـا دە هـەزار بەرمیـل نەوتـی ڕۆژانەیـان هەیـە، چونکـە بەشـێکی زۆری داعـش تەقاندنیـەوە. بەگوتـەی سـەرۆکی لیژنـەی نـەوت و وزەی ئەنجوومەنـی پارێـزگای مووسـڵ، تەقاندنـەوە و سـووتاندنی ئـەو بەرهەمـە نەوتییانـە وایکـردووە خەڵـك دووچـاری نەخۆشـی و دەردیسـەری و پیسـبوونی هـەوا بـن، جیـا لـە زیانـی کشـتوکاڵی کـە زەوییـە بەپیتەکانـی بێکەڵـك کـردوون. بۆیـە دووپاتیدەکاتەوە: «پێویسـتە دانیشـتوانی ئـەم ناوچانـە قەرەبـووی دارایـی و مەعنـەوی بکرێنـەوە» .

حاکـم سـەمەد بەرپرسـی دەسـتەی ژینگـەی کوردسـتان ئامـاژە بـەوە دەکات کـە ڕژان و سـووتانی ئەو ڕێـژە زۆرە لە بەرهەمەکانی نـەوت لـەو ناوچانـە، دەبێتـە هـۆی پیسـبوونی هـەوا و کاریگـەری زۆر خـراپ لەسـەر تەندروسـتی مـرۆڤ دروسـتدەکات و دەبێتـە مایـەی تێکـدان و تێکچوونـی خاکەکـە و زیانـی زۆریـش بـە کشـتوکاڵ دەگەیەنێـت. سـەرۆکی دەسـتەی ژینگـە دەڵـێ: «ئەگەر ئـەو پاشـماوانەی نـەوت و گۆگـرد تێکـەڵ بـە ئـاو ببێـت، دیسـان زیانـی گـەورەی دەبێـت. لەوانەیـە تێکـەڵ بـە ئـاوی ژێـرزەوی

ببێ و زیانی گەورە بە دانیشتوان و کشتوکاڵ بگەیەنێت[31].

هەرچەندە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی سێ یاسا و بەڵگەنامەوە پاڵپشتیدەکرێت: یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە؛ یاسای نەوت و غاز؛ گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش. ئەم بەڵگەنامانە کۆمپانیاکان پابەنددەکەن بەوەی کە پێش دەستکردن بە هەر چالاکییەکی بازرگانی یان پیشەسازی، هەڵسەنگاندنی کاریگەری لەسەر ژینگە ئەنجامبدەن لەپێناو قەرەبووکردنەوەی هەر زەرەر و زیانێک کە بە کشتوکاڵی خاوەن زەوییەکان و زەویوزاری دەوربەرییان دەگات. بەپێی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، کۆمپانیاکان دەبێت پابەند بن بەوەی هەموو ساڵێک بەشداربن لە بەخشینی پارە بە سندوقی ژینگە. پێویستە لەسەریان کە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت بهێننەدی و پەیڕەوی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەپێناو بەرگرتن لە پیسبوون و پاراستنی ژینگەدا. ئەمەش پاراستنی رووەک، ئاژەڵ، مۆڵکوماڵ و ناوچەکانی کشتوکاڵ و ماسی دەگرێتەوە. لەنێو پابەندییەکانی تر کە لە گرێبەستەکاندا دانراوە قەدەغەکردنی زەرەرگەیاندن بە ژینگە هەیە لە کاتی دروستکردنی هێڵی بۆڕی و هەڵوەشاندنەوە یان تەسلیمکردنەوەی ناوچەی گرێبەستدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت[32].

لەم ڕووانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وێڕای زیانە فیکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و دەروونییەکانی، زیانێکی گەورەشی بە ژینگەی ئەو ناوچانە گەیاندووە کە کردیە مەیدانی شەڕی خۆی. ئەو ناوچانەش هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

---

31 - See: http://www.gulan-media.com/sorani/print.php?id=4115&-section=10&author=%D8%B9%D9%87%E28%80%C%D8%A8%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%B1%D9%87%E28%80%C%D8%AD%D9%85%D8%A7%D9%20%86%D8%B3%D8%AF%DB8%C%D982%

32 - See: http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=44043&Jor=4

4 - هێرشی 16ی ئۆکتۆبەر و لەدەستدانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان

داعش سەرەڕای هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشی و سەربازییەکانی بۆ کوردستان، دەرفەتێکی لەباریشی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هێنایەئاراوە (یزدانی و دیگران، 2016: 67). بەڵام بەهۆی هەستیاربوونی دەوڵەتانی هەرێمی بەتایبەتی تورکیا و ئێران لەڕووی ئاسایشییەوە لەهەمبەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان، دژایەتی توندی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیان کرد (بڕوانە: جعفری پویا، 1393: 78). ئەوە بوو کە لە پاش بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە رێکەوتی 6/7/2017 و بەرێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە 25-9-2017، وئەنجامی(92،73%) بەدەنگی بەڵێ بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان[33]، لەرێکەوتی 16-10-2017 [34] هێزە سەربازییەکانی عێراق هێرشی سەربازی بۆ کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆلکرابوون، ئەنجامدا[35].

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستا فازڵ میرانی لە گوتوبێژێکی تایبەتدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەربارەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی دواتر، دەڵێت: «ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەوە ڕوویدا، من لەگەڵ تۆمەتدا نیم، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە ئەنجامی سەعدابادێکی ترە، بەڵام بە کارەکتەر و دۆخی جیاواز، ئەوەی تریش بە بۆچوونی من هۆکاری تریش هەیە کە پەیوەندیی بە خۆمانەوە هەیە، ئەویش بریتییە لە ئەنجامی نائیدارەدانی باشی کێشە و گرفتەکان

33 - See: http://mnr.krg.org/index.php/ku/the-ministry-ku/environment

34 - See: http://www.kurdistan24.net/so/news/f8b328c3-7a08-4697-8902-9d3910ccf582

35 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 بڕوانە: (قارەمان نادر محمد، لە بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر"توێژینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە"، هەولێر: دەزگای ستاندەر، 2018).
https://drive.google.com/file/d/1ikKbKKRdfYc4VQdU5o7ampkEfjSoSYP1/view

بـووە لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق.›› هەروەهـا دەڵێـت: « ئێسـتا دوو مەترسـیی گـەورە لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان هـەن، ئـەو مەترسییانەش بـۆ سـەر هەمـوو کـوردە بەبـێ جیاوازیـی حیزبـی سیاسـی و پێکهاتـەی نەتەوەیـی و مەترسییەکانیش بریتیـن لـە: یەکـەم - لێکترازانـی لایەنـە ناوخۆییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان. دووهەمیشـیان - بێدەنگیـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـە لەبەرامبـەر ئـەو هێرشـانەی سـوپای عێراق و حەشـدی شـەعبی دەیکەنـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان[36] و دەشـڵێت: هیـوادارن ئـەو بێوەفاییـەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەرامبـەر هەرێمـی کوردسـتان هەیانبـوو لـە دوای تەواوبوونـی شـەڕی داعـش هەمـان بێوەفایـی نەنوێنـن بەرامبـەر برایانـی پەیـەدە»[37].

راوێـژکاری ئەنجوومەنـی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بەرێـز مـەسروور بارزانـی لـە هەڤپەیڤینێکـی تایبـەت لەگـەڵ تـۆڕی میدیایـی رووداو دەربـارەی رووداوەکانـی کوردسـتان بەتایبەتـی 16ی ئۆکتۆبـەر رایگەیانـد: ((کـە شـەڕی موسـڵ کـرا، ئێمـە زۆر هەوڵمانـدا رێکەوتنێـک بکرێـت لەنێـوان ئێمـە و حکومەتـی عێـراق و پێکهاتـە ئەتنـی و ئاینییەکانـی سـنووری پارێـزگای موسـڵ، بـە چاودێـری ئەمریـکاش وەکـوو هێـزی هاوپەیمانـان کـە رێکەوتنـی سیاسـی لـە پەنـای بەرنامـەی سـەربازی بـۆ ئـەوەی چـۆن چارەسـەری کێشـە و گرفتەکانـی دوای تێکشـکانی داعـش بکـرێ، هیچیـان ئامادەنەبـوون لەسـەر ئـەم خاڵـە لەگـەڵ ئێمـە بێنـە پێـش و زۆر - زۆر پێداگرییـان دەکـرد دەبـێ عەمەلیاتـی عەسـکەری بکـرێ، بـەڵام کەسـیان ئەوەنـدە پەرۆشـی رێککەوتنـی سیاسـیی نەبـوون. ئەمـە خـۆی وەکـو ئاڵایەکـی سـووربوو هەڵگیرا لەسـەر نییەتـی حکومەتـی عێـراق بـۆ داهاتـووی ناوچەکـە، ئەمـە یـەک. دوو، دواخسـتنی شـەڕی حەویجـە. لـەدوای تکریـت دەکـرا شـەڕی حەویجـە زۆر سـەرکەوتووانە ئەنجامبـدرێ، بـۆ دوایانخسـت؟ لـەو کاتـەش ئێمـە نیگەرانـی خۆمـان بـە هەمـوو دۆسـتەکانمان گەیانـد. گوتمـان مەترسـی ئەوەمـان هەیـە شـەڕی حەویجـە بـۆ دواقۆنـاخ هەڵدەگیـرێ، تاوەکـوو هەمـوو هێـزە

36 -See: http://www.penus.krd/news723-10.htm

37 -See: http://www.penus.krd/news723-10.htm

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

عەسـکەرییەکانی عێـراق کـە شـوێنەکان ئازادکـران و داعـش تێکشـکێندرا، بەبیانـووی حەویجـە بهێننـە ئـەو شـوێنانە. چاویـان لەسـەر کەرکـووک و ناوچـە دابڕێندراوەکانـە کـە واش دەرچـوو. لـە ئەساسـدا ریفرانـدۆم ببووایـە یـان نەبووایـە، عێـراق نییەتـی ئـەوەی هەبـوو ئـەم واقعـە لـە کـورد قبوڵنـەکات. بەداخـەوە ئێمە هەمـوو هەوڵێکمانـدا بەشـێوەیەکی ئاشـتییانە و دیموکراسـییانە تەعبیـر لـە رای خۆمـان بکەیـن. عێـراق پەنـای بـردە بـەر زۆر و چـەک و هێـزی عەسـکەری، بـۆ ئـەوەی تەعبیـر لـە رای خـۆی بـکات و ئـەو شـوێنانە لـە کـورد وەربگرێتـەوە)).

هەروەهـا لـە وڵامـی ئـەوەی چـۆن دەرکتـان بـە جموجۆڵـی چەنـد کـەس و لایەنێـك پێـش ڕووداوی **16**ی ئۆکتۆبـەر نەکـرد وتـی: ((وەڵا دەرکـی پێکرابـوو، دەشـمانزانی گفتوگـۆ هەیـە، گفتوگـۆ هەبـوو لەنێـوان ئـەم چەنـد کەسـەی لەنـاو یەکێتـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق، بـەڵام بڕوامـان نەدەکـرد کـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بەتایبەتـی ئـەو هێزانـەی سـەر بـە یەکێتـی بـوون، بـە قسـەی ئەوانـە بکـەن. پێمانوابـوو ئەمانـە خۆڕاگردەبـن و شـەڕدەکەن و ڕێگریـش دەکـەن لـە هـەر هێرشـێک. چەندیـن سـەرکردەی قارەمانـی یەکێتیـش لـە سـەنگەری بەرگـری مانـەوە شەڕیشـیانکرد و شەهیدیشـیان دا. مـن باسـی ئـەوە ناکـەم، هەندێکجـار بەداخـەوە بەشـێوەیەک شـت لێکدەدەنـەوە کـە باسـی یەکێتـی دەکـرێ، باسـی یەکێتـی ناکەیـن .باسـی ئـەو یەکێتییـە شۆڕشـگێڕانە ناکەیـن کـە بەرگرییـان کـرد و هەسـتی نەتەوایەتـی و شۆڕشـگێڕی لەناویانـدا زاڵبـوو، نەچوونـە پەنـای ئـەم خیانەتـە گەورەیـەی کـە چەنـد کەسـێک لەپێنـاو بەرژەوەنـدی تەسـکی شەخسـی خۆیانـدا کردیـان، بـۆ حیزبەکەشـیان نەکـرد، بـۆ خـودی خۆیـان کـرد، بـۆ دەسـتکەوتی مـاددی، بـۆ فرۆشـتن و دزینـی نەوتـی کەرکـووک، ئیـتر بـە ئەمـلا و ئـەولا بیبـەن، بـە حەقیقەتیـش هـەر ئـەوان وایانکـرد کـە ئـەم بابەتـە بەشـێوەیەکی گشـتی کاریگـەری لەسـەر هەمـوو دۆخـی هەرێـم بـکات .ئەگـەر حکومەتـی عێـراق ئـەم ڕێککەوتنـەی نەکردبـا لەگـەڵ ئەمانـە، جورئەتـی پەلاماردانـی پێشـمەرگەی نەبـوو. بیسـتوومانەتەوە، لـە دۆستەکانیشـمان بیسـتووەتەوە،

دەشـمانزانی حکومـەت نەیدەتوانـی، پێشـمەرگە ئەوەنـدە ناوێکی بـەرزی هەیـە کـە حکومەتـی عێـراق نەیدەویسـت و جورئەتـی ئەوەشـی نەدەکـرد بـێ پەلامـاری پێشـمەرگە بـدا، بـەڵام کـە زانـی لەنـاو خـودی کـورددا کەسـانێکی ئەوەنـدە ئاسـتنزم هـەن بتوانـن خیانـەت لـە هاوڕێـی خۆیـان بکـەن، لـە بـرای خۆیـان بکـەن، لـە وڵاتـی خۆیـان بکـەن، خاکـی خۆیـان بفرۆشـن، لەوێـدا کەلێنێـک دروسـتبێ حکومەتـی عێـراق پێیـدا بێـت و پشـت لـە هێـزی پێشـمەرگە بگـرێ، ئەمـە وایکـرد حکومەتـی عێـراق هێـز بجووڵێنێـت و جورئەتـی ئـەوە پەیـدا بـکات بێتـە پێشـەوە.)).

پاشـان لـە وەڵامـی پرسـیاری ئـەوەی کـە هێرشـەکانی حەشـد و سـوپای عێـراق لـە پـردێ، لـە چیـای قەرەچـووخ، لـە مەخمـوور، لـە زومـمار و تلسـقۆف تێکشـکێندران، بۆچـی لـە کەرکـووک ئـەو شـەڕە نەکـرا؟ گوتـی: ((لـە کەرکـووک ئێمـە پێشـبینی ئەوەمـان دەکـرد کـە خەتـی جەبهـە دادەنـرێ، بەتایبەتـی ئـەو هەڤاڵانـەی کـە شـارەزایی بـواری سـەربازین، هەریەکێـک ئیعتیـماد لەسـەر ئـەوی دیکـە دەکات کـە لەلایـەک جەبهـە سـقوتی کـرد یـان تووشـی شکسـتبوو بەتایبەتـی کـە خیانەتکـرا، ئاخـر خیانـەت تەنیـا شکسـت نییـە، خیانـەت ئەوەیـە تـۆ پشـتی بـرای خـۆت بـەردەی، تـۆ دوژمـن لـە پشـتەوە بهێنیـت و شـوێنی لێبگـری، کـە ئەمـە کـرا ئیـتر پێشـمەرگە مەجبووربـوو بیـر لـەوە بکاتـەوە کـە چـۆن خـۆی کۆبکاتـەوە بەرگـری لـەوە بـکات کـە بتوانـێ بەرگـری لێبـکا. پێشـمەرگە هەسـتی بـە پیلانەکـە کـرد لـە خیلالـی ئـەوەی کـە خیانـەت دەکـرا، ئەگینـا پێشـتر کـەس بـڕوای بـەوە نەبـوو، مـن ئێسـتاش باوەڕناکـەم، لەوکاتـەش بڕوامـان نەدەکـرد لەنـاو کـورددا خەڵکێکـی ئەوەنـدە ئاسـتنزم هەبـن بتوانـن خیانەتێکـی لـەو چەشـنە بکـەن «ئەمـە یـەک» - «هـی دووەم» ئـەوەی پێشـبینی نەدەکـرا ئەوەبـوو کـە ئـەو چەکانـەی هاوپەیمانـان بەتایبەتـی ئەمریـکا دابـووی بـە حکومەتـی عێـراق بکەوێتـە دەسـت حەشـدی شـەعبی و ئینجـا ئـەوان بێـن جارێکـی تـر پەلامـاری پێشـمەرگە بـدەن و هێرشـی سـەر پێشـمەرگە بکەنـەوە. ئـەو پێشـمەرگەیەی کـە چەنـد رۆژ پێـش ئـەوە بـە قارەمـان و بـە هاوپەیـمان ناویـان دەبـردن، ئێسـتا بـە چەکـی ئەمریکـی و

بە تانکی ئەبرامز شەهیدبکرێن، پێشبینی ئەو شتانە نەدەکرا. کەس بڕوای بەوە نەبوو کە دنیا بێهەڵوێست بێ، ئەوەی چاوەڕوانیش نەدەکرا ئەوەبوو کە خەڵکی کوردستان بێدەنگ بێ بەرامبەر بەم خیانەتە گەورەیە، یەکێک خیانەتیکرد کردی، ئەمە لە ئاستنزمی خۆیەتی))[38] ].

محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، باسی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەکات و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی ئەو شەوەی کەرکووك گیرا هێزی پێشمەرگە بەرگریی نەکرد؟ ئایا سوپای عێراق هێندە بەهێزە پێشمەرگە نەتوانێت ڕووبەڕووی بوەستێتەوە؟ دەڵێت: «ڕووداوەکان لە 12ی مانگدا دەستی پێکردبوو، بەڵام خەڵکی وا دەزانێت، هەر 17ی ئۆکتۆبەر ئەو ڕووداوانە ڕوویانداوە، بەڵام 16ی ئۆکتۆبەر تەواوکەری ڕووداوەکە بووە و ئەو شەوە شاری کەرکووك و فڕۆکەخانە، سەربازگەی کەیوان دەستی بەسەردا گیراوە، چونکە لە 12ی مانگەوە ناوچەی داقووق و تازەخورماتوو لەگەڵ سەربازگەکان دەستی بەسەردا گیرا. هەروەها ماوەیەک پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر سەربازگەی کەیوان چۆڵکراوە و ئامادەکراوە بۆ ئەوەی تەسلیمی سوپای عێراق بکرێت. هێزی پێشمەرگە یەك هەڵوێست نەبووە، ئەگەر یەك هەڵوێست بوایە پێشمەرگە بەرگری باشی دەکرد. ئەوکاتەش سوپای عێراق دەشکا، خۆ ئەگەر تاوەکوو چەند ڕۆژێك بەرگریمان بکردایە، سوپای عێراق نەیدەتوانی بێتە ناو شاری کەرکووکەوە»[39].

هەروەها دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی(21-10-2017) باس لەوە دەکات کە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ی کەرکووك و خورماتوو و شوێنەکانی تر و تەنانەت پێش ئەو ڕووداو و هێرشانەش، هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی خورماتوو دەیان پێشێلکاری و تاوانیان بەرامبەر هاووڵاتییانی

38 - See: https://www.sbeiy.com/newsdetail4.aspx?jimare=44146

39 - See: http://www.chrka.net/Hawalla-Babat-6251

ئـەو ناوچانــە ئەنجامــداوە تەنیــا بەهــۆی جیــاوازی نەتەوەیــی و تایفــی و مەزهەبــی. ئــەو تاوانانــەی هێزەکانــی حەشــدی شــەعبی لەکاتێکدایــە کــە ئــەو هێــزە لــە لیســتی شــەرمەزاریی نەتــەوە یەکگرتــووەکان هەژمارکــراوە و بەشــێك لــەو تاوانانــەش بەهــاوکاری هێزەکانــی ســوپای عێــراق و تەنانــەت بــە بەرچــاوی هێــزە تەناهییەکانــی عێراقــەوە ئەنجامەدرێــن و بەشــێك لــەو تاوانانــەش دەچێتــە چوارچێــوەی تاوانەکانــی جەنــگ .لــە درێــژەی بەیاننامەکــەدا دەســتەی ســەربەخۆی مافــی مــرۆڤ باســی لــەوە کــردووە کــە ئــەم دۆخــە وای کــردووە ســەدان هاوواڵتــی ئــاوارە و دەربــەدەر بــن لــە خــاك و ماڵــی خۆیــان لــە هــەردوو شــاری کەرکــووك و خورماتــوو و چەنــد ناوچەیەکــی تــر و ڕوویــان لــە شــارەکانی هەرێمی کوردســتان کرد[40].

**5** - گرنگتریــن هۆکارەکانــی لاوازی ئاسایشــی ســەربازیی هەرێمــی کوردســتان

جگــە لــە جەنگــی هێزەکانــی پێشــمەرگە لەگــەڵ داعــش، گــرژی و ناکۆکــی و تەنانــەت جەنگیــش لەنێــوان هێزەکانــی پێشــمەرگە و حەشــدی تورکمانــی لــە دوزخورماتــوو و ناوچەکانــی دەوروبــەری لــە پارێــزگای ســەلاحەدین روویــداوە[41]. نەناردنــی موچــە و بودجــەی هێــزی پێشــمەرگە لــە ڕابــردوو تاوەکــوو ئیســتا هۆکاریکــی ســەرەکیی لاوازی ئــەو هێزەیــە. هەروەهــا ســەرەڕای ئــەوەی کــە ئەمریــکا لــە ئۆگۆســتی **2014**ەوە و هەروەهــا وڵاتانی ئەندامــی ناتــۆ و یەکێتــی ئەورووپــا بەتایبەتــی ئەڵمانیا و فەرەنســا و بریتانیــا یارمەتــی پێشــمەرگە دەدەن و پاشــان کەنــەدا هاتــە ریــزی ئــەو وڵاتانــەوە، بــەڵام لەلایەکــی تــرەوە ناردنــی چــەك و تەقەمەنــی لــە ڕێگــەی بەغــداوە گیروگرفتــی بــۆ هێــزی پێشــمەرگە دروســتکردووە. (**Crispin Smit، 2018; 255-256**). بۆیــە پرســی ئاسایشــی ئابــووری و بــەم پێیــە قەیرانــی دارایی کوردســتان کاریگــەری لەســەر بەهێــزی و کارایــی هێــزی پێشــمەرگە هەبــووە. لەکاتێکــدا کــە عێــراق بەپێــی ئامــاری دامــەزراوەی نێودەوڵەتــی دیراســاتی ســتراتیژیی(**IISS**) تەنهــا لــە ســاڵی **2016**دا نزیکــەی

40 - See: http://www.chrka.net/Hawalla-Babat-6827

41 - See: http://www.chrka.net/Hawalla-Babat-7212

12% لە کۆی داهاتی عێراقی بۆ بواری سەربازی و ئاسایشی تەرخانکردووە و لە ساڵی 2015 ئەم بڕە نزکەی21.2 ملیارد دۆلار لە کۆی 168 ملیار دۆلار داهاتی عێراق بووە کە دەکاتە نزیکەی12.8% بووە.( Cordesman، 2017: 56).

لە روانگەی محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە ئەوە وایکرد کە پێشمەرگە زیاتر رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی تیرۆرستان ببێتەوە. ئەوە بوو کە پێشمەرگە هیچ ئەزموونێکی جەنگی شارستانی و ناوچە دەشتاییەکانی نەبوو. هەروەها بوونی سنورێکی 1400 تا 1500 کیلۆمەتری لەگەڵ داعش کۆنترۆلکردنی زۆر قورس بوو. جگە لەمەش، داعش توانی زیاتر لە 86 هەزار پارچە چەکی پێشکەوتوو لە سوپای عێراق دەستبخات و دەست بەسەر پاڵاوگەی نەوت و شوێنی ستراتیژیدا بگرێت[42].

لە هەڵسەنگاندنی سەرەکیترین هۆکارەکانی لاوازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەتوانین ئاماژە بە بەشدارنەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە هیچ جەنگێک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەلایەك و تاکتیك و کەرەستەی خۆکوژی و مۆدێرنی میدیایی، زانیاری، سەربازی و هەواڵگریی داعش لەلایەکی ترەوە بکەین. هەروەها یەکنەگرتوویی دامەزراوەیی و دابەشبوونی هێزەکانی ئاسایش و هەواڵگری و پێشمەرگە بەسەر دوو پارتی سەرەکی واتە یەکێتی نشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها نەبوونی چەك و تەقەمەنی پێشکەوتوو و نەبوونی ڕاهێنانی پیشەیی و لەمانەش گرنگتر لەلایەك ناکۆکی و ململانێی هێزە سیاسییەکان لەڕووی سیاسییەوە و لەلایەکی تریشەوە نەبوونی مەرجەعێکی باڵای سیاسی وەکوو فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی و واقعی، هۆکاری لاوازی ئەم هێزانەیە[43].

لەلایەکی تریشەوە، بەرفراوانی مەیدانی جەنگ وایکرد کە هێزی پێشمەرگە بەسەر هەشت میحوەردا دابەشببێت:

42 - See: http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/211020177

43 - See: http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=ob-ZRdOqnN/Y=

میحــوەری یەکــەم ناوچــەی جەلــەولا یــان گەرمیــان، میحــوەری دووەم لــە کەرکــوك کــە لەرێــگای ســەرەکی لــە رۆژهەڵاتــی ئــەو شــارەوە دەســپێدەکات، میحــوەری سـێیەم لــە ریگــەی ســەرەکی کەرکــووك تــا رێــگای ســەرەکی بەغــدا درێژدەبوویــەوە. میحــوەری چــوارەم و پێنجــەم لــە قــەزای دوبــزەوە دەســتیپێدەکرد تــا دەگەیشــتە رێــگای ســەرەکی بەغــدا. میحــوەری شەشــەم بریتیبــوو لــە ناوچــەی مەخمــوور و گوێــڕ بەدرێژایــی زیاتــر لــە **120** کیلۆمەتــر و میحــوەری حەوتــەم ئــەو هێزانــەی دەگرتــەوە کــە بەرپرســن لــە پاراســتنی ناوچــەی خــازر و نــاوەران و میحــوەری هەشــتەم بریتیبــوو لــە بەنــداوی مووســڵ و رەبیعــە و رێگــە ســەرەکییەکانی ناوچــەی شــنگال تــا دەگاتــە ناوچەکانــی ســەر ســنووری ســووریا[44].

بەپێــی ئامــارەکان زیاتــر لــە **240** هــەزار هێــزی چەکــدار لــە هەرێمــی کوردســتان بوونیــان هەیــە[45]. دابەشــبوونی هێــزە چەکــدارەکان و پێشــمەرگە بریتییــە لــە:

**1** - **45** هــەزار بەســەر وەزارەتــی پێشــمەرگە کــە لــە **14** لیــوا و پێنــج فەوجــی پێکهاتــەکان (ئێــزدی، کاکەیــی و شــەبەك) پێکهاتــووە کــە ســەربە ســەرۆکایەتی ئەرکانــن.

**2** - هێزەکانــی**70** ســەر بــە یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان کــە بەنزیکــەی **48000** دەخەملیندرێــن.

**3** - هێزەکانــی **80** ســەربە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە بــە نزیکــەی**50000** پێشــمەرگە دەخەمڵێندرێت.

**4** - هێــزی پشــتیوانی یــەك کــە خــاوەن چەکــی قورســە و ســەر بــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتانە.

**5** - هێــزی پشــتیوانی دوو کــە خــاوەن چەکــی قورســن و ســەر بــە یەکیتــی نیشــتمانی کوردســتانن.

**6** - هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ:

- پۆلیس
- هێزەکانی زێرەڤانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان

44- See: https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01436597.2018.1449633?journalCode=ctwq20

45 - See: http://studies.aljazeera.net/mritems/Documents/2016/2/7/2016278556374734Kurdish-against-ISIS.pdf

- هێزەكانی بەرگری و فریاكەوتن سەر بە یەكێتی نشتیمانی كوردستان
- هێزەكانی ئاسایشی پارتی دیموكراتی كوردستان
- هێزەكانی ئاسایشی یەكێتی نشتیمانی كوردستان
7 - هێزەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم:
- هێزەكانی دژە تیرۆری یەكێتی نشتیمانی كوردستان
- هێزەكانی دژە تیرۆری پارتی دیموكراتی كوردستان
8 - سێ لیوای تایبەتی سەركردەكانی پارتی و یەكێتی
9 - فەوجەكانی سەربە حكومەتی بەغدا كە ئەركیان پارێزگاریكردنە لە سەركردە لوتكەییەكان (عەبدولعەزیز عەلائەددین، 2018: 106-107).

ئەمەش وایكردووە كە وەفاداری ئەو هێزانە بەسەر ئاستی نیشتمانی، ئاستی حزبی و تەنانەت ئاستی تاكەكەسیشدا دابەشبووە. بەم واتایە كە ئەم وەفادارییە لەسەرووی ڕێكخستنی فەرمی و یاساییەوەیە و هێزەكانی پێشمەرگە ئەندامی پارتێكی دیاریكراون. ئەمەش لەڕووی كردەییەوە كێشەی گەورەی لە بەرەكانی جەنگدا دروسكردووە.( Feike Fliervoet، 2018: 14-15). باشترین نموونەش لە كارەساتی 16ی ئۆكتۆبەر و ڕووداوەكانی پاش ئەو هێرشەی عێراق بۆ سەر ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستانە[46].

لەم بارەیەوە، بەرێز نەجات عەلی فەرماندەی یەكەكانی 80ی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان لە چاوپێكەوتنێكدا لە 20-8-2018 لەگەڵ توێژەری ئەم توێژینەوەیەدا، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی كە بۆچی لە 16ی ئۆكتۆبەردا كەركووك و ناوچەكانی دەوروبەری و پاشان ناوچەكانی دیكە كەوتە دەستی هێزەكانی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەكان؟ گوتی: « ئەمە بۆ چەند هۆكار و فاكتەرێك دەگەڕێتەوە، یەكەم لەراستیدا هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان تەنها لەڕووی شكڵییەوە یەكیانگرتبوو، هەر بۆیە لە 16ی ئۆكتۆبەر

46 - See: https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01436597.2018.1449633?journalCode=ctwq20

بەشـێك لـە هێزەكانـی لـە كەركـووك و ناوچەكانـی دەوروبـەری لـە دەرەوەی دامـەزراوەی سـەربازی و وەزارەتـی پێشـمەرگە و فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەكدارەكانـی هەرێمـی كوردسـتان فەرمانیـان پێكـرا و سـەنگەرەكانیان تەسـلیمی حەشـدی شـەعبی كـرد. هـۆكاری دووەم ئـەوە بـوو بەهـۆی ئـەم پاشەكشـێ كتوپـڕ و لەنـاكاوە لـە كەركـووك، ورەی پێشـمەرگەكانی بەرەكانـی دیكـەش تێكشـكا و ئەمـەش كاریگـەری لەسـەر پێشـمەرگە دانـا (چونكـە هـەر لـە شـنگالەوە تاوەكوو خانەقیـن هێـزی هاوبەشـی پێشـمەرگەی لێبـوو)، لەكاتێكـدا پێشـمەرگەكان بەورەیەكـی نیشـتمانی و بـەرزەوە بەتایبەتـی لەپـاش سـەركەوتن لـە جەنگـی دژی داعـش و سـەركەوتنی ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی كوردسـتان، خۆیـان بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی قارەمانانـە لەگـەڵ هێرشـی هـەر هێزێـك كـە پەلامـاری كوردسـتان بـدات، ئامـادە كردبـوو. خاڵێكـی گرنـگ ئەوەیـە كـە ئـەم پاشەكشـێیە لەبنەڕەتـدا بەهـۆی كێشـە یاخـود خیانـەت و رێككەوتنیكـی ژێربەژێـری سیاسـی بـوو، نـەك شكسـتی سـەربازی بەهـۆی جەنـگ و پێكدادانـەوە».

نەجـات عەلـی لـە درێـژەدا دەڵێـت: «جگـە لەمانـەش لەبیرمـان نەچێـت كـە نایەكسـانی و نابەرابەرییەكـەی زۆر گـەورە لەنێـوان چـەك و تەقەمەنـی هێزەكانـی پێشـمەرگە هەبـوو، بـەڵام بەرگـری قارەمانانـەی پێشـمەرگە لـە **20**ی مانـگ لـە پـردێ و پاشـان لـە سـحێلا، مەخمـوور، مەحموودیـە و تلسـقۆف زۆر گرنـگ بـوو و سـەلماندی كـە پێشـمەرگە لـەڕووی سـەربازییەوە شكسـتی نەخـواردووە، بەڵكـوو ئەمـە هاوكێشـەیەكی سیاسـی گـەورە بووە. چونكـە ئەگـەر ئـەم شـەڕانە ڕووینەدابا ئـەوە بەدڵنیاییـەوە عێراق بڕیـاری دابـوو كـە بـە ئاسـانی هەولێر و پاشـان هەموو كوردسـتان كۆنترۆڵبـكات. بۆیـە ئـەم شـەڕ و بەرگرییانـەی پێشـمەرگە هەمـوو هاوكێشـەكان و بەتایبەتـی روانگـە و هەڵوێسـتی نێودەوڵەتیشـی گـۆڕی. بۆیـە مـن پێموایـە ئەمـە موئامەرەیەكـی هەرێمـی و تەنانـەت سـەروو هەرێمـی بـوو لەسـەر هەمـوو كوردسـتان و بەتایبەتـی لەسـەر لایەنێكـی هەرێمـی كوردسـتان، وەكـوو هەڵگـری پـرۆژەی ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی كوردسـتان».

هەروەهـا لـە درێـژەدا بەرێـز نەجـات عەلـی گوتـی: «بـەڵام

پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بـە چەنـد خاڵێکـی گرنـگ بکـەم کـە گەورەیـی پیلانەکـە و خۆڕاگـری و بەرگریـی هێـزی پێشـمەرگە روونـتر ببێتـەوە. یەکـەم ئـەوەی کـە ئـەم هێـزە سـەربازییانەی کـە هێرشـیان بـۆ سـەر کوردسـتان هێنـا زۆربەیـان «حەشـدی شـەعبی» بـوون، هەروەهـا سـوپای عێراقیـش بـە هەمـوو هێـزی سـەربازی - مرۆیـی و چەکـە پێشـکەوتووەکانیان لەژێـر کۆنـترۆل و فەرمانـی ئەواندابـوو، تەنانـەت ڕاسـتەوخۆ خەڵکـی شـارەزای سـەربازی حیزبوڵـلای لوبنـان و هێزەکانـی قـەرارگای قودسـی سـوپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامی بەشـداربوون و یارمەتیـان دەدان. بـەڵام بەرگـری پێشـمەرگە بـوو کـە وایکـرد جیهـان بێتـە سـەر خـەت و هاوکێشـەکان بگۆڕدرێـت و بێدەنگـی نێودەوڵەتـی بشـکێت. بۆیـە بەبـڕوای مـن ئەگـەر جەنابـی سـەرۆك بارزانـی کـە ڕاسـتەوخۆ سـەرکردایەتی بەرەکانـی شـەڕی دەکـرد، نەبوایـە ئـەوە بـە دڵنیاییـەوە دەڵێـم کـە ئێسـتا قەوارەیـەك نەبـوو کـە نـاوی هەرێمـی کوردسـتان بێـت، چونکـە پیلانـە سیاسـییەکە و ئاسـت و گەورەیـی شـەڕەکە زۆر لـەوە گەورەتـر بـوو کـە بیـری لێدەکرێتـەوە».

هەروەهـا هەنـدێ پسـپۆڕ وەکـو «پـاول ئیـدۆن» (**Paul Iddon**) ئـەو پرسـیار یاخـود بابەتـە دەخاتـەڕوو کـە جێگـەی پرسـیار و گومانـە ئایـا گۆڕینـی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ هێزێـك یـان سـوپایەکی تەقلیـدی شـەڕکەر لـە ڕاسـتیدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە پێشـمەرگە بتوانێـت بەپێـی پێویسـت بەرگـری لـە هەرێمەکـەی خـۆی بکـەن؟ ئـەو هەڕەشـانەی لەسـەر کوردسـتانن بریتیـن لـە ئەگـەری داگیرکردنـی هەرێمـی کوردسـتان یـان پەلاماردانـی کوردسـتان لـە لایـەن سـوپای عێراقـەوە، بەتایبەتـی لـە ئەگـەری جیابوونـەوەی کوردسـتان لـە عێـراق یـان ئەگـەری ڕوودانـی شـەڕی ناوخـۆ لەنـاو کوردسـتان یـان لەوانەیـە وڵاتانـی دراوسـێ - کـە هەمویـان سـوپای گەورەتـر و چەکـی پێشـکەوتوتریان هەیـە بەبـەراورد بـە کوردەکان، کوردسـتان داگیـر بکـەن. بۆیـە نابـراو بـڕوای وایـە کـە «بەدڵنیاییـەوە دامەزراندنـی هێزێکـی تەقلیـدی یـان سـوپایەك لـە پێشـمەرگە لـە قازانجـی کوردسـتانی عێڕاقـە، بـەڵام هەرێمـی

کوردســتان جگــە لەمــە پێویســتی بــە هەبوونــی هێزێکــی ئامادەیــە کــە بتوانێــت شــەڕی گەریلائاســا بــۆ ماوەیەکــی زۆر درێژخایــەن بــکات ئەگــەر هاتــوو هــەر هێزێکــی دەرەکــی ویســتی هەرێمەکەیــان داگیربــکات، چونکــە ئــەو هەرێمــە لــە هــەر چــوار لاوە داخــراوە».[47]. بۆیــە هەڵبژاردنــی بــژاردەی شــێوازی جەنگــی بەرەیــی یاخــود نەریتــی ســەربازی لەلایــەك و جەنگــی گەریلایــی لەلایەکــی تــرەوە، دەکرێــت خاڵێکــی لاوازی هێزکانــی پێشــمەرگە بێــت کــە پەیوەنــدی بــە بنیاتــی ڕێکخســتنی ســەربازی هێزەکانــی پێشــمەرگەوە هەیــە.

نەجــات عەلــی بەرپرســی یەکــەی **80**ی هێزەکانــی پێشــمەرگە، لــە وەڵامــی پرســیاری ئــەوە کــە بــۆ ڕێکخســتنەوە و یەکخســتنی پێشــمەرگە و بەدامەزراوەییکردنــی هێزەکانــی پێشــمەرگە و دووبارەنەبوونــەوەی ئەزموونــی تاڵــی ڕابــردوو پێویســتە چــی بکرێــت؟ گوتــی: «پێــش هەمــوو شــتێك پێویســتە چارەســەری سیاســی کێشــە و گیروگرفتــەکان بکەوێتــە پێــش ڕێکخســتن و یەکخســتنی ســەربازیی هێزەکانــی پێشــمەرگە، چونکــە کارەســاتی **16**ی ئۆکتۆبــەر برینــە کۆنەکانــی لــە کوردســتان نــوێ کــردەوە و لێکترازانەکانــی قووڵتر کــردەوە». هەروەهــا بەڕێــز نەجــات عەلــی وتــی: « لــە ڕێکخســتنەوە و یەکخســتنەوەی هێزەکانــی پێشــمەرگە دەبێــت ئێمــە ئــەو خالــە لەبەرچــاو بگریــن کــە ناکرێــت تەنهــا لەڕووی ســەربازییەوە بەپێی داواکاری و پشــتیوانی هاوپەیمانامنان، هێــزەکان یەکبخرێتــەوە، بەڵکــوو پێویســتە بەپێــی هەلومــەرج و بــە ڕەچاوکردنــی بارودۆخــی سیاســی و تەنانــەت کۆمەڵایەتــی، کەلتــووری و ئابووریــی هەرێمــی کوردســتان هەنگاوبەهەنــگاو و بــە هــاوکاری و پاڵپشــتی هێزەکانــی هاوپەیمانــان بەشــێوەیەکی کۆنکریتــی ئــەم کارە ئەنجامبدەیــن بــۆ ئــەوە وەکــوو ڕابــردوو ئــەم هەوڵانــە شکســتنەهێنێ و یەکگرتنەوەیەکــی شــکڵی و ڕواڵەتــی نەبێــت». هەروەهــا لــە کۆتاییــدا گوتــی: «پێویســتە وڵاتانــی هەرێمــی دڵنیــا بکەینــەوە کــە ئەزمــوون و ڕووداوەکانــی ڕابــردوو ئــەوەی ســەلماند کــە هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان فاکتەرێکــی

47 - See: http://www.meri-k.org/wp-content/uploads/2018/08/%D8%AF%DB%95%D9%88%DA%B5%DB%95%D8%AA%D8%B3%D8%A7%D8%B2%DB8%C-Part-9.pdf

گرنگـی سـەقامگیری و ئاسایشـی ناوچەکەیـە، نـەك هەڕەشـە و مەترسـی بـۆ سـەر ئـەم دەوڵەتانـە. بۆیـە پێویسـتە ئێمـە نەبینـە بەشـێك لـە ململانێـی هەرێمـی و سـەروو هەرێمیـی».

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان:

**یەکەم:**

گوتـاری فەرمـی سـەرۆکایەتی هەرێـم و حکومـەت لەرێگـەی سـوودوەرگرتن لـە گوتـاری «جەنگـی دژە تیـرۆر» و هەروەهـا «گوتـاری» بەرپرسـیارێتی نێونەتەوەیـی پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ» وایکـرد کـە کوردسـتان خـۆی لەبـەرەی ئـەم وڵاتانـەدا ببینێتـەوە و ئەوانیـش رابکێشـێتە نـاو هاوکێشـە سیاسـی و ئەمنییەکانـی کوردسـتان و لەبەرەیەکـی هاوبەشـدا کوردسـتان لەگـەڵ بەرژەوەنـدی ئـەو وڵاتانـە رێکبخاتـەوە و مەترسـی و هەڕەشـە ئاسایشـییەکانی سـەر کوردسـتان وەکـوو مەترسـی بـۆ سـەر ئاسایشـی ئـەو وڵاتانـە و بەگشـتی کۆمەڵگـەی نێونەتەوەیـی بخاتـەروو. بەتایبەتـی پرسـی جینۆسـایدی ئێزدییـەکان کـە بـووە پرسـێکی نێودەوڵەتـی. بۆیـە جەنگـی دژی داعـش سـەرەڕای هەڕەشـە و مەترسییەکانی، بـووە هـۆی ئـەوەی کـە پێشـمەرگەی کوردسـتان هەمـوو ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان کۆنترۆڵبکاتـەوە. بـەم پێیـە ئـەم شـەڕە لـەڕووی ئاسایشـی نەتەوەییـەوە زۆر گرنـگ بـوو و خاکـی گەڕانـدەوە بـۆ کوردسـتان، جگـە لـەوە لـەڕووی کۆنترۆڵـی

سـەرچاوەکانی نـەوت و گاز و دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـەش، لـەرووی سـەرچاوەی مرۆییـەوە گەنـگ بـوو. بـەڵام ڕووداوەکانـی 16ی ئۆکتۆبـەر بووەهـۆی لەدەسـتدانی زیاتـر لـە 51% لـە خاکی کوردسـتان بـە هەمـوو سـەرچاوەکانی نـەوت و گازی سروشـتییەوە و هەروەهـا سـەرچاوە مرۆییەکانـەوە. بۆیـە ئـەم ڕووداوە مەترسـیدارترین هەڕەشـە بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی کوردسـتان لـە مـاوەی کابینـەی هەشـتەمدا دروسـتکردووە و لـە جەنگـی دژی داعـش مەترسـیدارتر بـووە بـۆ ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان. ئەمـە جگـە لـە لێکەوتـە و ئاسـەوارە نەرێنییـە سیاسـی، ئابـووری، ژینگەیـی و کۆمەڵگەییەکانـی پاشـتری بـۆ ئاسایشـی نەتەوەیـی کوردسـتان.

**دووەم:**

ئەگـەر گرنگتریـن هۆکارەکانـی سـەرکەوتنی کاتـی هێـزە تیرۆریسـتەکان دەستنیشـانبکەین دەتوانیـن بڵێیـن گەورەتریـن خاڵـی بەهێزیـان بەکارهێنانـی زیرەکانـەی هـەردوو جـۆر یـان فاکتەرەکانـی هێـزی نـەرم و هێـزی ڕەق بـوو (Hard Power & Soft Power) کـە بەگشـتی دەتوانـدرێ بـەم شـێوەیە پۆلینبکرێـن:

1 - سـوود وەرگرتـن لـە چـەك و تەقەمەنـی پێشـکەوتووی ئەمریکـی بەدەسـتهاتوو لـە سـوپای عێـراق

2 - ڕاهێنـان و پەیداکردنـی ئەزموونـی بـاش بـۆ ئەندامەکانیـان لـە تاکتیـك و شـێوازی جەنـگ لەمـاوەی ڕابـردوو بەتایبـەت بەسـوودوەرگرتن لـە شـەڕ و پێکدادانـەکان لە سوریا و بەشـێکیش لـە عێـراق.

3 - سـوودوەرگرتن لـە پسـپۆڕی، توانـا و شـارەزایی تەکنۆلـۆژی سـەردەمیانەی ئـەو ئەندامانـەی کـە لـە دەرەوەی ناوچەکـە بەتایبـەت وڵاتانـی ڕۆژئاوایـی هاتوونەتـە ریـزی ئـەم گرۆپـەوە.

4 - لەباربوونـی زەمینـە و بەسـتێنی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و تەنانـەت ئابـووری ئـەو ناوچانـەی کـە تێیـدا جێگیربـوون.

5 - تەفسـیری دڵخـواز و ڕادیـکاڵ و ناسـەردەمیانە لـە دەقـە پیـرۆزەکان و بەکارهێنانـی ئاییـن و بیروبـڕاوی ئایینـی خەڵکـی ئاسـایی و کەڵکوەرگرتـن لـە ناکۆکـی مەزهەبـی شیعە - سوننە لە

عێـراق بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەتایبـەت بەمەبەسـتی تەیارکردن و ئەنـدام وەرگرتـن و زۆرترکردنـی لایەنگرانییـان و ڕەوایەتـی پێدان بـە ڕەفتـارە توندوتیژەکانیـان.

6 - سـوودوەرگرتن لـە گروپەکانـی دیکـەی نـارازی لـەدژی حکومەتـی بەغـدا وەکـوو سـوننەکانی عێـراق و هەروەهـا وەکـوو گرووپـە جیهـادی و تیرۆریسـتییەکان و تەنانـەت سـوودوەرگرتن لـە تەکنیـك و شـارەزایی سـەربازی بەعسـییەکان و ئەفسـەرانی پێشـووتری سـوپای هەڵوەشـاوەی عێراقـی سـەردەمی بەعـس کـە بەروونـی لـە پلانـە سـەربازییەکانیان بـۆ پاراسـتن و هێـرش دەرکـەوت.

7 - سـوودوەرگرتن لـە ململانـێ ناوچەییەکانـی نێـوان وڵاتانـی ناوچەکـە بەتایبـەت ئێـران و سـعودیە و قەتـەر و ململانێیەکانـی نـاو سـوریا، عێـراق، لوبنـان و فەلەسـتین.

8 - بەکارهێنانـی بۆشـایی ئەمنـی عێـراق لـە پـاش پاشەکشـێی سـوپای ئەمریـکا و ناکارامەیـی لـە ڕاهێنـان و لاوازبوونـی سـوپای عێـراق لـەرووی ئینتیـما و وەفـاداری و دابەشـبوونی تایفـی سـوپا لـە ناوچـە سـونییەکان و هەروەهـا نەبوونـی پەیوەنـدی هەواڵگری لەنێـوان بەرپرسـانی ناوچەیـی و سـوپای عێـراق.

9 - بەدەسـتهێنانی سـەرچاوەی داراییـی بەرچـاو لەوناوچانـە بەتایبـەت لەکاتـی داگیرکردنـی مووسـڵ و هەروەهـا کەڵکوەرگرتن لـە شـێوازەکانی تـری بەدەسـتهێنانی داراییـی و سـامان وەکـوو فرۆشـتنی نـەوت و تاڵانکـردن و کۆکردنەوەی یارمەتـی و هەروەها وەرگرتنـی پـارە لـە بـازرگان و سـەرمایەدارانی ئـەو ناوچەیـە و بەبارمتەگرتنـی هاووڵاتیـان و ئازادکردنیـان بەپـارەی بەرچـاو. ئەمە جگـە لـە دابینکردنـی سـەرچاوەی داراییـی لـە وڵاتانـی کەنـداو لەلایـەن تونـدڕەوەکان و ڕێکخراوەکانیانـەوە.

10 - بەکارهێنانــی توندوتیــژی لەڕادەبــەدەر و بێســنوور کــە ئەوپــەڕی وەحشــیگەری و بەربەرییەتــی مــرۆڤ دژی مرۆڤــە و نمایشــکردنی بــۆ تۆقاندنــی نەیــاران و بڵاوکردنــەوەی تــرس و دڵەڕاوکـێ بەتایبـەت لەڕێگـەی تۆڕەکانـی پەیوەنـدی، ئینتەرنێـت و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان بــۆ دابەزاندنــی ورەی تــاك و لایەنــە نەیارەکانیــان بەگشــتی بــاش بەڕێوەبردنــی جەنگــی دەروونــی.

11 - بەکارهێنانی نارەزایەتییەکانی سوننەکان لەدژی بەغدا و پەراوێزخستنیان لە پرۆسەی سیاسی و هەروەها راوەدوونان و بەندکردن لەدەرەوەی یاسا و گرتن و کوشتنیان لەلایەن میلیشیا شیعەکانەوە و بەگشتی بەنبەست گەیشتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و تاکڕەوییەکانی مالیکی و سیاسەتی تایفی ناوبراو ولە لایەکی ترەوە هەڵگرتنی گوتاری دژە سەفەوی-شیعە کە لێکترازانێکی قووڵی مێژوویی و ناوچەییە.

سێیەم:

**هۆکاری لاوازی هێزە سەربازییەکانی کوردستان**

1 - کوتوپڕی یاخود لەناکاو و چاوەڕواننەکراوبوونی هێرشی داعش و بەم پێیەش توندوتۆڵنەکردنی بەرەکان وەکوو پێویست و ئامادەکاری نەکردن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە شێمانەکراوە. بەم واتایە کە پێشبینی و لێکدانەوەی نادروست یاخود بڕوابوون بەو بیرۆکەیە کە لەم کاتەدا تیرۆریستەکان هێرش ناکەنە سەر کوردستان یاخود ئەوەی کە لە دوو بەرەدا شەرهەڵناگیرسێنن و بەم پێیە هێرشکردن و داگیرکردنی شاری بەغدا ئامانجی سەرەکییانە.

2 - بچووك سەیرکردنی هەڕەشەکانی داعش لەسەرەتادا و لێکدانەوەی هەڵە بۆ توانا، تاکتیك و ئیمکانیاتی سەربازی و ئاستی هەڕەشە و مەترسییەکانیان بۆ سەر کوردستان.

3 - نەبوونی چەکی قورس و پێشکەوتوو وەکو پێویست و هەروەها کەمی چەك و تەقەمەنی پێشمەرگە بەبەراورد لەگەڵ چەك و تەقەمەنی پێشکەوتوو و سەردەمیانەی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی.

4 - شارەزانەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە تاکتیك و پلانی ئەم جۆرە شەڕەدا (تاکتیکەکانی داعش) و نەبوونی ئەزموون لەم بوارەدا.

5 - کەمی راهێنانی هێزی پێشمەرگە لەرووی مەشقی سەربازییەوە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی (ئاستی دەرەکی) بە بەراورد لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی کوردستان (ئاستی ناوخۆیی) کە بەردەوام لە بەرزترین ئاستی

ئامادەباشـی و ڕاهێنانـدا بـوون و بـەردەوام شـارەزاییان لـە پـلان و پێشـکەوتنەکانی تیرۆریسـتان و بەگشـتی ئەزموونیـان لـەم بـوارەدا هەبــووە.

6 - لاوازی سیســتەمی دامەزراوەیــی لەشــکری کوردســتان و بەتایبـەت ڕێکخسـتنی سـەردەمیانەی هێـزی پێشـمەرگە و نەبوون یـان لاوازی سیسـتەمی هەماهەنگـی و پەیوەنـدی لەنێـوان هەموو هێـزە سـەربازییەکان یاخـود زاڵبوونـی ئینتیـما و وەفـاداری حزبـی و ناوچەیـی و تەنانـەت کەسـی بەسـەر هێزەکانـی پێشـمەرگەدا.

7 - شـیاونەبوونی بەشـێك لـە فەرماندەکانـی پێشـمەرگە لـەو ناوچانـەی کـە هێرشــی کرایـە سـەر بەهـۆی نەبوونـی پسـپۆڕی سـەربازی سـەردەمیانە و شـارەزانەبوونیان لـە زانسـتی مۆدێرنـی بەڕێوەبردنــی بەرەکانــی جەنــگ.

8 - هاوسـنووری لـە ناسـنامە و بیروبـڕوای پێشـمەرگەکان و دابەشـبوونی ناسـنامە بۆسـەر دوو بـەرەی ئیسـلام (لـە جەنگـی دژی داعــش) و عێراقیبــوون (لــە 16ی ئۆکتۆبــەر).

9 - نەبوونـی پەیوەنـدی داڕێـژراوی تۆکمـە و دامەزراوەیــی لەنێــوان هێــزە ســەربازی، ئاسایشــی و هەواڵگرییــەکان.

## چوارەم:

## تەنگژە و نائاسوودەیی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵگەیی و ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان

جگـە لـەوەی کـە لەسـەرەتادا داعـش و پاشـان هێرشـی 16ی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 2017ی هێـزە عێراقییـەکان هەڕەشـەی لـە کـۆی سیسـتەمی سیاسـی، کۆمەڵگەیـی، کولتـووری و تەنانـەت ژینگەیـی کوردسـتان دەکـرد، بـەڵام بەهـۆی دروسـتبوونی قەیرانـی سیاسـی و ئەمنـی لـە کوردسـتان ئاسایشـی ئابـووری، کۆمەڵگەیـی و سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی مەترسـی ژیانـی بوویـەوە. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە قەیرانـی سیاسـی هەڕەشـەیەك بـوو بـۆ سـەر کـۆی ڕەهەنـد و بوارەکانـی دیکـەی ئاسایشـی و بـەم پێیـەش کاریگـەری لەسـەر ئاسایشـی سـەربازی دانا (بـۆ نموونـە 16ی ئۆکتۆبـەر). ئەمـەش بـەو مانایەیـە کـە لـەم کابینەیـەدا لـەڕووی ئاسایشـییەوە تەنها کوردسـتان توانـی بوون و

مانەوەی مسۆگەر بکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە تاوەکوو ئێستا بەتەواوی بەسەر گرفت و تەنگژە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی و سەربازییەکاندا زاڵبێت. یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانیشی نەبوونی سیاسەتی ئاسایشی و ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی تایبەت بە هەرێمی کوردستانە.

بۆیە ئەم توێژینەیە ئەم پێشنیازانە دەخاتەروو:

1 - رێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئاسایشییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەیی و نشتیمانیدا.

2 - کۆتاییهێنان بە ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکان و هەروەها بارگرژی لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان. هەروەها بەردەوامبوونی لەسەر بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکومییەکان.

3 - دوبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتان بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و گرنگیدان بە لۆبی کوردستان لە ولاتانی دەرەوە لەسەر دوو ئاستی فەرمی و نافەرمی.

4 - دامەزراندنی ناوەندێکی ئەکادیمی- لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی بۆ پرسی سەربازی، بەرگری و ستراتیژییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود وەزارەتی پێشمەرگە. هەروەها گرێدانی ئەم ناوەندە بە ناوەندێکی دروستکردن و دارشتنی سیاسەت و ستراتیژیی ئاسایشی بەواتا فرەرەهەندەکەی کە تێیدا لە کەسانی «سەروو حزبی» و شارەزا و پسپۆر کەڵکوەربگرێت.

5 - پێکەوەبەستنەوەی دامەزراوەکانی ئاسایشی و هەواڵگری و زانیاری و پاراستن یاخود دروستکردنی میکانیزمێکی یاسایی بۆ بەستنەوەیان بە هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان.

6 - بەردەوامبوون لە هەوڵە سیاسی و یاساییەکانی بەجینۆسایدناساندنی کەیسی ئێزدییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

7 - ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و

گرنگیپێــدان بــە دروســتکردنی قووڵایــی ســتراتیژی بــۆ پاراســتنی ئاسایشــی نەتەوەیــی و بەتایبەتــی ســەربازی.

8 - ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ پرســی تیــرۆر و توندوتیژیــی مەزهەبــی و ئایینــی لــەڕووی ڕاگەیانــدن، هەروەهــا پەروەردەیــی، ئایینــی میانــڕەو، هــزری ســیکۆلار، کەلتــووری شارســتانی و مۆدیرنــی ئاشــتیانە، پێکەوەژیــان و ســازانی کۆمەڵایەتیــی.

9 -بەردەوامبــوون لەســەر پرۆژەکانــی پەرەپێــدان و گەشەســەندنی ئابــووری و دوورکەوتنــەوەی هەناوبەهەنــگاو لــە ئابــووری ڕێنتیەر(رانتخــۆری) لەســەر بنەمــای فرۆشــتنی نــەوت و کولتــووری بەرخــۆری لەرێگــەی چاکســازییەکی گشــتگیر و هەمەلایەنــە و دژایەتیکردنــی گەندەڵــی بەهەمــوو جۆرەکانییــەوە. هەروەهــا دەســتەبەرکردنی سیســتەمی یاســایی دڵنیایــی و بیمــەی کۆمەڵایەتــی.

10 - گرنگیپێــدان بــە پرســەکانی ئاسایشــی خــۆراك و ئاسایشــی ئــاو لەرێگــەی دارشــتنی پــلان و سیاســەتی پەیوەیســتەوە.

11 - هەوڵــدان بــۆ هەڵســەنگاندنی زیانــەکان و چاککردنــەوە و ژیاندنــەوەی ژینگــە و سروشــتی ئــەو ناوچانــەی کــە بەهــۆی هێرشــەکانی داعــش و 16ی ئۆکتۆبــەر زیانیــان بەرکەوتــووە.

12 - دارِشــتنی سیاســەتی ئاسایشــی یەکگرتــوو و پاشــان ســتراتیژی ئاسایشــی نەتەوەیــی بەپێــی دۆکتۆرینێکــی دارێــژراوی تایبــەت بــە هەرێمــی کوردســتان.

# سەرچاوەکان:


**کوردی**

1 - ڕەوشەندڵ، جەلیل(2009)، «ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی»، وەرگێرانی: مستەفا شێخە، هەولێر: چاپخانەی هاوسەر.

2 - عەبدولعەزیز عەلائەددین، دلاوەر(2018)، دەوڵەتسازی؛ نەخشە ڕێگایەك بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

3 - عەلی، نەجات(2014)، «دیموکراسی وەك ڕەگەزێکی نوی لە ئاسایشی نەتەوەیی دا لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن (شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن)»، هەولێر: دەزگای موکریانی.

**فارسی**

4 - احمديان، قدرت(2015)، «نقش ابعاد تکنولوژيك و سياسی جهانی شدن در گسترش جريانهای افراگی؛ بررسی موردی گروه داعش»، تهران: مجله اطلاعات سياسی- اقتصادی، شماره: 302، زمستان 1394.

5 - اسدی، علی اکبر و اميری، مهدی(2014)، «خيزش داعش و بحران امنيتی در عراق»، مرکز پژوهش های مجلس شورای اسلامی، 1393.

6 - اقابخشی، علی و افشاری راد، مينو(2000)، «فرهنگ علوم سياسی»، تهران، نشر چاپار، 1379.

7 - پورسعيد، فرزاد(2008)، «امکان و امتناع انقلاب رنگی در جامعه ايران»، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال يازدهم، شماره: اول، بهار 1387.

8 - پورسعيد، فرزانه(2002)، «11 سپتامبر و تحول مفهوم منافع ملی: گزار از منافع ملی به منفعت نظام جمهوری اسلامی»، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال پنجم، شماره: 3و4، پاييز و زمستان 1381.

9 - تاجيك، محمد رضا(2001)، «جامعه امن در گفتمان خاتمی»، تهران: نشر نی، 1379.

10 - تليس، اشلی و ديگران(2004)، «سنجش قدرت ملی در عصر فراصنعتی»، ترجمەی ناشر، تهران: مؤسسەی فرهنگی تحقيقات و مطالعات بين المللی ابرار معاصر تهران، 1383.

11 - جعفری پويا، سعدی(2014)، «اردوغان از داعش استفاده ابزاری می کند»، ماهنامه مهرنامه، شماره 13(10)، 1393.

12 - زرقانی، سید هادی(2008)، «تحلیل و ارزیابی متغیرها و شاخص های قدرت نظامی»، تهران: مرکز تحقیقات راهبردی دفاعی، فصلنامه راهبرد دفاعی، سال ششم، شماره: 23، زمستان 1387.
13 - صفوی، حمزه و خاکسار، علی محمد(2018)، «تحلیل تاثیر داعش بر معادلات سیاسی امنیتی خاورمیانه»، تهران: فصلنامه تحقیقات جغرافیایی، سال سی و سوم، شماره اول، بهار 1397، شماره پیاپی: 128.
14 - عباسی، محمود(2014)، «سنخ شناسی داعش»، فصلنامه مطالعات راهبردی جهان اسلام، سال پانزدهم، شماره: 2، 1393.
15 - عسکری، محمود(2001)، «منافع ملی در عصر جهانی شدن»، فصلنامه مطالعات راهبردی، شماره: 1و2، 1380.
16 - کلمنتس، کوین(2005)، «بەسوی جامعه شناسی امنیت»، ترجمه: محمد علی قاسمی، تهران: فصلنامه مطالعات راهبردی، سال هشتم، شماره: دوم، 1384.
17 - ماندل، رابرت(1998)، «چهره متغیر امنیت ملی»، ترجمه: پژوهشگاه مطالعات راهبردی، تهران: پژوهشگاه مطالعات راهبردی، 1377.
18 - نویدنیا، منیژه(2003)، «درامدی بر امنیت اجتماعی»، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال ششم، شماره: اول، بهار 1382.
19 - یزدانی، عنایت الله و دیگران(2016)، «سناریوهای محتمل اینده عراق بر اساس بازیگران مۆپر سطح ملی، منطقەای و بین المللی»، فصلنامه پژوهش های روابگ بین الملل، دوره نخست، شماره: نوزدهم، 1395.

Enlish

20 - Crispin، Smit (2018); Independent without Independence: The Iraqi-Kurdish Peshmerga in International Law، Harvard International Law Journal، Volume 59، Number 1، winter 2018.
21 - Cordesman، Anthony H. (2017); After ISIS: Creating Strategic Stability in Iraq. https://csis-prod.s3.amazonaws.com/s3fs-public/publication/170711__Iraq_After_ISIS.pdf . Last visited: 15-8-2018.
22 - Feike، Fliervoet (2018); Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq، Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael'. <https://www.clingendael.org/sites/default/files/2018-03/fighting-for-kurdistan.pdf >. Last visited: 15-8-2018.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

دۆسیێی سێیەم

# بیرۆکراسی و دزگاسازی
# لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

# بیرۆکراسی و دزگاسازی
# لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

د. هیوا مەجید خەلیل |

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات روداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# بیرۆکراسی و دزگاسازی
# له حکومەتی هەرێمی کوردستان

د. هیوا مەجید خەلیل |

**ختستنەڕووی بابەت**

پرسـی بەدامەزراوەییکـردن و کارایـی سیسـتەمی بیرۆکراسـی لەسـەر سـێ ئاسـتی دەسـەڵات، خەڵـک و ناوەندەکانـی زانسـتی گرنگـی پێدەدرێـت. یەکێـک لـە کێشـە سـەرەکییەکانی هەنگاوەکانـی بەدامەزراوەییکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، بریتییـە لـەوەی کـە سـتراکتۆرە سیاسـیی - ئابوورییـەکان و بەرنامەکانـی چاکسـازیی لـە دامەزراوەکانـدا یەکـتر ناگرنـەوە. هـەم سـتراکتۆرەکان زۆر ناوەندگـەران و هـەم بەرنامەکانـی چاکسـازیی سـەرلەنوێ ناوەندگەرایـی بەهێزدەکەنـەوە. بۆیـە هەموارکردنـەوەی سـتراکتۆرە سیاسـیی – ئابوریـی - یاسـاییەکان هەنـگاوی سـەرەکییە. ئـەم سـتراکتۆرە ناوەندگـەرا بەهێـزە ڕێگـرە لـە بەشـداریکردنی ناوچەیـی لـە پرۆسـەی حوکمدارییـدا. ئـەوەی کـە لـە گشـت پلانەکانـی حکومـەت بـۆ کاراکردنـی دامـەزراەکان دەبینرێـت خـۆ دەربازکـردن لـەم دۆخـە نەخوازراوەیـە، بـەڵام ئـەم هەنگاوانـە زیـان بـە سیسـتەمی بیرۆکراسـی و دەزگاسـازی

دەگەیەنێـت.

23 - ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە تێگەیشـتنی ئاسـتی بەدامەزراوەییکـردن و بیرۆکراسـیی لـە هەرێمـی کوردسـتانە. بـە دامەزراوەییکـردن و بیرۆکراسـی دوو چەمکـی پێکەوەگرێـدراون کـە هـەر یەکێکیـان کاریگەریـی لەسـەر ئەویـتر دروسـدەکات. ناتوانیـن بڵێیـن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا سیسـتەمی بیرۆکراسـیی و دامـەزراوە بوونـی نەبـووە یاخـود نییـە؛ چونکـە مـادام یاسـا و ڕێسـا و دامـەزراوە هـەن کەواتـە بیرۆکراسـی و دامـەزراوەش بوونیـان هەیـە. بـەڵام پرسـیاری سـەرەکی ئەوەیـە ئاسـتی کارایـی و بەدامەزراوەیـی بوونـی ڕاستەقینەی ئەمانـە لـە چ ئاسـتێکدایە؟

24 - بەپێچەوانـەی کۆمەڵێـک بۆچـوون کـە جەخـت لەسـەر گۆڕانکاریـی «هەنگاوبەهەنـگاو» دەکاتـەوە (ئەنسـتیتۆی توێژینـەوە و گەشـەپێدان، 2013)، ئـەم ڕاپۆرتـە جەخـت لـە گۆڕانکایـی «پێویسـت» دەکاتـەوە؛ بـەو مانایـەی کـە کۆمەڵێـک دامـەزراوە پێویسـتی بـە گۆڕانکاریـی ڕیشـەیی هەیـە؛ کۆمەڵێکـی تریـش گۆڕانکاریـی هەنگاوبەهەنـگاوی دەوێـت. دەبـێ ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن کـە بەپێـی تیۆرییەکانـی سیاسـەتی گشـتی هیـچ حکومەتێـک بـۆی ناکرێـت و ناتوانـێ گۆڕانکاریـی ڕیشـەیی لـە گشـت ڕێسـا و یاسـاکان ئەنجامبـدات؛ بـە هۆکارەکانـی وەک ڕەچاوکردنـی واقیعـی کۆمەڵـگا، تێچـووی مـادی و مەعنەویـی و کات-بـەر بوونـی ئەنجامدانـی هـەر جـۆرە گۆڕانکارییـەک.

25 - گریمانەی توێژینەوە

26 - لـە مـاوەی حوکمڕانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا، هەنـگاوی بەنـرخ لـە دامەزراندنـی دامـەزراوەکان و دامـودەزگا حکومـی و ناحکومیەکانـدا ئەنجامـدراوە؛ کۆمەڵێـک کێشـە لـە خوێندنـەوەی بەدامەزراوەییکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە؛ بـۆ نموونـە زۆرتـر تیشـکدەخرێتە سـەر دامـەزراوە حکومەییـەکان و دامەزراوەکانـی وەک خێـزان و ڕێکخـراوە ناحکومـی و بازرگانییـەکان کەمتر بایەخـی پێدەدرێـت. دەپرسـین نیـاز لـە دروسـتکردنی دامـەزراوە چییـە؟ ئایـا ئـەو کەسـانەی لـە دامەزراوەکانـدا کاردەکـەن دەزانـن نیـاز، ئـەرک و ئامانجەکانـی دامـەزراوەکان چییـە؟ گریمانـەی ئـەم توێژینـەوەی لـە دوو

لـق پێکدێـت و بریتیـن لـە: 1. لـە هەرێمـی کوردسـتاندا وەک پێویسـت مەعریفـە لـە فەلسـەفەی بوونـی دامـەزراوە بوونـی نییـە 2. هـەر بۆیـەش هـەر یاسـایەک کـە دەردەچێـت کەمـتر بایەخـی پێدەدرێـت و دواتـر پشـتگوێدەخرێت. یاسـا و رێسـاکان بزوێنــەری دامەزراوەکانــن.

27 - میتۆد و ئامرازەکانی توێژینەوە

28 - خسـتنەڕووی بۆچوونـی بیرمەندانـی بـواری بەدامەزراوەییکـردن و سیسـتەمی بیرۆکراسـی، گفتوگـۆی نیمچـە فەرمـی لەگـەڵ شـارەزایانی ئـەم بـوارە و گـەڕان لەنـاو ئەدەبیاتـی تایبـەت بـەم بابەتـە میتـۆد و ئامرازەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە پێکدەهێنـن. کەواتـە توێژینەوەکـە، توێژینەوەیەکـی چۆنایەتیـە.

29 - لایەنی تیوریی

30 - سیسـتەمی بیرۆکراسـی و بـە دامەزراوەییکـردن بابەتێکـە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم زانایانـی بـواری کۆمەڵناسـی و ئابـووری بەخۆیـەوە سـەرقاڵکرد. ماکـس ڤێبـەر ناوێکـی دیـارەی ئـەم گۆڕەپانەیـە. بەبـڕوای ڤێبـەر سیسـتەمی بیرۆکراسـی باشـترین رێگـە بـۆ رێکخسـتنی چالاکییەکانـی مـرۆڤ و راگرتنـی نـەزم و سـەقامگیرییە. لەرێگـەی ئـەم سیسـتەمەوە کۆمەڵـگا بـە عەقلانـی دەکرێـت (Lutzker، 1982). لـە خوێندنـەوەی سیسـتەمی بیرۆکراسـی و بەدامەزراوەییکردنـدا گرنگـە چەمکـی رێکخـراوەکان (Organizations) و دامـەزراوەکان (Institu-tions) لێـک جیابکەینـەوە. بـە بۆچوونـی نـۆرس (North، 1993) و نایـت (Knight، 1992) دامـەزراوەکان رێسـای یاریکـردن و رێکخـراوەکان گەمـەکاری یارییەکـەن. دامـەزراوەکان خەسـڵەت و سـتراکتۆری فەرمـی و نافەرمـی کۆمەڵگا و حکومـەت لەخۆدەگرن و دەرخـەری جـۆری خەسـڵەتەکانی حکومـەت و کۆمەڵگان (Pe-ters، 1999). هـەر بۆیـەش پێویسـتە دامەزراوەکانـی دەوڵـەت بـە بـێ گوێدانـە وەرچەرخانـی سیاسـی و گۆڕینـی فەرمانبـەران لـە ئـەرک و کارکردەیـان بەردەوامـبن (Kingsbury، 2007)..

31 - لـە خوێندنـەوەی ئـەدای دامەزراوەکانـی وڵاتانـی جیهانی سـێیەم، رۆکسـبۆرۆ (Roxborough، 1979) دەڵێـت پێویسـتە تیشـک بخرێتەسـەر ئـەوەی چ چینێکـی کۆمەڵایەتـی کۆنترۆڵـی

دامــەزراوەکان و میکانیزمەکانــی بڕیاردارێشــتنیان کــردووە. ئەمــەش بــەو مانایــە دێــت کــە پەیوەندییەکــی پتــەو لەنێــوان دامــەزراوەکان و کولتــووری ئــەو کەســانەی کــە دامــەزراوەکان بەڕێوەدەبــەن، لــە ئارادایــە. ئــەم پەیوەندییــە کار لــە ئــەدای دامــەزراوەکان دەکات. بەواتایەکیــتر، ئــەدای دامــەزراوەکان تەحەکوم بــە کارایــی و ناکارایی دامــەزراوەکان و بــە دامەزراوەیی بوونــی سیســتەمی بیرۆکراســی وڵات دەکات. ئــەم بۆچوونــەش لەلایــەن هانگتینگتۆنــەوە ڕەنگیداوەتــەوە. هانتینگتــۆن (Hun-tington، 2006:1) لــە یەکــەم لاپــەڕەی پەرتۆکــی ‹نەزمی سیاســی لــە کۆمەڵگاکانــی لــە دۆخــی گۆڕانــدا› دەڵێــت:

32 - ”گرنگتریــن جیــاوازی سیاســی لەنێــوان وڵاتانــدا، بریتیــی نییــە لــە جیــاوازی لــە جــۆری حکومەتەکەیــان، بەڵکــوو بریتییــە لــە چۆنێتــی حکومەتکردنیــان. جیــاوازی لەنێــوان دیموکراســی و دیکتاتۆریــەت کەمــترە لــە جیــاوازی لەنێــوان ئــەو وڵاتانــەی کــە جــۆری سیاســەتی حکومەتەکەیــان کۆدەنگــی، هاوبەشــی، مەشروعییــەت، ڕێکخراوەیی، کارایی و ســەقامگیریی لەخۆدەگرێت و ئــەو وڵاتانــەی کــە سیاســەتی حکومەتەکەیــان ئــەم خەســڵەتانە لەخۆناگــرن. بــە گشــتی، دەوڵەتــە کۆمۆنیســتە توتالیتارییــەکان و دەوڵەتانــی لیبرالــی ڕۆژئاوایــی، هەردووکیــان ســەر بــە وڵاتانــی خــاوەن سیســتەمی سیاســی کاران تــا سیســتەمی سیاســیی نــاکارا››.

33 - ئــەوەی لێــرەدا هانتینگتــۆن جەختــی لەســەر دەکاتــەوە کارایــی دامەزراوەکانــە بــۆ هێنانــەدی ســەقامگیریی سیاســی. هــەر بۆیــەش بــۆ هانتینگتــۆن (Huntington، 1965:386 and 393) گەشەســەندنی سیاســی واتــە ‹‹بەدامەزراوەیــی کردنــی ڕێکخــراوە سیاســییەکان و ڕێــکارەکان››. ئــەم پێناســەیەش تارماویــە، چونکــە بەدامەزراوەییکــردن دەتوانێــت ببێتــە هــۆی دامەزراندنــی سیســتەمێکی دیموکراســی یــان نادیموکراســی. لەگــەڵ ئەمەشــدا، گەشەســەندنی سیاســی پێویســتی بــە ئیــرادەی سیاســیی هەیــە وەک پێشــمەرجێک.

34 - لە ڕوانگەی پارسۆنزەوە (Parsons، 1990:326) ڕێزگرتن لــە دامــەزراوەکان لــەو دەســەڵاتە ئەخلاقیــەدا هەڵدەقوڵێــت کــە بەســەر تاکەکانــدا پراکتیــزە دەکرێــت. بــۆ پارسۆنز دامــەزراوەکان

کۆمەڵێـک نـۆرم لەخۆدەگـرن کـە کارلێکەریـان هەیـە. زیـاد لەمـەش، پرۆسـەی بەدامەزراوەییکـردن، جیاوازیـی لەنێـوان دامـەزراوە سیاسـییەکان و دامـەزراوە ئابورییەکانـدا دروسـدەکات. ئـەم لێکجیاکردنەوەیـەش، دەسـەڵاتداران لـە چالاکـی ئابوریـی دووردەخاتـەوە و دەبێتـە هـۆی سـنوردارکردنی دەسـەڵاتی فەرمانـڕەواکان (Glaeser et al، 2004).

35 - زۆربـەی بیرمەندانـی سـەرەوە، تیشـکدەخەنە سـەر رۆڵـی دامـەزراوەکان. لەگـەڵ ئەمەشـدا، هەندێـک لـە توێژینـەوەکان ئامـاژە بـە رۆڵـی نوخبـە، تەبایـی و ناتەبایـی وەک رەگـەزی سـەرەکی لـە سـەقامگیریی و توانایـی حکومـەت دەدەن. هـەر بۆیـەش ئاڵمۆنـد و پـاول ((Almond and Powell، 1969:10 لـەو بڕوایـەدان کـە لـە گشـت کۆمەڵگاکانـدا رۆڵـی دامـەزراوە فەرمییەکانـی حکومـەت لەلایـەن گروپـە نافەرمییـەکان، ئاراسـتە سیاسـییەکان، پەیوەندییـە فرە رەهەندەکانـی نێوان تاکەکەسـەکان دادەرێژرێـت و سـنوری بـۆ دادەنرێـت. ئـەم توێژەرانـە، تیشـکدەخەنە سـەر سیسـتەمی بیرۆکراسـی کارامە و رۆڵەکـەی لە دابیکردنـی خزمەتگوزارییـە گشـتییەکاندا، ئەویـش بـە هاوکاریـی رێکخـراوە ناحکومییـەکان. لـە پـاڵ نوخبـە و دامـەزراوەکان، توێژینەوەکانـی تـر جەخـت دەکەنـەوە سـەر گرنگـی پشـتگیریی جەماوەریـی لـە دیاریکردنـی ئاسـتی توانایـی حکومـەت. بـەم شـێوەیەش، توانایـی حکومـەت لـە پیادەکردنـی بەرنامـەکان و وەڵامدانـەوەی داواکارییـە گشـتییەکان، دەبێتـە هـۆی هێنانـەدی سـەقامگیریی لـە وڵاتـدا (Nelson، 1984; Crone، 1988). هـەر وەک ڤێبـەر (Weber، 1968) ئامـاژەی بـۆ دەدات، سیسـتەمی بیرۆکراتـی کارا پەیوەسـتە بـە سیسـتەمی سیاسـیی عەقلانییـەوە.

36 - بەپێـی ئـەم بۆچوونانـە بـە دامەزراوەییکردن پرۆسـەیەکی بـە پلـەی یەکـەم سیاسـییە کـە لایەنەکانـی یاسـایی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و کولتوریـی لەخۆدەگرێـت و هـاوکات پرۆسـەیەکی درێژخایەنیشـە. کولتـووری سیاسـی نوخبـەی دەسـەڵاتدار و کولتـووری کۆمەڵایەتـی و بەهـا و نۆرمەکانـی کۆمەڵـگا و توانایـی حکومـەت لـە جێبەجێکردنـی یاسـاکان تەحەکـوم بـە رەوتـی بەدامەزراوەییکردنـی دامـەزراوەکان و کارایـی سیسـتەمی

بیرۆکراسی لە وڵاتدا دەکەن. دوای خستنەڕووی ئەم کورتەیە لەسەر سیستەمی بیرۆکراسی و چەمکی دامەزراوە لە خوارەوە تیشکدەخەینە سەر سیستەمی کارگێڕیی و پرۆسەیی بەدامەزرەییکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

37 - یەکەم: سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا

38 - ئەوەی کە لە سیستەمی ئیداریی هەرێم بوونی هەیە، ناوەندگەراییەکی بەهێزە. ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاریی سەرەکی هەن؛ بۆ نموونە میراتی رژێمی بەعس لە ئیدارەدان کە ناوندگەراییەکی زۆر بەهێز بوو؛ چونکە حزبی بەعس، حزبێکی سەربازیی - دەسەڵاتخواز بوو و رێگەی بۆ هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نەدەدا و ئۆپۆزیسیۆنی بە دوژمن هەژماردەکرد، بۆیە مەیلی ناوەندگەرایی هەبوو (ئەمە و جیا لە هۆکاری کولتوریی و دەروونی سەرکردەکانی ئەم حزبە). دووەم، ستراکتۆریی مارکسیستی-لینینی حزبە سیاسییەکانی هەرێم کە ستراکتۆریی ناوەندگەران. دوای 27 ساڵ مومارەسەکردنی دەسەڵات، هێشتا حزب لە هەرێمی کوردستان هەمان ستراکتۆریی سەردەمی جەنگی ساردی پێوە دیارە و ئەم ستراکتۆرە و کارکردەکانی بۆ ناو دامودەزگاکانی حکومەت گوازراوەتەوە (Khalil، 2016) سێیەم: هۆکاریی تری ناوەندگەرایی بۆ ململانێی بەردەوام لەنێوان ئەم حزبانەدا دەگەڕێتەوە. ئەم ململانێیە وایکرودوە کە هەر حزبێک هەوڵبدات زۆرترین ژمارەی کادرەکانی خۆی لە دامەزراوە حکومییەکاندا دابمەزرێنێت. ئەم نموونەیە لە یۆنانیش هەیە و بووەتە هۆکاریی سەرەکی قەیرانی دارایی ئەم وڵاتە. واتە هەر حزبێک کاتێک دەهاتە سەرکار، هەوڵیدەدا زۆرترین ژمارەی لایەنگرانی خۆی دابمەزرێنێت. بەواتایەکیتر نامتمانەیی لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا بنیاتی دامەزراوەکانی لەرزۆک کرد (Huntington، 1965).

39 - لە هەرێمی کوردستان گشت ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە چۆن لە ناوخۆی حزبدا بڕیارەکان لە ئۆرگانەکانی هەرە خوارەوە بۆ گەیشتن بۆ بەرزترین ئاستی دەسەڵات پێویستی بە دەربازبوون لە بێژینگی گشت

ئۆرگانەکانی نێوان بنکە و سەرکردایەتی هەیە و بڕیاریش لە ئۆرگانە هەرە سەرووەکانەوە دەردەچێت، بەهەمان شێوە لەسەر سیستەمی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان ڕەنگیداوەتەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لەسەر ئاستی هەرێم پێویستە دوو ڕێگەچارە (یا خود زۆرتر) بگیرێتەبەر:

40 - یەکەم: سەرلە نوێ دارشتنەوەی یەکە ئیدارییەکانی هەرێم و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ ئەم یەکە ئیدارییانە. واتە دەکرێت پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی بۆ چەندین پارێزگای بچوکتر دابەشبکرێن. ئەگەر بەهۆی دەستوری عێراقەوە، سەخت بێت پارێزگای نوێ دروسبکرێت، دەتوانین بەپێی یاسا یان بڕیارێک دەسەڵات بە یەکە ئیدارییە نوێیەکان ببەخشین. بۆ نموونە دەکرێت لە پارێزگایی هەولێر پاریزگا یان ئیدارەی سۆران زیادبکرێت و ناوچەکانی حاجی هومەران، چۆمان، بارزان، مێرگەسۆر، ڕەواندز و خەلیفان سەر بەم پارێزگا - ئیدارەیە بن.

41 - دووەم: شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزارەتەکان یا خود فەرمانگەکانی خوارتر لە وەزارەت. کاراکردنی سیستەمی بیرۆکراسی لەپێناو پتەوکردنی بەدامەزراوەیی بوونی دامەزراوەکان، پێویستی بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ یەکە ئیدارییەکانی خوارەوە و لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی ئەم یەکە ئیدارییانە هەیە. بۆ نموونە، بۆ دامەزراندنی مامۆستایەک لە پێنجوێن یان زاخۆ یان چەمچەماڵ، پێویست بە واژۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزیری پەیوەندیدار ناکات. ئەمە جیا لە واژۆی گشت ئەو فەرمانگانەی کە لەنێوان قوتابخانە و ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە. دەکرێت خودی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەر پارێزگا یان ئیدارەیەک ئەم کارە ئەنجامبدات. ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان دەتوانن سیاسەتی گشتی دابڕێژن.

42 - لەوانەیە ئەم هەنگاوە بە سادە هەژماربکرێت، بەڵام ئەم نموونەیە دەکرێت باشتر بەرچاو ڕوونیمان بداتێ، بۆ دامەزراندن لە بەشێک لە کۆلێژێک پێویست بەم واژۆانەی خووارەوە دەکات: (واژووی سەرۆک بەش - سەرۆک

کۆلێـژ- سـەرۆک زانکـۆ - وەزیـری خوێندنـی بـاڵا- سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیـران - وەزیریـی دارایـی - وەزارتـی خویندنـی بـاڵا - سـەرۆکایەتی زانکـۆ – خۆیەتـی – کۆلێژ-خۆیەتـی) ئەمـەو سـەرەڕای بەشـی هاوردەکـردن و هەناردەکردنـی هـەر یـەک لـەم فەرمانگەیانـە و بەشـی هـەرە گرنگـی کارەکـە واتـە (واسـتە). ئـەم پرۆسـەیە جیـا لـە ماندووبوونـی هزریی و جەسـتەیی (کـە دووبارە تێچووەکـەی لەسـەر کەرتـی تەندروسـتی دەکەوێتـەوە) بریتییە لە بـە فیرۆدانـی کات، کاغـەز، قورسـبوون و ناکارابوونـی سیسـتەمی ئیداریـی و تەنانـەت پیسـبوونی ژینگـەش بەهـۆی پێویسـتی بـە ئامرازیـی گواسـتنەوە بـۆ بەدواداچوونـی کارەکان. جیـا لـە ژمارەی لـە رادەبەدەریـی فەرمانبـەر و پێویسـتی بـە هەبوونـی بینـا و ئامرازیـی سـارد و گەرمکردنـەوە کـە گشـتی تێچـوی دەوێـت و دواجـار بارگرانـی لەسـەر بودجـەی نەتەوەیـی دروسـدەکەن و بەزیانـی خـودی هاوڵاتیـان دەشـکێتەوە. دەکرێـت پرۆسـەی دامەزراندنـی فەرمانبەرەکانـی زانکـۆی سـلێمانی یـان دهـۆک یـان هەولێـر لـە چوارچێـوەی هەمـان زانکـۆدا ئەنجامبدرێـت بـە بـێ پێویسـتی بـوون بـە وەزارەتـەکان و ئەنجومەنـی وەزیـران. چونکـە هـەر زانکۆیـەک بودجـەی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. هەمـان نموونـە بـۆ دامەزراندنـی فەرمانبەرێکـی کەرتـی تەندروسـتیش دەشـێت. واتـە فەرمانبەرەکـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ئیدارەکـە - وەزارەتەکـە کارەکانـی ئەنجامبـدات.

**43** - دووەم: پرۆسـەی بەدامەزراوەییکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا

**44** - پرۆسـەی بـە دامەزراوەییکـردن پرۆسـەیەکی درێژخایەنـە، بـەڵام هـاوکات پێویسـتە رەچـاوی چۆنێتـی دامەزراندنـی ئـەم دەزگایانە بکرێت تا سیسـتەمێکی بیرۆکراسـی کارا بەرهەمبهێنرێت. ناوەندگەرایـی بەهێز دەتوانێـت بەدامەزراوەییکـردن بێنێتەکایەوە بـەڵام هـاوکات لـە کارایـی دامەزراوەکانیـش کـەم بکاتـەوە و ئاسـتی تێچـووەکان بەرزبکاتـەوە. بـە بۆچوونـی دکتـۆر چـواس حەسـەن بـە دامەزراوەییکـردن دوو لایەنـی هەیـە:

**45** - یەکـەم - دامەزراندنـی خـودی دامـەزراوە و دووەم - سـەروەری یاسـا

46 - هەرێمــی کوردســتان دامــەزراوەی زۆرە و بوارێکــی کــەم هەیــە کــە دامــەزراوە، لێژنــە یاخــود ڕێکخراوێکــی بــۆ دروســنەکرابێت و یاســای بــۆ دانەرێژرابێــت و ڕووماڵــی ژیانــی ڕۆژانــەی نەکردبێــت. هەروەهــا لــەڕووی ســەروەری یاســاوە ناتوانیــن بڵییــن یاســا نییــە و جێبەجێنەکــراوە، بــەڵام گیروگرفــت هەیــە. کۆمەڵێــک یاســا هــەن کــە جێبەجێکردنییــان پێویســتی بــە پارەدارکــردن، دامەزراندنــی دامــەزراوەی نــوێ و شــارەزا هەیــە. کۆمەڵێــک یاســای تــر لەگــەڵ کولتــوری کۆمەڵایەتــی و ململانێــی سیاســیدا تووشــی پێکــدادان دەبــن.

47 - لێــرەدا پرســیارێک ســەرهەڵدەدات کــە بۆچــی یاســا وەک پێویســت ســەروەر نییــە؟

48 - 1. دەکــرێ خــودی یاســاکە لــە ڕووماڵکردنــی دیــاردە و کێشــەکاندا کێماســی هەبێــت. 2. زۆر جاریــش یاســاکە هەیــە بەڵام لایەنــی پێویســت بــۆ جێبەجێکردنــی نییــە. 3. هەندێجــار یاســا لەگــەڵ بەهاکانــی کۆمەڵایەتیــدا یەکناگرێتــەوە؛ بــۆ نموونــە، یاســای توندوتیــژی دژی ئافــرەت، ئــەم یاســایە دامــەزراوەی بەهێــزی نییــە بــۆ جێبەجێکردنــی؛ هــاوکات خــودی کۆمەڵــگاش هــاوکار نییــە لــە جێبەجێکردنــی یاســاکە و زۆرجــار کۆمەڵــگا بــە هــۆی کۆمەڵێــک بەهــای ئایینــی، کولتــوری و خێڵایەتــی لــە دژی یاســاکە دەوەســتێتەوە. لەلایەکــی تــرەوە، دەکــرێ یاســاکە پەیوەنــدی بــە بەهــای کۆمەڵایەتییــەوە نەبێــت، بــەڵام لــە جێبەجێکردنــی کەموکــوڕی هەبێــت. بــۆ نموونــە، یاســای ســەرپێچی هاتوچــۆ، ئەگــەر فەرمانبــەری نووســینی ســەرپێچی خــزم بــێ لەوانەیــە چاوپۆشــی لــە ســەرپێچیکردنەکە بــکات. ئەمــەش بــەو مانایــە دێــت کــە ئەگەرچــی فەرمانگــەی هاتوچــۆ وەک دامەزراوەیــەک بوونــی هەیــە، بــەڵام یاســا وەک پێویســت تێیــدا ســەروەر نییــە. بۆیــە بەدامەزراوەییبوونــی ئــەم دەزگایــە لاواز دەبێــت. 4. هــۆکاری سیاســی، واتــە ململانێــی سیاســی و حزبایەتــی. زۆرجــار لەبــەر وەفــاداری سیاســی یاخــود دەســکەوتی سیاســی چاوپۆشــی لــە جێبەجێکردنــی یاســا دەکرێــت. واتــە چاوپۆشــیکردن لــە یاســا وەک «بەرتیلــی سیاســی» بەکاردەهێنرێــت.

49 - زیــاد لــەم خاڵانــەی ســەرەوە یەکێــک لــە هۆکارەکانــی

لاوازیی بەدامەزروەییکردنی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چوارساڵی رابردوودا بۆ تەنگژەی ئابوری دەگەڕێتەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی خودی حکومەت یاسا پێشێلبکات و دامەزراوەکانی لاواز بکات. بۆ نموونە، حکومەت ناتوانێ پارەی کارەبا بەرێکوپێکی وەربگرێت، چونکە ناتوانێ بەرێکوپێکی مووچەی فەرمانبەرانی خۆی دابینبکات. بۆیەش ناچارە چاوپۆشی لە وەرگرتنی پارەی کارەبا بکات. کەواتە خودی حکومەت یاسا پێشێڵدەکات. یاخود یاسا هەیە بۆ سزادانی فەرمانبەران ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیارکراو دەوامییان نەکرد، کەچی خۆپێشاندانی مامۆستایان چەندین مانگی خایاند و حکومەت نەیتوانی سزای مامۆستاکان بدات!

50 - کەواتە حکومەت بەتایبەت لە چوار ساڵی رابردوودا، نەیتوانیوە وەک پێویست لە جێبەجێکردنی یاسادا سەرکەوتوو بێت وەک هەنگاوی سەرەکی بۆ بەدامەزراوەییکردن و کاراکردنی سیستەمی بیرۆکراسی لە هەرێمی کوردستاندا؛ بەڵام توانیویەتی لانیکەمی سەروەری و جێبەجێکردنی یاسا بپارێزێت؛ بۆ نموونە، خەڵک لە ترافیک لایتەکان دەوەستێت چونکە لە پێبژاردن دەترسێت، باجی خانووبەرە دەدات و چەندین نموونەی تر.

51 - بەبڕوای عەبدولحەکیم خەسرەو ئەگەر لەرووی چەمکی زانستی سیاسەتەوە بڕوانینە ئەم بابەتە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، دامەزراوەکان فەرمانڕەواییدەکەن، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوودا نوخبە. بیرۆکراسی و دامەزراوەکانی ئەم سیستەمە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە ساڵانی 1920 لەلایەن بریتانیاوە دارێژراوە، کەواتە سیستەمێکی پێشکەوتووە. هەروەها وەک بیرۆکراسیەت هەرێم کەڵێنی یاسایی و دامەزراوەیی ئەوتۆی نییە، گشت دامەزراوەکان ستراکتۆرێکی تۆکمەیان هەیە و یاسایەکی بۆ دارێژراوە. بەڵام کاتێک کە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای ئەم دامەزراوانە دەکەین دەرەنجامەکان بە شێوەیەکی تر دەردەکەون. یەکێک لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنیش رەزامەندی ئەو کەسانەیە کە سەردانی دامەزراوەکان دەکەن (زبائن). ئەگەر سەردانکەر

لـە ئـەدای دامەزراوەیـەک رازینەبـوو، دامەزراوەکـە گلەیـی لەسـەرەوەی خـۆی دەکات؛ واتـە گلەیـی لـە نوخبـە دەکات. ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـە یاسـا و رێسـاکانی کارایـی دامەزراوەیـی بـە دروسـتی پەیڕەوناکرێـن.

52 - بـە بۆچوونـی دکتـور لەیـلا ئەمیـر سـەرەڕای ئـەوەی کـە دامـەزراوە لـە دوو بـەش پێکدێن کـە بریتین لە سـتراکتۆر و کارکرد، بـەڵام دوو جـۆرە بەهـاش تەحەکـوم بـە کاری دامەزراوەییـەوە دەکات: ئـەو بەهایانـەی کـە یاسـایان بـۆ دەردەچیـت، تـا لەرێگەیـەوە دامـەزراوە کارەکانـی بەڕیوەببـات؛ هەروەهـا ئـەو بەهایانـەی کـە کولتـووری کۆمەڵایەتـی - سیاسـی لەسـەری دامـەزراوە. ئـەوەی کـە لـە کوردسـتان دەبینرێـت زۆرجـار بەهـای کولتـووری کۆمەڵایەتـی - سیاسـی لەگـەڵ بەهـای یاسـاییدا لـە پێکداادانـدان. بـۆ نموونـە کـەرت و دامـەزراوەی کـەم هـەن کـە لـە کوردسـتاندا دەسـتێوەردانی سیاسـی تێیـدا ئەنجامنەدرێـت. ئـەم دەسـتێوەردانە سیسـتەمی بیرۆکراسـی ئیفلیـج دەکات و لـە بەدامەزراوەییکردنـی کاری دامەزراوەکانـدا رێگـر دەبێـت.

53 - سـەرەڕای ئەمـەش کێشـەیەکی تـر هەیـە: راسـتە کـە سـتراکتۆری دامەزراوەکانـی هەرێـم سـترکتۆری پتـەون، بـەڵام زۆرجـار ئـەم سـتراکتۆرە وەڵامـدەرەوەی پێداویسـتییەکانی هاوچـەرخ نییـە. واتـە ناتوانێـت وەڵامـی گۆڕانکاریـی و داواکارییەکانـی هاوڵاتیـان بداتـەوە. لێرەشـدا خەلـەل لـە کاری دامەزراەکانـدا دروسـدەبێت. گۆڕانـی دامەزراوەکانیـش لەرێگـەی نوخبـە و یاسـاوە ئەنجامدەدرێـت، بـەڵام زۆرجـار خـودی نوخبـەی سیاسـیش نایـەوێ ئـەم کارە بکات چونکـە لە بەرژەوەندی سیاسـی ئـەودا نییـە، یاخـود رووبـەڕووی رێگـری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دەبێتـەوە.

54 - کێشـەیەکی تـر کـە دەزگاسـازی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لاوازکـردوە بریتییـە لـەوەی کـە: زۆرێـک لـەو کەسـانەی لەنـاو دامەزراوەکانـدا کاردەکـەن پێناسـەی ئەرکـی خۆیـان نازانـن. پێویسـت نـاکات لـە گشـت دامەزراوەکانـدا دەرچـووی ئـەو بـوارە دابمەزرێـت و کاری خـۆی بـکات، بـەڵام دەبـێ بزانێـت ئەرکـی فەرمانبـەر و مافـی هاوڵاتـی چییـە و لـە رەگـەزە سـەرەتاییەکانی

سیستەمی کارگێڕی شارەزا بێت.

55 - بە بڕوای دکتۆر زوبێر ڕەسووڵ، لەماوەی ڕابردوودا بەتایبەت لەدوای سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن، کۆمەڵێک هەوڵ هەبوون بۆ دەزگامەندی دامەزراوەکان و کاراکردنی سیستەمەی کارگێڕی. بۆ نموونە هەوڵەکانی یەکخستنی وەزارەتی پێشمەرگە، دارایی، ناوخۆ و تاد، بەڵام لەواقیعی پراکتیکیدا دەرنجامێکی ئەتۆیان نەبووە. یەکێک لە هۆکارەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان تائێستا حزب بەسەر دامەزراوەکاندا زاڵە.

56 - ڕاستە کە حزب حکومەت دروسدەکات، بەڵام هیچ کاتێک حزب نابێتە دامەزراوەیەکی حکومی. حزب لە هەریمی کوردستان چۆن لە ناو ئۆرگانەکانی ناوخۆیدا ڕەفتاردەکات بە هەمان شیوەش لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومی ڕەفتار دەکات. بۆ نموونە، تائێستاش لەبری ئەوەی کە پەرلەمان مینبەرێک بێت بۆ گشت خەڵک، وەک مینبەرێک بۆ حزبەکان بەکاردێت. لووتکەی ململانێی نێوان حزبەکان بووەتە هۆی داخستنی پەرلەمان. لەراستیدا ئەمەش لە ئەنجامی نادامەزراوەیی ئەم دەزگایەوە سەریهەڵداوە.

57 - لەلایەکی ترەوە لە کوردستان، ڕۆڵی تاک لە ڕۆڵی دامەزراوە زۆرترە. بۆ نموونە دامەزراوەی سەرۆکایەتی؛ سەرۆک نەما ئەم دامەزراوەیە سڕکرا لەبری ئەوەی کە شوێنگرەوەیەکی بۆ دیاریبکرێت! لەراستیدا هێزی دامەزراوەکان لە کاتی قەیراندا دەردەکەوێت. لووتکە قەیرانی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستاندا لە شەڕی دژی داعش و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەرکەوت. ئەم دوو ڕووداوە هەرێمییان بۆ ساڵی 1992 گێڕایەوە. ئەم دوو ڕووداوە دەریانخست کە لە هەرێمی کوردستاندا تا هەنووکەش حزب و بەپلەی سەرەکی تر، کەسەکانی ناو حزب حوکمدەکەن نەک دامەزراوەکان. هەر بۆیەشە دەبینین کە لەدوای ئەم ڕووداوانەوە گوشارێکی دەرەکی بۆ بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانی هەرێم لەئارادایە. بۆ نموونە لە یارمەتی تەرخانکراو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، یەکێک لە پێشمەرجەکانی

پێدانی ئەم یارمەتییە، یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

58 - بەبڕوای دکتۆر زوبێر رەسووڵ، هەرێمی کوردستان تائێستا لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردندا سەرکەتوو نەبووە. لە قەیرانەکاندا دەرکەوت کە دامەزراوەکانی هەرێم لاوازن و بەرگەی قەیرانی گەورەتر ناگرن. هەر بۆیەش کۆمەڵێک نوخبەی ناو حزبە سیاسییەکان بەو دەرەنجامە گەیشتوون کە کاتی بەهێزکردنی دامەزراوەکانە. هەروەها باشترە ئۆپۆزیسیۆنیش لەبری تەرکیز خستنەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، تیشک بخاتەسەر پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن. چونکە تا بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکان لەئارادانەبێت، وەرگرتنی پۆستەکان گەرەنتیان نابێت. رووداوکانی پەرلەمان لە چوار ساڵی رابردوودا دەرخەری ئەم راستیيەن.

59 - بۆ ئەوەی بتوانین دامەزراوەکانی هەرێم بەدامەزراوەیی و کاراتر بکەین، پێویستە سەرەتا ئاسایش و سەقامگیریی بوونی هەبێت و دواتر باس لە رۆڵی سەروەری یاسا بکەین. دواتر قۆناغی بە دامەزراوەییکردن دەسپێدەکا و لەم روانگەیەوە دەچینە ناو بابەتی بەدامەزراوەییکردنی دیموکراتییەوە. ئەمەش لەبەر یەک هۆکار ناکرێ بە ناوی دیموکراسییەوە دامەزراوەکان پەکبخرێن چونکە بابەتی وەک ئازادی، یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ بابەتی قووڵ و فرەرەهەندن. زیاد لەمەش، حکومەت دەتوانێ داوا لە ناوەندەکانی (Think Tank) و ناوەندەکانی توێژینەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بکات کە پرۆژەکانیان بۆ چۆنێتی بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکانی هەرێم بخەنەڕوو. لەم رێگەیەوە دەتوانن پشتگیریی جەماوەریش بۆ ئەم پرۆسەیە دەستەبەربکەن.

60 - سەرەڕای گشت ئەم خاڵانەی کە لەسەرەوە باسکران پێویستە تیشکبخرێتە سەر فاکتەرێکی تر کە کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن هەیە کە بریتییە لە بوونی ولاء بۆ دامەزراوەکە (Huntington، 1945)؛ واتە فەرمانبەرێک تا چەند پابەندی ئەو پرەنسیپانەیە کە دامەزراوەیەک لەسەری

دامەزراوە بە جۆرێک کە هیچ هۆکارێکی تر ڕێگر نەبێت لە پابەندبوون و ولاء بۆ پرەنیسپەکان. واتە بۆ نموونە کاتێک کە فەرمانبەرێک ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ هۆکارەکانی وەک خزم-خزمێنە، دەستیوەردانی حزبی، قەیرانی دارایی و بابەتەکانی تر کاریگەریی لەسەر ڕاپەراندنی ئەرکەکان نەبێت. ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستانیشدا دەبینرێت ئەمەیە کە گشت ئەم بابەتە نەرێنیانە بوونیان هەیە کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر ولاء بۆ پرەنسیپەکان دروسدەکات. کەواتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - سیاسی بەربەستێکە بۆ دروستبوونی ولائی تەواو بۆ دامەزراوەکە و لەوێشدا بۆ دامەزراوەسازی دامەزراوەکە.

61 - ساموئێل هانتینگتۆن باس لەوە دەکات کە ئێمە زۆر جار لەبیرمان دەچێت کە خودی دامەزروە حکومییەکان بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە و ناکرێ تەنیا ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکەن. بۆ نموونە دەپرسێت بەرژەوەندیی داداگای باڵا یاخود بەرژەوەندی ئەنجومەنی نوێنەران چییە؟ (Huntington، 1945) ئەمە پرسێکە کە لە چوارساڵی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی لە هەندێ دامەزراوەدا لە بیر چووەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتی کارەبا یان وەزارەتی ئاو وەرگرین، ئەم دوو وەزارەتە نەیانتوانی وەک پێویست پارەی مەسرەفکردنی ئاو و کارەبا لە بەشداربووانی وەرگرن و ئەم پارەیە بکەن بە داهات و بەلانیکەمەوە بەسەر فەرمانبەرەکانی خۆیاندا دابەشیبکەن یاخود لە ڕێگەی ئەم پارەوە گەشە بە دامەزروەکانی خۆیان بدەن کە وەرگرتی ئەم پارەیە مافی بەڵگەنەویستی ئەم دوو وەزارەتەیە. ئەم دوو وەزارەتە بە بیانووی نەبوون یاخود پاشکەوتی مووچەوە چاوپۆشیان لە وەرگرتنی پارەی ئاو و کارەبا کرد. بە واتایەکی تر ئەم دوو دامەزراوەیە لەبیریان چووەوە کە سەرەڕای بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندیی تایبەت و کۆنکرێتی خۆیان هەیە.

62 - بە بۆچوونی دکتۆر حسامەدین گلی، پێویستە سەرەتا پێناسەی بە دامەزراوەییکردن وەرگرین کە بە چ مانایەک دێت؟ بە دامەزراوەییکردن واتە دامودەزگاکان بە پێی

کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێکار کارەکانیان رابپەرێنن و ئەم ڕێسا و ڕێکارانەش پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرانی کارەکەوە نەبێت. واتە جیاکاریی تەواو هەبێت لەنێوان دامەزراوە و کەسەکاندا. ئەگەر ئەمە پێناسەی بەدامەزراوەییکردن بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی بە جێگەیاندنی ئەم پێناسەیەی داوە. دەکرێت ئەم هەوڵەش بەهۆی ئەو داواکاریانەوە بێت کە لەدەرەوەی حکومەت ئاراستەی حکومەت دەکرێن. ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی جیهانی، پرۆسەیەکی دوورودرێژە و ئەستەمە بە ئامرازی ئاشتیخوازانە جێبەجێبکرێت. بۆ نموونە بە دامەزراوەییکردن پێویستی بە ئامرازیی سەپاندنی یاسا هەیە. ئەم سەپاندنەش بەردەوامی بە دامەزراوەکە و جێبەجێکردنی یاساکە دەدات و لە راپەراندنی کاری دامەزراوەکاندا دەبێت بە نۆرم.

**63** - ئەگەر ئێمە بڵێین بۆچی هەرێم بەرەو بەدامەزراوەییکردن هەنگاونانێت؟ ئەگەرچی ئەمە پرسیارێکی رەهایە بەڵام دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە بەوەی کە هەرێمی کورستان ئەزموونێکی ئەتۆی لە کاری دامەزراوە و بە دامەزراوەییکردندا نییە. ئەزموونی راستەقینەی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی **1992** دەسپیدەکات. ئەوەی کە پێش ئەم سەردەمە هەبووە تەنیا حوکمی ئۆتۆنۆمی بووە کە ئەنجوومەنی دادوەریی و ئەنجوومەنی شۆڕش لەرێگەی ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە ئەم هەرێمەی بەڕێوەدەبرد. لە سەردەمی ئۆتۆنۆمیدا، خودی دامەزراوەکان سەربەخۆ نەبوون بەڵکوو درێژکراوەی دامەزراوەکانی بەغدا بوون. کەواتە ئێمە کەڵکەبوونی ئەزموونی بەدامەزراوەییکردنمان نەبووە.

**64** - لەدوای ساڵی **2003**، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردن خێرایی زۆرتری بە خۆوە بینیوە. ئەویش هەم بە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، هەم لەمە گرنگتر بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بودجە و داهاتی هەرێمی کوردستانەوە بووە کە بە قەدەر بودجەی هەر دوو وڵاتی سوریا و ئوردن بووە. لە حاڵی حازردا، کورد لە میانەی

پرۆسەی بەدامەزراوەییکردندایە کە ئەمەش کاتی دەوێت. لەوانەیە ئیشکالیەت لە جێبەجێکردنی ڕێسا و ڕێکارەکاندا هەبێت نەک لە خودی ڕێسا و ڕێکارەکاندا. بەواتایەکی تر ئێمە کێشەی ئیندیماجی دامەزراوەکانمان هەیە. ئەم کێشەیەش لە خودی نوخبەی حوکمڕانەوە سەرهەڵدەدات. واتە، نوخبەی حوکمڕان وەکو پێویست یەکانگیر (منسجم) نین. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئیندیماجی دامەزراوەکان دروسکردوە و پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی دواخستووە.

65 - بە بۆچوونی دکتور عومەر نووردەینی، هەرێمی کوردستان خاوەن دامەزراوەیە بەڵام بەدامەزراوەییکردن هەنگاوی پێویستی نەبڕیوە. بۆ خوێندنەوەی هۆکارەکانی لاوازی بەدامەزراوەییبوونی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان سێ هۆکاری سەرەکی هەن:

66 - 1. قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان، دەوڵەتی سەربەخۆ نییە.

67- 2. هەرێمی کوردستان خاوەن دەستوور نییە. کەواتە بنیاتنانی دامەزراوەکان و بەدامەزراوەییکردن لە غیابی نەبوونی سەروەری و دەستووردا ڕووبەڕووی گرفتی جیددی دەبێتەوە.

68 - 3. لە هەرێمی کوردستان مۆدێلی پەیوەندی لەنێوان پارتی سیاسی و دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا جیاوازە. لە وڵاتانی ئەورووپا بۆ نموونە، مێژووی دەزگاسازی هەیە، واتە پێداویستییەکانی حوکمڕانی بوونیان هەبووە و دواتر پارتی سیاسی سەریهەڵداوە. لە هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوە سەرەتا پارتی سیاسی کە پارتێکی شۆڕشگێڕ بووە، سەریهەڵداوە و خۆی وەک دەوڵەت نمایشکردووە و دواتر دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە ناخی پارتە سیاسییەکانەوە لە دایکبوون. تائێستاش پارتە سیاسییەکانی هەریم لەو بڕوایەدان کە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدان و بەمجۆرەش گرفت بۆ دامەزراوەکان و پرۆسەی دەزگاسازی دروسدەکەن. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کە دامەزراوەکان بەهێز نابن ئەگەر پرۆسەی حوکمڕانی لە چوارچێوەی کیانێکی سەقامگیری

خـاوەن سـەرەوەریدا بوونـی نەبێـت.

69 - بـە بـڕوای حوسـێن کوردنـەژاد، چەندیـن خـاڵ هـەن کـە لەمپـەر لەهەمبـەر پرۆسـەی بەدامەزراوەییکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دروسـدەکەن. ڕکابەرێتـی نەرێنـی لەنێـوان پارتـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتاندا پرۆسـەی بـە دامەزراوەییکردنـی دامودەزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتانی لاوازکـردووە و دەسـتێوەردانی دەرەکـی زیادکـردووە. ئەمـەش وایکـردووە لـە مەیدانـی سیاسـیدا خۆمـان خاوەنـی گۆڕەپانـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان نەبین، واتـە لە هەرێمی کوردسـتاندا تەنیـا هێزەکانـی کوردسـتان دەسـەڵاتییان نییـە بەڵکـو هێـزە دەرەکییەکانیـش خـاوەن دەسـەڵاتن. ڕکابەرێتـی نەرێنـی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ناسـەقامگیریی دروسـبێت و هیـچ کـەس لـە داهاتـوو دڵنیـا نەبێـت. بۆیـەش کەمـن ئـەو کەسـانەی کـە ڕازیـبن سـامان و دەسـەڵاتی خۆیـان بخەنەژێـر چاودێـری یاسـاییەوە. چونکـە ئەولەویەتـی یەکەمـی بەدامەزراوەییکـردن بریتییـە لـە کۆکردنـەوەی سـامان و دەسـەڵات لەژێـر چەتـری یاسـادا؛ ئەمـەش ناکرێـت تـا ئـەو کاتـەی کـە نوخبـە و خـاوەن سـەرمایە دڵنیـا نەبـن کـە سـەقامگیری کوردسـتان و قـەوارەی جیوسیاسـی کوردسـتان بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ بەردەوامدەبێـت. لەلایەکـی تـرەوە، بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەی بەدامەزراوەییکـردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ئێمـە تووشـی گرفتـی کوالێتـی هێـزی کار دەبینـەوە، بـەو مانایـەی کـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هێـزی کار ئەزموونێکـی ئەوتـۆی کەڵەکەبـووی نییـە کـە بتوانێـت «هێزێکـی جێبەجێکردنـی ئەرەکـەکان» (task force) دروسـبکات و دەسـت بـە ئەنجامدانـی ئـەم پرۆسـەیە بـکات.

70 - بەبـڕوای هێمـن نامـق، لەمـاوەی ڕابـردوودا هەوڵەکانـی بەدامەزراوەییکردنـی دامـەزراوەکان سـەرکەتوو نەبـوون. سـێ تەحـەدای سـەرەکی لەبـەردەم ئـەم پرۆسـەیەدا هەیـە. تەحـەدای سـەرەکی لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکانی هەرێمـەوە دیـت. لـە هەرێمـی کوردسـتان چونکـە حـزب لـە پێـش بوونـی دامـودەزگاکان سـەریهەڵداوە، کەواتـە خـۆی بـە خـاوەن ئـەم دامودەزگایانـە دەزانێـت. بـۆ نموونـە، حـزب خـۆی بـە خـاوەن

پەرلەمان هەژماردەکات و مەکتەب سیاسی حزب لە سەرووی پەرلەمانەوە دێت. تا ئەو کاتەی نەوەی شاخ و نەوەی شەڕ جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتییان بەدەستەوە بێت، کێشە بۆ پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن دیتەکایەوە. دووەم تەحەدا، تەحەدای مێژوویی یاخود ئەو چارەنووسە خراپەیە کە لە ساڵی 1964ەوە بەرۆکی ئەم هەرێمەی گرتووە و هەرێمی بۆ سەر دوو زۆن دابەشکردووە و ئەم دابەشکارییەش تائێستا بەردەوامە و لە هەر یەک لە زۆنەکاندا، کۆمەڵێک نوخبەی سیاسی باڵادەستن. بۆ نموونە، لەساڵی 2014 بەدوا، سەرەڕای خەرجکردنی بوودجەیەکی زۆر بۆ یەکخستنەوەی 12 لیوای هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کەچی لە 16 ئۆکتۆبەری 2017، هەشت لیوا بە شەو و رۆژێک بەهۆی فەرمانێک لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەوە، لێکهەڵوەشانەوە و سەنگەرەکانیان چۆڵکرد. تەحەدای سێیەم بریتییە لەوەی کە ئێمە دەوڵەت نین و بەو رووداوانەی کە لە بەغدا روودەدەن کاریگەرین. مادەم ئێمە خاوەن سەروەری تەواوی خۆمان نین، سەختە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن لەدەرەوەی چوارچێوەی سەروەریدا ئەنجامبدرێت.

71 - بەگشتی رووداوەکانی ئەم دواییە دەریانخست کە دامەزراوەکان زۆر لاوازن و بوونی پارە ئەم لاوازییەی پەردەپۆش کردووە. لە هەرێمی کوردستاندا لە رووی فعلییەوە تا ئێستا یەک دامەزراوە بوونی نییە کە بتوانێت حوکمی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بکات. لێرەدا دەردەکەوێ کەوا پرۆسەی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەش زۆر سەرکەوتوو نەبووە.

72 - بە کورتی دەتوانین بڵێین کە لەهەرێمی کوردستاندا دامەزراوەکان بوونیان هەیە بەڵام کارا نین و لە ماوەی چووار ساڵی رابردوودا کۆمەڵێک رووداو دەریانخست کە تا هەنووکە لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراوەکان رۆڵی کارا نابینن. کۆمەڵێک لەم رووداوانە بریتین لە: چەند - بەرەکی شەڕ لەدژی داعش. داواکردنی پارتە سیاسییەکان بۆ مامەڵەکردنی حکومەتی بەغدا بە راستەخۆ لەگەڵ پارێزگاکان، داواکردنی هاتنی بودجەی وەزارەتەکان لە بەغداوە بە جودا،

ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر، داخستنی پەرلەمان، درێژخایەن بوونی خۆپێشاندانی مامۆستاکان و بڕینی موچە بە بێ بوونی پشتیوانی یاسایی. ئەمانە ئەزموونی ئەو چوار ساڵەن کەوا باسمان کردن.

73 - ئەنجامگیری:

74 - بەپێی ئەدەبیاتی بەدامەزراوەییکردن کە هاوکات بووە لەگەڵ تویژینەوەکانی تایبەت بە گەشەسەندنی سیاسی، ئەنجامدانی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن پرۆسەیەکی کاتخۆرە. لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، ئابوری، یاسایی، کولتووری و دەروونی هەن کە لەمپەر لەهەمبەر دەزگاسازی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا دروسدەکەن. دەشێ دەسوەردانی دەرەکیش بەمە زیادبکەین. بەڵام کرۆکی کێشەکە، کێشەیەکی ناوخۆییە.

75 - دەکرێ لەرێگەی داڕشتنی دەستووریکی روون، کەمکردنەوەی رۆتینی کارگێڕی، داڕشتنی رێساکانی بەرێوەبردنی دامەزراوەکان جا حکومی بن یان ناحکومی، نەهێشتنی دەستێوردانی سیاسی لەکاروباری بیرۆکراسیدا، پەروەردەکردنی فەرمانبەر لە چۆنیەتی راپەراندنی ئەرکەکانی، پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستاندا خێرا بکەین.

76 - هاوکات لەگەڵ ئەمە پێویستە شێوازی سزا و پاداشت لە جێبەجێکردنی کارەکاندا پەیرەوبکرێت. بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ یەکە ئیدارییەکان و چاودێریکردنی ئەم یەکانە، لەرادەی واستەکاریی و دیاردەکانی خزم - خزمێنەش کەمدەبیتەوە، چونکە کارەکان بە ئاسانی جێبەجێدەکرێن؛ ئەمەش دەبێتە هۆی کارا بوونی سیستەمی بیرۆکراسی و پتەوکردنی بناغەی دامەزراوەکان.

# سەرچاوەکان:

77 -Almond، G، A.، Powell، G، B. (1969) 'The Political System'، in Blondel، J. (ed.) Comparative Government. United Kingdom. pp، 10-14.
78 -Crone، D، K. (1988) 'State، Social Elites، and Government Capacity in Southeast Asia'، World Politics، 40(2)، pp. 252-268.
79 -Glaeser، E، L.، La Porta، R.، Lopez-De-Silanes، F.، Shleifer، A. (2004) 'Do Institutions Cause Growth?'، Journal of Economic Growth، 9(3)، pp. 271-303.
80 - Huntington، S، P. (1965) 'Political Development and Political Decay'، World Politics، 17(3)، pp. 386-430.
81 - Huntington، S، P. (2006) Political Order in Changing Societies، 2nd edn. New Haven and London: Yale University Press.
82 - Khalil، H. M. (2016) The Obstacles to Political Development in the Kurdistan Region، 1992-2014، unpublished PhD. University of Bangor.
83 - Kingsbury، D. (2007) Political Development. United Kingdom: Routledge.
84 - Knight، J. (1992) Institutions and Social Conflict. UK: Cambridge University Press.
85 - Lutzker، M، A. (1982) 'Max Weber and the Analysis of Modern Bureaucratic Organization: Notes Toward a Theory of Appraisal'، American Archivist، 45(2) 1982، PP 119-130.
86 - Nelson، J، N. (1984) 'The Political Economy of Stabilization: Commitment، Capacity، and Public Response'، World Development، 12(10)، pp. 983-1006.
87 - North، D. (1993) ‹Institutions and Credible Commitment›، Journal of Institutional and Theoretical Economics (JITE)، 149(1)، pp. 11-23.
88 - Parsons، T. (1990) ‹Prolegomena to a Theory of Social Institutions›، American

Sociological، 55(3)، pp. 319-333.
89 - Peters، B، G. (1999) Institutional Theory in Political Science: The New Institutionalism. London: Pinter.
90 - Roxborough، I. (1979) Theories of Underdevelopment. London: Macmillan Press.
91 - Weber، M. (1968) Basic Concept in Sociology. Translated by Secher، H، P. London: Lowe and Brydone.
92 - ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان (2013) ‹لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر سیستەمی کارگێڕیی حکوومەتی هەرێمی کوردستا›ن، بڕوانە file:///C:/Users/Hiwa/Downloads/6387eed5-cab1-4867-9787-04317c09422d(1)20%pdf.
93 - چواس حەسەن، دکتورا لە یاسای دەستووری، مامۆستا لە کۆلێژی سیاسەت، زانکۆی سەلاحەدین. ڕێکەوتی گفتوگۆ، 18/8/2018.
94 - حسامەدین گلی، دکتۆرا لە زانستی سیاسەت، مامۆستا لە کۆلێژی سیاسەت، زانکۆی سەلاحەدین. ڕێکەوتی گفتوگۆ، 26/8/2018.
95 - حوسێن کوردنەژاد، بەڕێوەبەری پرۆگرامی توێژینەوەی ئابوریی لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان، ماستەر لە جوگرافیایی ئابوریی، ماستەر لە گەشەپێدانی دیموکراسی. ڕێکەوتی گفتوگۆ 31/8/2018.
96 - زوبێر ڕەسوول، دکتورا لە زانستی سیاسی، توێژەر لە سەنتەری مێری و مامۆستا لە کۆلێژی سیاسەت، زانکۆی سەلاحەدین. ڕێکەوتی گفتوگۆ، 21/8/2018.
97 - عومەر نوورەدینی، دکتۆرا لە زانستی سیاسەت، ئەندامی خولی سێیەی پەرلەمانی کوردستان. ڕێکەوتی گفتوگۆ، 29/8/2018.
98 - عەبدولحەکیم خەسرەو جوزەل، دکتورا لە زانستی سیاسی، مامۆستا لە کۆلێژی سیاسەت، زانکۆی سەلاحەدین. ڕێکەوتی گفتوگۆ، 23/8/2018.
99 - لەیلا ئەمیر، دکتۆرا لە کۆمەڵناسی، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتی گفتوگۆ 24/8/2018.
100 - هێمن نامق جەمیل، دکتۆرا لە زانستی سیاسەت، مامۆستا لە زانکۆی سۆران، بەشی سیاسەت. ڕێکەوتی گفتوگۆ 30/8/2018

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

دۆسیێ چوارە

# جیۆسیاسەتی پەیوەندییەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مرکز دراسات روداو

# جیۆسیاسەتی پەیوەندییەکان

مامەند رۆژە |

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مرکز دراسات روداو

# جیۆسیاسەتی پەیوەندییەکان

مامەند رۆژە |


**پوختە**

پرسی پەیوەندییەکان بۆ کیانێکی وەکوو هەرێمی کوردستان، لەگەڵ فاکتەرێک رووبەرووە کە پێیدەڵێن: جیۆسیاسەت. پێش راپەڕین، بزووتنەوەی رزگاری کوردستان لەگەڵ دەولەتانی جیهان و دراوسێکان وەکوو یەکەی نادەوڵەتی واتە بزاڤی رزگاری نیشتمانی پەیوەندی بەرقەراردەکرد. لەدوای راپەڕین و دوای دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەدنییەکان بەشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکەیەکی دیفاکتۆدا پێشکەوتن. لە 2003 و چەسپینی فیدراڵیەتی عێراق، هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر و جیهانیش وەرچەرخانی بەخۆوە بینیوە. لەگەڵ دەرکەوتنی داعش رەهەندی جیهانی بەخۆوە بینیوە و بە گشتپرسیش بەرەو گۆشەگیری و پاش گشتپرسیش سەرلەنوێ بەرەو کرانەوە دەکشێت.


کلیلوشەکان: جیۆسیاسەت، پەیوەندییەکانی دەرەوە، یەکەی نادەوڵەتی، جیۆسیاسەتی میللەتی بێدەوڵەت، سەروەری نیوەچڵ و سەروەری کامڵ...

# پێشەکی

هەرێمی کوردستان یەکەیەکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی فیدراڵییەتی عێراقە. بە فەرمار (ڕەسمی) فیدراڵییە، بەکردار زیاتریشە. لەگەڵ ئەمەش بەشێک لە خاک و خەڵکی لەدۆخی داگیرکراویدا ماوەتەوە. هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە چوارچیوەی دەوڵەتی عێراقدا ناوچەیەکی فیدراڵی فەرمییە، بەڵام بەکردار لەپێش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەردا مامەڵەی نیوەدەوڵەت و هەندێک جاریش مامەڵەی دەوڵەتی لەگەڵ کراوە. بەمەشەوە کۆمەڵێک کۆتوبەندی جیۆسیاسی و سۆسیۆلۆژیای ناوخۆیی هەر لەسەرەتاوە هەتاوەکوو ئەمڕۆش گرفتی ساختاری گەورەیان بۆی ناوەتەوە و تائیستاش ناتوانێ ئەم کۆسپانە دەربازبکات.

ئەم یەکەیە کەوا کیانێکی فەرمیشە، لەدوای 2003وە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروپشت پێشخستووە. لەم قۆناغەدا هەوڵدراوە لەڕووی ساختارییەوە پەیوەندییەکان پێشبخرێن. بۆیە ژێرخانی پویستیشی بۆ دانراوە کەوا خۆی لە دانانی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان لە وڵاتاندا بینیوەتەوە و لەولاشەوە دەوڵەتان بەفەرمی دەیان نوێنەرێتی و کۆنسوڵخانەیان لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە. لەبەر ئەمە هەوڵدراوە لەباتی نوێنەرێتی حزبی کە پێشتر لە بەشێکی زۆر لە وڵاتان باو بووە، نوێنەرێتی حکومەت بکرێتەوە. بەڵام دواتر دەرکەوت کەوا ئەم ساختارە و ئەم ژێرخانە تۆکمە نییە. بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی قەیرانەکاندا یەکسەر بۆ مەرجەعە حزبییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. کۆنسوڵخانەی دەولەتانیش پێگەکەیان بۆ باڵوێزخانە بەرزنەکردووەتەوە.

ڕووداوە دڵتەزێنەکانی 16 ئۆکتۆبەر ڕووبەڕووی گەلێک پرسیاری کردینەوە. یەکێک لەو پرسیارانەش ئەمە بووە: ئایا بەراستی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی

دەرەوەی بەمانـای کەلیمەکـە هەیـە یـان نـا؟ ئەگـەر هەیـە بـۆ چـی دەوڵەتـان لـە **25** ئەیلوولـدا هەڵوێسـتی نەرێنییـان هەبـوو؟ وەڵامدۆزینـەوە بـۆ ئـەم پرسـیارە گەلێـک گریمانـە لـە بەردەمماندا رادەخـات. گرنگترینیشـیان ئەمەیـە: هـەم هەیـە و هەم نیشـیەتی! واتــە: پەیوەنــدی فەرمــی لەگــەڵ وڵاتــان هەیــە و وڵاتانیــش بەفەرمـی کۆنسـوڵخانەیان کردووەتـەوە و دانیـان پێدانـاوە. بـەڵام بەکـردەوە ئـەم پەیوەندییانـە بـۆ ئـەو ئاسـتە بەرزنەبوونەتـەوە کـەوا ئـەم دەوڵەتانـە لـە ئەنجامـی هـەر بڕیارێکـی سـتراتیژیدا کـەوا هەرێمـی کوردسـتان بیـدات، ڕێـز لـە ئەنجامەکانـی بگـرن وەکـوو زۆربـەی ئـەو دەوڵەتـە تـازە دامەزراوانـەی کـەوا لـە **20** سـاڵی رابـردوودا جـاڕدراون و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ڕێـزی لـە ئیرادەیـان گرتـووە و دانـی بـە سـەربەخۆییاندا نـاوە. کەوابـوو لێـرە کۆسـپێکی شـێرگیر هەیـە!

لێـرەدا پرسـیاری ئـەم پەڕەیـە ئەمەیـە: گەلـۆ چـی هۆکارێـک هەیـە پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ دەوڵەتـان و دەزگا نێودەوڵەتییـەکان بـۆ ئاسـتی ڕێزگرتـن لـە ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان بەرزنابێتـەوە کـەوا خـۆی لـە مافـی چارەیخۆنووسـیندا دەبینێتـەوە؟ گریمانـەی ئێمـەش ئەوەیـە کـەوا: ئـەو هـۆکارەی کـەوا لـە پشـت ئـەم پرسـەوە خەوتـووە و ناهێڵـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ڕێـز لـە خواسـت و ئیـرادەی هەرێمـی کوردسـتان بگـرێ، راسـتەوخۆ لەنـاو جیۆسیاسـەتی کوردسـتاندا خـۆی مەڵاسـداوە. بەشـێکی کەمیشـی بـۆ سۆسـیۆلۆژیای کۆمەڵگـەی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە.

# کوردستان: جیۆسیاسەتی میللەتی بێدەوڵەت یان نیوەدەوڵەت؟

پرسی سیاسەتی دەرەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێگەی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژییەوە هەیە. لەڕووی میتۆدۆلۆژیشەوە خوێندنەوەی جیۆسیاسی بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر بەپێی تیۆری جیۆپۆلیتیکی کەمینەکان دەستەبەردەبێت. کەمینە لەبەرانبەر زۆرینە واتای خۆی وەردەگرێت. لەگەڵێك کۆمەڵگەی شاری، گوندی، مەزهەبی و ئەتنیدا کەمینە خۆی بەگوێرەی زۆرینە پێناسەدەکات. کەمینە هەڵگری سیفەتی زمانی، نەتەوەیی و مەزهەبییە کە ناسنامەی خۆی بەپێی دەوروپشتی پێناسەدەکات. کەمینە گەلێك جار لەلایەن دەوروپشتی باڵادەستەوە لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەوە پەراوێزدەخرێ و ئەمەش لەڕووی مافناسییەوە دۆخێکی تایبەتی پێدەبەخشێت (حافڤ نیا، اصول و مفاهیم ژئوپۆلیتیک، 1390، و -91 92).

کەمینەکان بەدوو شێوە لەتوێی قاڵبێکی گەورەتری وەك وڵات، شار یان کۆمەڵگە و میللەتدا جێدەگرن:

**یەکەم**، کەمینەی خاوەن سەرزەمینن. ئەمانە جگە لە جیاوازی زمان و فەرهەنگ خاوەن خاکی تایبەت بەخۆشیانن، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی جیاوازەوە سەر خاك و دەسەڵاتی وڵاتێکی دیتر خراون (Suat İlhan Jeopolitik Duyarlılık. 1989.48). ئەمجۆرە لە کەمینە ئەگەر ببنە خاوەن کێش و پێگەی جیۆسیاسی، بەشێوەیەك کە کێشی جیۆسیاسیان لە زۆرینە نزیکببێتەوە و خودئاگایی ناوخۆییان بەهێزببێ، ئەوە هەستی خۆسەری، سەروەری و سەربەخۆیی سیاسیان لا بەرجەستەدەبێت (Faruk Sönmezoğlu.Uluslararası İl-işkilere Giriş 2015.208).

**دووەم**، کەمینەی پەراکەندەن کە سەرزەمینی تایبەت بەخۆیان نییە و لەناو جوگرافیای زۆرینەدا وەك دوورگەی

پەرتوبـڵاو وان و قووڵایـی دیموگرافـی و جوگرافییـان نییـە.
بەهـا تایبەتـەکان هەسـتی یەکپارچەیـی لای کەمینـەکان دروسـدەکەن. هەروەهـا پەیوەنـدی کەمینـە – زۆرینـە وەنەبـێ تەنهـا لـە ناوخـۆی یـەك وڵاتـدا بـێ، بەڵکـوو لەسـەر ئاسـتی جیهانـی ئـەم پەیوەندییـە لـە تروپکـی قۆچکـەی هێزەکانـەوە بـۆ خـواری خـوارەوە شـۆڕدەبێتەوە. بـۆ نموونـە خەڵکانـی یـەك دیـن لەنێـوان خۆیانـدا کەمینـە و زۆرینەیان هەیە. شـیعەکان لەبەرانبەر سـوننەکان کەمینـەن. پرۆتسـتان لەبەرانبـەر کاتۆلیـك کەمینـەن. گرووپێکـی ئەتنـی لەنـاو گرووپێکـی گەورەتـردا کەمینەیـە. پێوانـەی سـەرەکی لـە پەیوەندییەکانـی کەمینـە – زۆرینـە چـی محەلـی بێ، چـی نیشـتمانی، چـی هەرێمـی و چـی سـەرووهەرێمی، کێشـی جیۆسیاسـی کەمینـە لەئاسـت زۆرینـە دیاریـدەکات (حافـظ نیـا، اصـول و مفاهیـم ژئوپۆلیتیـک، 1390، -91 92).
لـەرووی کردەییـەوە ئەمـە بـەو واتایـە دێ ئەگـەر کەمینـە لـەرووی ژمـارەوە خـۆی لـە زۆرینـە لاوازتـر ببینـێ، ئـەوە هەوڵـی بەرەنگاربوونـەوە نـادا بەڵکـوو هەوڵـدەدا لەگەڵـی بگونجێـت. لەحاڵەتێکـی پێچەوانـەدا ئەگـەر کەمینـەی لاواز سـتراتیژی بەرەنگاربوونـەوەی زۆرینـە هەڵبژێـرێ، ئـەوە لەلایـەن زۆرینـەی بەهێـزەوە تەفروتونادەکرێـت. گەلێـك کوشـتار و پاکتـاوی نـەژادی لەئەنجامـی پەیوەنـدی نەیارانـە لەنێـوان زۆرینـە و کەمینـەدا هاتۆتەکایـەوە. لەحاڵەتێکـدا کەمینە کێشـی جیۆسیاسـی لە کێشـی جیۆسیاسـی زۆرینـە نزیـك بـێ، ئـەوە خودبـاوەڕی زیاتـر دەبـێ و لەمـەوە داواکاری مافـی هاوڵاتیـی، مافـی ئەتنـی، خۆسـەری، سـەروەری سیاسـی و سـەربەخۆیی پێشـدەخات (الکسـندر مرفـی، تـراژدی منازعـات بینابینـی، ماهنامـەی گفتوگـو1383، 170).
کێشـی جیۆسیاسـی هـەردوولای کەمینـە و زۆرینـە جـۆری پەیوەندییەکانیـان یەکلادەکاتـەوە. ئەگـەر زۆرینـە مـل بـە خواسـتەکانی کەمینـە بـدا، ئـەوە دۆخێکـی جیـاواز دەخولقێـت. خـۆ ئەگـەر بێـتو ملـی پێنـەدا، ئـەوە لەئاسـت یەکتری، سـتراتیژی ڕووبەڕووبوونـەوە دەگرنەبـەر. جـاری واش هەیـە پشـتیوانییەکانی هێـزی سـێیەم بـۆ یەکیـان تای تـەرازووی هاوکێشـەکە دەگۆڕێـت. پەیوەندییەکانـی کەمینـە تەنهـا لەگـەڵ زۆرینـە یەکلاکـەرەوە

نییـە، بەڵكـوو لەنـاو یـەك یەكـەی جیۆسیاسـیدا جـاری وایـە دوو كەمینــە بەپێــی مۆدێلــی هــاوكاری یــان نەیــاری رووبــەرووی یەكـتر دەبنـەوە. نموونـەی وا هەیـە دوو كەمینـە كێشـمەكێشـی مێژوویـان لەگـەڵ یـەك هەیـە. بۆیـە كەمینـەی یەكـەم پشـتیوانی لـە زۆرینـە دەكا و لـە ئەنجامـدا كەمینـەی دووەم لەنێوان فشـاری دووسـەرەی زۆرینـە و كەمینـەی یەكەمدا دەپەسـتێورێت(Kenan Erzurumlu. 21.Yüzyılında Türk Cihan Hakimyetinin Jeopolitiği. 2013.15-16).

بـۆ نموونــە لــە ئێــران دوو گەلــی تــورك و كــورد لەئاســت فـارس كەمینەتـرن. بـەڵام هەمیشـە بەهـۆی فاكتـەری هاوبەشـی مەزهەبــەوە ئازەربایجانییــەكان وەك كەمینــەی یەكــەم لەگــەڵ زۆرینــە یەكیانگرتــووە و كەمینــەی دووەم واتــە كوردەكانیــان تێكشــكاندووە. ئەمــە لەكاتێكدایــە ئەگــەر هــەردوو كەمینــەی یەكــەم و دووەم لەئاســت زۆرینــە یەكیانبگرتایــە، ئــەوە كــۆی هاوكێشــەكەیان بەراوەژوودەكــردەوە. یاخــود لــە عێــراق شــیعە زۆرینەیـە كەچـی پێشـتر ژێردەسـتەی سـوننە بـوون. بـەڵام لەدوای 2003 لەبـەر ئـەوەی خۆفـی دیكتاتۆریەتـی سـوننە گرتبوونـی و لـە زیندووبوونـەوەی دەترسـان، جۆرێـك لـە یەككرتـن لەنێـوان شـیعە و كـورد هاتەكایـەوە و ئەمـەش سـوننەكانی لاوازكـرد. واتـە كەمینـەی كـورد لەگـەڵ زۆرینـەی شـیعە یەكیگـرت. ئەگـەر هەیـە ئەمجـارە هــەردوو كەمینــەی كــوردی ســوننە و عەرەبــی ســوننە لەئاســت ســەرەڕۆیی شــیعەدا بوەســتنەوە ئەگــەر كێشــەكانیان چارســەرنەبێت.

پەیوەندییەكانــی كەمینــە دوو مۆدێلــی هەیــە: مۆدێلــی پەیوەنــدی لەگــەڵ زۆرینــە ـ مۆدێلــی پەیوەنــدی لەگــەڵ كەمینەكانـی دەوروپشـتی. وێنـای دەرەكـی ئـەم پەیوەندییانـە لـە رەفتـاری یەكخـوازی یـان جوداخوازیـدا خـۆی دەنوێنێـت. كۆكـی و ناكۆكـی، جەنـگ و ئاشـتی وێنـای دەرەكـی ئـەم رەفتارانـەن( كاریـن ا. منغسـت – ایفـان م.اریغـون، مبانـی العلاقـات الدولیـە، 194 - 195 ).

جیۆپۆلیتیكــی كەمینــەكان یــەك لــە رشــتە لاوەكییەكانــی زانســتی جیۆپۆلیتیكایــە كــە لەتوێــی توێژینــەوەی كەمینــەكان

بەتایبـەت کەمینـەی خـاوەن جوگرافیـا، پەیکەرناسـی و زیانناسـیی دەخاتـەڕوو. هەروەهـا جیۆپۆلیتیکـی کەمینـەکان لـە مۆدێلـی پەیوەندییەکانـی کەمینـە لەگـەڵ زۆرینـە یاخـود کەمینـە لەگـەڵ کەمینـە دەکۆڵێتـەوە و ڕەفتـاری سیاسـییان شـیدەکاتەوە. لـە ڕۆڵـی ئـەم ڕەفتـارە لـە سیاسـەتی دەوڵەتـەکان و سیاسـەتی نێودەوڵەتیـش دەکۆڵێتـەوە.

لێـرە ڕەنگبـێ قۆسـتنەوەی جیۆپۆلیتیکـی کەمینـەکان زۆر ئامانجەکـە نەپێکـێ، بـەڵام ئەگـەری هەیـە ئـەم نـاوەی خـوارەوە کـە دایدەهێنیـن زیاتـر لەگـەڵ خواسـتی ئـەم لاپەڕەیـەدا بێتـەوە: جیۆپۆلیتیکـی میللەتـە بێدەوڵەتـەکان. گەلێکجـار لەنـاو وڵاتێکـدا دوو- سـێ میللـەت پێکەوەدەژیـن(Ahemt Davutoğlu. Küre-sel Bunalım. 2002.175). لـەڕووی ژمارەشـەوە جیاوازییەکـی ئەوتۆیـان لەگـەڵ یـەك نییـە، بـەڵام نەتـەوەی باڵادەسـت تەنهـا لەبـەر ئـەوەی ئامڕازەکانـی بەرهەمهێنانـی هێـزی بەدەسـتەوەیە، گرووپـە نەتەوەییەکانـی دیـتر بـە کەمینـە وەسـفدەکات. ئـەم ناونانـی کەمینەیـە زیاتـر لـەوەی ناونانێکی زانسـتی بـێ، ناونانێکی سیاسـییە. ئێمـە پێمانوایـە زاراوەی جیۆپۆلیتیکـی میللەتـە بێدەوڵەتـەکان بـۆ دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان تارادەیەکـی زۆر مانـای خـۆی دەپێکێـت.

دەتوانیـن ئـەم پێناسـەیە بـۆ جیۆپۆلیتیکـی میللەتـە بێدەوڵەتـەکان بخەینـەڕوو: جیۆپۆلیتیکـی میللەتـە بێدەوڵەتـەکان لـە دۆخـی دیمۆسیاسـی و جیۆسیاسـی ئـەو میللەتانـە دەکۆڵێتـەوە کـەوا خـاوەن خـاك و خەڵکـن، بـەڵام لـە پێکەوەنانـی سـەروەری سیاسـی و قـەوارەی تایبـەت بەخۆیـان بێبەشـکراون.

بەپێـی جیۆپۆلیتیکـی میللەتـە بێدەوڵەتـەکان، گەلـی کـورد لـە عێـراق کەمینـە نییـە، بەڵکـوو نەتەوەیەکـی سـەرەکی عێراقـە کـە لـەدوای 1992 بەشـیوەی دیفاکتـۆ و لـەدوای 2003 وە بەشـیوەی دیجـۆر دەسـتی بـە بنیاتنانـی قـەوارەی سیاسـی تایبـەت بەخـۆی کـردووە. ئـەم نەتەوەیـە خـاوەن خـاك، خەڵـك و بزاڤـی سیاسـیی و لەمەشـەوە ئیـدارەی تایبـەت بەخۆیەتـی کـە هەرسـێکیان لـە پایەکانـی پێکەوەنانـی قـەوارەی سیاسـین. هەرێمـی کوردسـتان لـەڕووی جیۆسیاسـییەوە پێگەیەکـی گرنگـی هەیـە کـە دوو

رەهەنـدی قارەیـی و دوو رەهەنـدی ناوچەیـی لەخۆیـدا کۆدەکاتـەوە. دوو رەهەنـدە قارەییەکـە بریتیـن لـە:

• هێڵـی رووکاری باکـوور – باشـوور، سـتێپەکانی ئۆراسـیا لـە قەفقـازەوە بەسـەر کوردسـتاندا بـە کەنـداو دەبەستێـتەوە.

• هێڵـی دووەم لـە رووکاری خۆرهـەڵات – خۆرئـاوا، جـادەدەی ئاوریشـمی نـوێ لـە ئاسـیاوە بەسـەر کوردسـتاندا بـە تورکیـا و عێـراق و شـام و لەوێشـەوە بـە ئەورووپـا دەگەیەنێـت.

لەبـاری ناوچەییشـەوە پێگـەی جیۆسیاسـی کوردسـتان، ئـەم چەنـد تایبەتمەندییـە لەخۆدەگرێـت:

• لـە رووکاری باکـوور – باشـوورەوە کوردسـتان، ناوچـەی قەفقاز بـە کەنـداو دەگەیەنێت.

• لـە رووکاری خۆرهـەڵات – خۆرئـاواوە کوردسـتان، بانـی ئێـران بـە بیابانـی عەرەبـی و ئاسـیای بچـووك دەبەستێـتەوە.

•لـە رووکاری ژێرناوچەییـەوە کوردسـتان ئازەربایجـان، ئەرمەنسـتان، میزۆپۆتامیـا و لوڕسـتان پێکـەوە گرێـدەدەدات.

بەپێـی دواهـەم پێوانـەکان، رووبـەری هەرێمـی کوردسـتان بەشـێوەی رێژەیـی **78736** کـم دووجایـە کـە دەکاتـە زیاتـر لـە **18%** سـەرجەمی رووپیـوی عیـراق. هەروەهـا رێـژەی دانیشـتوانی کوردسـتان لـە عیـراق لـە حـەوت ملیـۆن کـەس نزیکدەبێتـەوە. ئەمـە بێلـە ژمـارەی کـوردە فەیلـی و لـوڕەکان کـە لـە ناوچەکانـی بەغـدا، دیوانییـە، کـووت و عەمـارەدا لـە عەلـی شـەرقی، عەلـی غەربـی، بـەدرە و زورباتییـە دەژیـن! لـەوە واوەتـر هەرێمـی کوردسـتان، خـاوەن سـەرچاوەی مرۆیـی دەوڵەمەندیشـە و کۆمەڵگەیەکـی ئامۆشـتەی هەیـە. لەبـەر ئەمـە هەندێـك لـە پسـپۆڕانی زانسـتی سیاسـی پێیانوایـە هەرێمـی کوردسـتان، هـەم هیزێکـی رەقـە و هـەم هێزێکـی نەرمـە کـە ئەمەیـش لـە سـامانی کولتـووری و شارسـتانی تۆکمـەی کوردسـتانەوە هەڵدەقوڵێـت (مامەنـد رۆژە، پێغەمـی جیۆپۆلیتیـکا، **2012**، **589** – **590**).

بەپێـی ئـەو تایبەتمەندییانـەی لەسـەرەوە باسـکران، ئێسـتا هەرێمـی کوردسـتان هێزێکـی جیۆسیاسـی نیوەدەوڵەتـی هەیـە کـە بەپێـی میتـۆدی جیۆپۆلیتیکـی میللەتـە بێدەوڵەتەکانیـش ناخوێندرێتـەوە، بەڵکـوو پێگەکـەی لەنێـوان دەوڵـەت و یەکـەی

نەتەوەی بێدەوڵەتدا پۆلێندەکرێت. هەرێمی کوردستان وەکوو یەکەیەکی نیوەدەوڵەت، کاریگەری جیۆستراتیژی باڵای هەیە و هەر هەوڵدانێکی بۆ سەروەری، کاریگەری لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. بۆیە هێزە جیهانییەکان و هێزە ناوچەییەکان لەگەڵ سەربەخۆبوونیدا نین و بەرپەرچیدەدەنەوە. ئەم یەکەیە دەتوانێ بەئاسانی خۆی بخزێنێتە ناو هاوکێشە ستراتیژییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (ستیفن د.تانسی، نایجل جاکسون، اساسیات علم السیاسیە، دمشق، 2016، 149 - 71 و 223).

بەپێی ئەم تیۆرییە، هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی هەیە لەسەر ئاستی سەرووناوچەیی و ناوچەیی پەیوەندییەکانی پێشبخات. بەڵام ئەم پەیوەندییانە هێڵێکی سووریشی هەیە کەو ئەویش ئەمەیە: دەوڵەتانی زلهێزی سەرووناوچەیی و ناوچەیی مامەڵەی نیوەدەوڵەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەمە یەک پێشمەرجی هەیە کەوا لە پەرژینی خۆی نەترازێ و داوای سەروەری کامڵ و سەربەخۆیی نەکات. ئەگەر کردیشی ئەوە هەموویان یان پشتی تێدەکەن یاخود هاوشێوەی دۆخی 16 ئۆکتۆبەر گەمارۆیدەدەن، لەپەلوپۆی دەخەن و دواجاریش ئەگەر بۆیان بلوێ، لەناوەوە دووکەرتی دەکەن.

بۆیە پێگەی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان، ڕێی پێنادا لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا داوای ئەوە بکات هێزەکان وەکوو دەوڵەت دانوستانی لەگەڵ بکەن. ئەوان پەرژینێکیان بۆ ئەم هەرێمە دروستکردووە و نایانەوێ ئەم پەرژینە ببەزێنێت. ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردستان ئەم پەرژینەی بەزاند، ئەوە یارانی پشتی تێدەکەن، نەیارانیشی گەرمارۆیدەدەن و بڕستی لێدەبڕن و ئاست و ڕاددەی هەڕەشەکان ئەوەندە بەرزدەکەنەوە، سەرەنجام ناچاریدەکەن پاشەکشێ بکات و مل بە خواستی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان بدات یاخود لەناوەوە لەتیدەکەن و ڕووبەڕووی جەنگ و تەشقەڵەی ناوخۆیی دەکەنەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە گەلۆ چی ئەم پەرژینەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندووە؟ لە بڕگەی دواتردا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدۆزینەوە.

## هۆکار: پێگەی جیۆسیاسی یان سۆسیۆلۆژیا؟

لە چوار ساڵی رابردوو و پێش ئەوەش هەرێمی کوردستان هەم لەرووی سەرخان و هەم لەرووی ژێرخانەوە کاری لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە دەرکییەکان کردووە. بۆ یەکەمجار لەدوای ساڵی 2003وە، دەیان دەوڵەت کۆنسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر کردەوە. هەندێکیشیان لە سلێمانی ئەم هەنگاوەیان ناوە. هەروەها لەو ماوەیەدا هەرێمی کوردستانیش فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەفەرمی دامەزراندووە کەوا تارادەیەک رۆڵی وەزارەتی دەرەوەی گێڕاوە. ئەم فەرمانگەیە سەرپەرشتی کردنەوەی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستانی لە وڵاتان کردووە. جگە لەوەش کاری لەسەر کردنەوەی کۆنسوڵگەری ولاتان لە کوردستان کردووە و لەم بوارەشدا تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە.

هەتاوەکوو ساڵی 2013 سەردەمی زێڕینی ئەم پەیوەندییانە بووە. لەساڵی 2014 کاتێک داعش لە عێراق سەریهەڵداوە، لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەشێک لەم وەبەرهێنانە ئەنجامی خۆی داوەتەوە. کاتێک داعش بەتەمابوو پەلاماری هەولێر بدات، باراک ئۆباما دەسبەجێ فەرمانی تێسرەواندنی ئاسمانی داعش و پاراستنی هەرێمی کوردستانی دەرکردووە. لێرەوە دەردەکەوێ کەوا ئەم پشتیوانییە لەرووی ستراتیژییەوە هەرێمی کوردستانی پاراستووە. کەوابوو ئاسایشی هەرێمی کوردستان تارادەیەکی زۆر بە پارامەتری سەرووهەرێمی و جیهانییەوە بەندە. هەرچەند ئەمریکا سەرەتا بەبیانووی ئەوەی کۆنسوڵگەری وڵاتەکەی لە هەولێر لە مەترسیدایە ئەم کارەی کردووە، بەڵام دواتر بەفەرمی

داعشــی وەکــوو هەڕەشــەی ســتراتیژی بــۆ ســەر ئاسایشــی وڵاتــە یەکگرتــووەکان ناســاندووە.

لەراســتیدا گەلێــک هــۆکاری ئاشــکرا و نهێنــی لەپشــت هاوکارییە ســەربازییەکانی ئەمریــکا بــۆ هەرێمــی کوردســتانەوەن. یــەک لــەم هۆکارانــە پێگــەی جیۆسیاســی هەرێمــی کوردســتانە. هەرێمــی کوردســتان هارتلانــدی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. هەرێمی کوردســتان لەناوجەرگــەی چــوار دەوڵەتــی ســەرەکی باکــووری خۆرهەڵاتــی ناوەراســتدا هەڵکەوتــووە. لــەوە واوەتریــش هەرێمــی کوردســتان خــۆی ناوەنــدی کورســتانە و هەمــوو بەشــەکانی تــری کوردســتان پێکــەوە دەبەســتێتەوە. هەرێمــی کوردســتان لەلایەکــەوە لەگــەڵ ئێــران، لەلایەکــەوە لەگــەڵ تورکیــا، لەلایەکــەوە لەگــەڵ ســوریا و لەلایەکــی تریشــەوە لەگــەڵ عیــراق هاوســنوورە (هەرچەنــد بەفەرمــی لەنــاو ســنوورەکانی کۆمــاری عێراقــدا هەڵکەوتــووە).

لەلایەکیشــەوە هەرێمــی کوردســتان ناوەنــدی کوردســتانە. بەتایبــەت کەرتــی باکــووری هەرێمــی کوردســتان، لــە ســێ ڕەهەنــدەوە کاریگــەری ســتراتیژی لەســەر پارچەکانــی تــری کوردســتان هەیــە. ئــەم ســێ ڕەهەنــدەش بریتیــن لــە: ڕەهەنــدی جیۆسیاســی، ڕەهەنــدی جیۆئابــووری و ڕەهەنــدی جیۆکولتــووری.

**ڕەهەنــدی جیۆسیاســی:** کەرتــی باکــووری هەرێمــی کوردســتان لەلایــەک لەگــەڵ باکــووری کوردســتان و لێرەشــەوە لەگــەڵ تورکیــا هاوســنوورە. لەلایەکیــش لەگــەڵ خۆرهەڵاتــی کوردســتان و لەوێشــەوە لەگــەڵ ئێــران ســنووری هاوبەشــی هەیــە. لەلایەکیشــەوە لەگــەڵ خۆرئــاوای کوردســتان و لەوێشــەوە لەگــەڵ ســوریا هاوســنوورە. لــەلای خوارووشــەوە لەگــەڵ کەرتــی خــوارووی هەرێمــی کوردســتان و لەوێشــەوە لەگــەڵ عێــراق هاوســنوورە. بەمجــۆرە کەرتــی باکــووری هەرێمــی کوردســتان هەمــوو پارچەکانــی کوردســتان بەیەکــەوە دەبەســتێتەوە.

**ڕەهەنــدی جیۆئابــووری:** کەرتــی باکــووری هەرێمــی کوردســتان لــەرووی هایدرۆسیاســەتەوە ناوەنــدی هەرێمەکەیــە چونکــە زۆربــەی ســەرچاوەکانی ئــاو لــەم دەڤــەرەوە بــەرەو خــوارەوە دەکشــێن. هەروەهــا لــەرووی هایدرۆکاربــۆن و ســامانە سروشتییەکانیشــەوە بــە ناوەنــد هەژماردەکرێــت، چونکە بەشــێکی

زۆر لە سامانی نەوت و گازی سروشتی لەم ناوچەیەدا هەڵکەوتووە. لەوە واوەتر هەر سێ دەروازە سنوورییە ستراتیژییەکەی هەرێمی کوردستان واتە ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ تورکیا، حاجی هۆمەران لەگەڵ ئێران و فشخابوور لەگەڵ سوریا لەم ناوچەیەدا هەڵکەوتوون.

**ڕەهەندی جیۆکولتووری:** کەرتی سەرووی هەرێمی کوردستان لەرووی جیۆکولتووریشەوە ناوەندی کوردستانە، چونکە لەناوجەرگەی میراتی جیۆکولتووری میرنشینەکانی بۆتان، بەهدینان، سۆران، موکریان و تەنانەت بابانیشدا هەڵکەوتووە. هەر کەرتی سەرووی هەرێمی کوردستان، سێ شەپۆلی جیۆکولتووری شارستانی ئێرانی، شارستانی عەرەبی و شارستانی تورکیا بەیەک دەگەیەنێت.

ئەم تایبەتمەندییانە پێگەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت کەرتی سەرووی تۆکمەدەکەن. ئەمەش کاریگەری جۆربەجۆری لەسەر هاوکێشە ستراتیژییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەجێدەهێڵێت. لەگەڵ ئەمەش هەرێمی کوردستان لەچاو پارچەکانی تر پێگەکەی شکێنۆکە. لەبەر ئەوەی هیچ دەروویەکی دەریایی و وشکانی لەدەرەوەی سنوورەکانی ئەو چوار دەوڵەتەدا نییە کەوا کوردستان لەنێوانیاندا دابەشکراوە. ئەمەش هەمیشە بەتایبەت لە دۆخە هەستیار و یەکلاکەرەوەکاندا بەسەریدا دەشکێتەوە. گەلێکجار باجی ئەم پێگە شکێنۆکە جیۆسیاسییەی دەدات. بۆیە لەکاتی بڕیاری گشتپرسیدا وەبەرهێنانی چەندین ساڵەی لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئەنجامی پێویستی نەبووە.

لەساڵی 2014 کاتێک داعش پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا، پێگەی کەرتی سەرووی وایکرد کەوا زلهێزەکان بڕیاری ستراتیژی بۆ پاراستنی دەربکەن. گەلۆ هۆکاری ئەم پشتگیرییە چیی بووە؟ ئایا هونەری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان خۆیەتی یاخود پێگەکەی وایکردووە زلهێزەکان بەتایبەت ئەمریکا لەسەری وەدەنگ بێت؟ لە وەڵامدا دەشێ بگوترێ بەشێکی ئەم پشتیوانییە بۆ سروشتی داعش دەگەڕێتەوە کە ئەگەر بهاتایە و هەرێمی کوردستانی داگیربکردایە بۆ خۆی

دەبووەی سەرچاوەی هەڕەشەی ستراتیژی تازە بۆ ئەمریکا و خۆرئاوا. بەشێکیشی بۆ ڕێکخستنی سەرخان و ژێرخانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. بەشێکیشی بۆ بایەخی جیۆستراتیژی پێگەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەمەش دوو هۆکاری هەن:

یەکەم - هەرێمی کوردستان لەناوجەرگەی چوار دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە. واتە لەرێی کوردستانەوە دەکرێ ئەم دەوڵەتانە تەرازوو بکرێن.

دووەم - هەرێمی کوردستان لە بەرزاییەکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە کەوا دەتوانێ بۆ ئاسایشی ستراتیژی ئیسرائیل ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت.

بۆیە دەرکەوتنی داعش پێگەی ستراتیژی هەرێمی کوردستانی چەند قاتێک زیادکردووە. ئەم دیاردەیە هەرێمی کوردستانی لەناو هاوپەیمانی دژەتیرۆر بەتایبەت هاوپەیمانی دژەداعشدا جێگیرکردووە. هەرچەند خودی هەرێمی کوردستان لەرووی پرۆتۆکۆلییەوە لە هاوپەیمانییەکەدا تەرەف نییە بەڵام لە بەشێکیدا وەکوو تەرەف و تەنانەت وەکوو دەوڵەتی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بەڵام ئەمە هەتا ئەو کاتە بووە کەوا داعش هەڕەشەیەکی زیندوو بووە. کاتێک داعش زەبری ستراتیژی بەرکەوت و لەگەڵێک ناوچە پاکدەکرێتەوە، بەرە - بەرە عێراق پێگەکەی بۆ هاوپەیمانان دەدرەوشێتەوە. ئەمەش وایکردووە کەوا ئەم هێزانە لەکاتی ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەردا بێهەڵوێستی و بێلایەنی بنوێنن. گەلۆ هۆکاری ئەمە چییە؟

هۆکاری ئەمە دیارە: یەکەم - لە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەتا ئەم ساتەش، دەوڵەتی نەتەوەیی بە بنەماوەردەگیرێ نەوەک یەکەی میللەتی بێدەوڵەت و یاخود یەکەی نادەوڵەتی هەرێمێکی فەرمی لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. بۆیە کاتێک هەڕەشەکانی داعش کۆتاییان پێدێت، هێزە نێودەوڵەتییەکان و دامودەزگا نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتی نەتەوەیی بەبنەما وەردەگرن کەو ئەویش لەم حاڵەتەدا عێراقە. کەوابوو هەتا ئێستاش عێراق بەلای ئەو هێزانەوە

گرنگـترە هەتاوەکـوو کوردسـتان.

دووەم - پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان بەشـێوەیەکە ئەگـەر بێتـو بلـەرزێ یاخـود بـەرەو سـەربەخۆیی بـترازێ، ئـەوە تەونـی جیۆسیاسـی باکـووری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەبەریـەک هەڵدەوەشـێنێت. شـیرازەی سـتراتیژی دەوڵەتـی نەتەوەیی سـاختە لـە ناوچەکـە لەبەریـەک دەتـرازێ و لەگـەڵ پسـانی ئاڵقەکانـی ئـەم زنجیـرەدا، کـۆی زنجیـری جیۆسـتراتیژی ناوچەکـە هەتـا باڵـکان، لەوێشـەوە هەتـا قەفقـاز و لەوێشـەوە هەتاوەکـوو خەلیـج لەبەریـەک دەپسـێت.

ئـا لەبـەر ئەمەیـە کـەوا هاوپەیمانانـی کـورد لەکاتـی دۆزی یەکلاکـەرەوەی کوردسـتاندا پشـتیوانی لێناکـەن. ئـەم دەوڵەتانـە نایانـەوێ بەهـۆی هەرێمـی کوردسـتانەوە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ تورکیـا، عێـراق، تەنانـەت هەندێکیشـیان ئێـران، خەلیـج و بەگشـتی لەگـەڵ **300** میلیـۆن عـەرەب و لەگـەڵ **250** میلیـۆن تـورک و لەگـەڵ **80** میلیـۆن فـارس تێکبچێـت.

بۆیـە لـە چـوار سـاڵی رابـردوودا ئـەو پەیوەندییـەی کـەوا هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ دەوڵەتانـی ناوچەکـە و لەگـەڵ ئەمریـکا و ولاتانـی یەکێتـی ئەورووپـا و رووسـیا پێکـەوەی نابـوو، ئـەو پەیوەندییـەی کـەوا لەگـەڵ هاوپەیمانـی نێودەڵەتـی رێکیخسـتبوو، ئـەو پەیوەندییـەی کـەوا لەگـەڵ دامـودەزگا نێودەوڵەتییـەکان بەرقـەراری کردبـوو، لـە دۆخـی گشتپرسـیدا بەشـێکی زۆری زیانـی پێگەیشـت. گەلێـک لـەو دەوڵەتانـە بەپێچەوانـەی رێکەوتنـە بەنـاو سـتراتیژییەکان و رێکەوتنـە دەیان سـاڵەکانی وزەش، لـەرووی هەرێمـی کوردسـتاندا وەسـتانەوە و تەنانـەت بوونـە بەشـێک لـە سـتراتیژییەتی جڵەوکردنـی خواسـتی سـەربەخۆیی. بۆیـە هەرێمـی کوردسـتان لـە رۆژانـی پـاش گشتپرسـیدا جارێکـی تـر لەگـەڵ راسـتییەک رووبەرووبـووەوە کـە پێیدەگوترێـت: جیۆسیاسـەت.

## هۆکارەکەش ئەمەیە:

**یەکەم جیۆسیاسەت:** هەرێمی کوردستان تەنها لەگەڵ ئەو چوار دەوڵەتەدا سنووری هاوبەشی هەیە کەوا کوردستانیان دابەشکردووە. سنووری لەگەڵ دەوڵەتێک لەدەرەوەی ئەم بازنەیە نییە. هەروەها سنووری دەریاییشی نییە. لەبەر ئەمە زوو دەکرێ گەمارۆبدرێ و بەزووییش دەکرێ جڵەوبکرێت.

**دووەم سۆسیۆلۆژیا:** هەرێمی کوردستان لەرووی سۆسیۆلۆژیا و لەرووی جیۆکولتووری ناوخۆییەوە دووکەرتە. هەموو کاتێک دەوڵەتان دەتوانن کار لەسەر قەڵشەکانی جیۆسیاسەتی ناوخۆیی بکەن کەوا ریشەیان لەناو جیۆکولتووردا هەیە و وردەناسنامەی محەلی کاریگەری سیاسی دروسدەکات. لێرەوەش بەئاسانی دەکرێ پێش لە پیادەکردنی خواستە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان بگیرێت.

رووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر لەناو ئەم دوو هۆکارەدا خەوتوون. ئەمەش دەریخست تەنانەت دەوڵەتێکی وەکوو تورکیاش لە دۆخی یەکلاکەرەوەدا یەکسەر 180 پلەدا بادەداتەوە و لە فاکتەری دراوسێوە (بەناو هاوبەرژەوەندەوە) بۆ فاکتەری هەرەشەی ستراتیژی وەردەسوورێت. هەندێک لە پسپۆڕان دەڵێن ئەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا کردوویەتی، لەگەڵ ئێران بیکردایە ئێستا 16 ئۆکتۆبەر روویندەدا! ئەمەش گریمانەیەکە بەڵام یەکێک لەو خەسارانەی کەوا 16 ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە، پێشخستنی پەیوەندی تاکرەهەند لەگەڵ دراوسێیەکان بووە. لەمەدا رەچاوی هاوسەنگی ستراتیژی و هاوکێشەی هاومەزهەبی ئێران لەگەڵ قووڵایی شیعەی عێراق نەکراوە، بۆیە ئەو رووداوە نەخوازراوەی لێکەوتەوە.

بەگشتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان تائیستاش گیرۆدە و دیلی دەستی دوو پارامەترن کەوا پێیاندەڵێن: جیۆسیاسەت و سۆسیۆلۆژیای ناوخۆیی.

# سەرچاوەکان


- دكتر محمد رضا حافظ نيا، اصول و مفاهيم ژئوپۆليتيک، انتشارات پاپلی، مشهد، 1392.
- الكسندر مرفی، تراژدی منازعات بينابينی، ماهنامەی گفتوگو، ترجمه: امير مهريار، سال سوم، شماره 13، 1383.
- مامەند رۆژە، پێغەمی جیۆپۆلیتیکا، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، 2012.
- كارين ا. منغست – ايفان م.اريغون، مباني العلاقات الدولية، ترجمة: حسام الدين خضور، مصادر قوة في الدولة.
- ستيفن د.تانسی، نايجل جاكسون، اساسيات علم السياسية، نقلة الى العربية: د.محيی الدين حميدي، دارالفرقد، دمشق، 2016.

- . Suat İlhan. Jeopolitik Duyarlılık. Ötüken. İstanbul. 1989.
- . Faruk Sönmezoğlu- Hakan Güneş- Erhan keleşoğlu. Uluslararası İlişkilere Giriş. Der Yayinlari. İstanbul. 2015.
- Dr. Kenan Erzurumlu. 21.Yüzyılında Türk Cihan Hakimyetinin Jeopolitiği. Bilgeoğuz Yayinlari. Mart 2013. İstanbul.
- Ahemt Ateş. Uluslararası Politika. Dora Yayinlari. Bursa. 2013.